# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد


2015

بەرگی یەکەم

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە گرامشی

وەرگێڕانی:
ئەرسەلان حەسەن

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (62)

# تیۆرە گشتییەکانی
# مارکسیزم لای گرامشی

لیۆناردۆ پیگی
لە فارسیەوە: ئەرسەلان حەسەن

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی

I

ئەنتۆنی گرامشی لە ڕوانگەی ئاکەکەسی مێژووی ڕووناکبیری خۆراوا ڕیزپەڕێکە و ئاکە بیرمەندە، هەموو تەمەنی بە قازانجی هزری خۆی لە گرتوخانە بەڕێکرد و لەم ڕوانگەیەوە سەختترین ژیانی لە ناوە ئاشناکانی کەلتوری خۆرئاوای ئەزمون کرد، ئەم شێوازە دەگمەنەی بیرکردنەوە لەلایەک هاوکاری کرد پەنجە لەسەر ئەو خاڵانە دابنێ کە زۆربەی بیرمەندانی ئەو قۆناغە لێی بێ ئاگابوون. بیروباوەڕی باو دەربارەی گرامشی، وەک دەقێکی تیۆری مارکسیستی خۆرئاوا دەی ناسێت و بە سەرنجدان بە پێشینەی خەباتی سیاسی و قۆناغی دوورو درێژی گرتوخانە، ئەم بۆچوونە ساویلکانەو سەر زارەکیش هاوڕای ڕوانینێکی وایە کە دەکرێ بە سیمبۆلی توندڕەوی بزوتنەوەی چەپی بزانی، بەڵام ڕوانینێکی سەرپێیانە بۆ بەرهەمەکانی گرتوخانەی، بنەمای ئەم پێشگریمانانە ڕاستەکانەوەو لای دەبات، کە بەناوی کتێبۆکەکانی زیندان بڵاوبۆتەوە.

گرنگترین تایبەتمەندی گرامشی، بە ڕێکەوت پێچەوانەی هاوهزرانی بەشی بەرچاوی تیۆرەکانی لە هەناوی خەڵک و لە خەباتی ڕاستەوخۆی سیاسی و گرفتاری جەماوەر، لە گۆشەگیری حەتمی، گۆشەیەکی ژووری گرتوخانەکەی نوسی و تاکۆتایی تەمەنی بە تۆپزی مـەودای ڕەوتی گەرماوگەرمی سیاسی و فکری پاراست، هەمان ((مەودا))ی دەربڕی سروشتی

بنەڕەتی گرامشی، لە زۆربەی بیرمەندانی سەردەمی خۆی جیای دەکاتەوە. مەودایەک کەوتە نێوان ئەو و خەڵکانێک کە هەموو تیۆرەکانی بۆ تەرخان کردبوون، کەلێنێکی قوڵی کردە تیۆرەکانی گرامشی.

گرامشی زۆربەی بابەتەکانی دەربارەی ژیان و گیانەکان و داهاتووی کەسانێک نوسی کە نەیدەتوانی لە نزیکەوە بیانبینێ و بیاندوێنێ و هەمان مەودا بە قەدەرا بۆشایی تیۆرەکانیەتی کە گونجان و پێوەلکانی ناهێڵێت و دەبێتە کۆسپی بەردەم بوونی بە سیستەمێکی گونجاو. فۆرمی پەرت و بڵاو پارچەی نارێک و هەندێجار ئاڵۆزی کتێبۆکەکانی گرتوخانەی بەڵگەیەکی دیکەی بوونی کەلێنە لە ناخی هزرەکانی گرامشی و لاوازی لە ڕێسادان بە هزرەکانی و داپۆشینی ئەم کەلێنەیە بە هۆ، بەڵام بوونی ئەم کەلێنە نەک خاڵی لاوازی کاری گرامشی نییە، بەڵکو بە ڕێکەوت شتێکە، سروشتی ڕادیکاڵ دەداتە تیۆرەکانی گرامشی. ڕادیکاڵیزمی فەلسەفەی گرامشی ڕێک لە هەمان مەودای تێنەپەڕی، هەمان بۆشایی نێوان خۆی و بابەتی ڕامان، دێتە ئارا، کە دەکرێ ناوی بنێی ((کۆمەڵانی خەڵک)).

ئەم مەودایە ڕێی بە گرامشی دا لە شیکارە شەپۆلاوی و ڕواڵەتی و دروشم دانی زۆربەی تری هاوسەردەمانی خۆی دوور بکەوێتەوە پەنجە لەسەر ئەو خاڵانە دابنێت لەو سەردەمەدا بایەخییان بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات، کە درەوشانەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر پۆشەری دینی بارودۆخی سۆڤیەتی دەیەی بیست، پاشان بووە قۆناغی کۆتایی (ترمیدۆر)ی ستالین، کە پێشتر لەسەر تەرمی بۆرژوازی کردبوویانە شایی لۆغان، بۆ هەلومەرجی واقعی گرنگیان بە جیهانی ڕاستی نەدەدا لە خۆڕا نییە، کە نزیکترین بیرمەندانی گرامشی بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و بە تایبەت بنیامین، نزیکەی 10 ساڵ دوای مردنی دەرکەوتن، لەسەردەمێکدا کە زۆربەی شوروشەوقەکان نەمابوو هێشتا ئەوروپا شوێنەواری یەکەم جەنگی جیهانی پێوە دیاربوو، خۆی بۆ دووەم کارەساتی گەورەی سەدە ئامادە دەکرد، قسە زلەکانی

بیرمەندانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کتومت ڕاکانی گرامشین.

ئەم تایبەتمەندیە نەخوازراوەی ژیانی گرامشی وادەکات هزرەکانی ڕۆچێتە لایەنێکی خوارترەوە و لە بری دروشم دان و گیرۆدە بوون لە داوی گوڕوتینی دڵ ناسکی، سەرنج لە ڕاڤە بنەڕەتی و هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری خەڵک بداو هەمانشت کە هەنوکە، جگە لە هزری مارکسیستی لە تیۆری کەلتوریش کەسایەتیەکی جێ سەرنجە. ڕەنگە گرامشی یەکەم بیرمەندەی مارکسیست بێ کە هۆگری چیرۆکە فۆلکلۆریەکان، شانۆی مۆدێرن، ڕۆژنامەی زەردو ڕەونەقەکانی تری ژیانی ڕۆژانەیەو کتێبی زۆر فرۆشی عاشقانەو پۆلیسی دەخوێنێتەوەو هەوڵدەدا بزانێ چ شتێکیان ئەوەندە بۆ خەڵکی ئاسایی سەرنجڕاکێشە. لەم ڕوانگەیە دەکرێ نزیکترین بیرمەند لە گرامشی ناوبنێی واڵتەر بنیامین. بنیامینیش وەک گرامشی ئاوڕ لەو بابەتانە دەداتەوە کە ئەوێ ڕۆژێ شرۆڤەیان مانایەکی ئەوتۆی نەبوو. هێشتا خوێندنەوە مارکسیستیەکانی لە نمای سەرەکی کەلتوری وتارەکانی وەک ((بەرهەمی هونەری....)) و ((دەربارەی هەندێک ناوەڕۆک و دەستکەوتەکانی شیعری بۆدلێر))، ڕەسەن و کارایە.

II

لەلایەکی تر، دەکرێ بە کورتە بەراوردێکی نێوان ڕاکانی بنیامین دەربارەی بۆدلێرو ڕای گرامشی لە مەڕ پیراندلۆ، بە باشی هەست بە لێکچوونی هەردووکیان بکەی. بنیامین لە لێکۆڵینەوەی شیعری بۆدلێر، دوای بەکاربردنی دەروون شیکاری فرۆیدی و چەمکی ڕاچڵەکێنەر، پاڵدەداتە گرامشی کە چەمکی حەشامات دەخاتە ڕوو.

بنیامین ئاوڕی لە مەسەلەی گرنگی بوونی جەماوەری خەڵک لەسەدەی نۆزدە داوەتەوەو لەم ڕوانگەیەوە، ڤیکتۆر هۆگۆ بە سەرەتای سەرهەڵدانی شێوازی نوێی پاڵەوان و دوێنەران دەزانێت، لەگەڵ هۆگۆیە کە بێ نەوایان، کرێکاران، دەریاوانان و کەسانی تر لە مەیدانەکە ئامادەو گەورە دەبن کە تا

ئەو ڕۆژە بە گرنگ نەدەزانران، لە ڕوانگەی بنیامینەوە ئامادەیی جەماوەری خەڵک لە شیعری بۆدلێر هێندە تۆخە کە نابینرێت: ((بە ڕادەیەک جەماوەر ببوونە بەشێک لە بۆدلێر کە بە دەگمەن دەتوانی لە بەرهەمەکانی وەسفیان بدۆزیەوە.)) (دەربارەی هەندێک ناوەڕۆک و دەستکەوتی شیعری بۆدلێر، واڵتەر بنیامین، مراد فەرهاد پور، ئەرغەنون 12) لە ڕاستیدا خاڵی بە هێزی شیعری بۆدلێرە کە هیچ وەسفێکی ڕاستەوخۆی پاریس یان قەرەباڵغی هەراو زەنای شاری تێدا بەرچاو ناکەوێت، بۆدلێر لەوە سەرکەوتووە کە بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە وێنایەکی ورد لە جەماوەری قەرەباڵغ و ونبوونی شاعیر لە ناویاندا ئاڕاستە دەکات. قەرەباڵغی لە بری بابەتێک بۆ بیرکردنەوەو تاریفکردن، گۆڕینی بۆ مۆتیڤی بنەڕەتی شیعری بۆدلێر دەبێت، بە ڕاستی قەرەباڵغییە کە شیعری بۆدلێر پێشدەخات و بنیامین زێدەڕۆیی ناکات کە دەڵێ: ((جەماوەری قەرەباڵغ هێندەی ڕووبەند لەراوە بوو، کە بۆدلێر بە هۆیەوە پاریسی دەدیت)).

ئەنیۆنیۆ گرامشی، پێش ئەوەی دەست بە چالاکی سیاسیەکەی بکات، لە ساڵەکانی 1915 تا 1920 لە گۆڤاری ئەڤانتی، پێشکەوتوترین گۆڤاری ڕەخنەی شانۆ لە ئیتاڵیا، ڕەخنەگری شانۆ بوو. گەرچی وتارەکانی زیاتر دەربارەی نواندنی ئەو کاتەی شانۆکانی ئیتاڵیا بوو، وتاری بنەماییتر و شێلگیرتری بڵاوبۆتەوە کە ڕەنگە بتوانی گرنگترییان کۆمەڵێک وتاری دەربارەی لویجی پیراندلۆ، شانۆنامەنوسی گەورەی ئیتاڵی بزانی. جەختکردنەوەی سەرەکی گرامشی لە شانۆنامەی ((لیولا))یە، دەقێکە تێیدا جوتیاران و وەرزێرەکان دژی داوای ئاغاکان دەوەستنەوە. گەرچی پیراندلۆ هەمووشتێک بە تەوس سازدەکات و لەم ڕووەوە جێ ڕەخنەی گرامشیە، بەڵام لە پێوانە بە مانتسۆنی، گرامشی لە هێنانە مەیدانی جوتیاران و کەم خوێندەواران تاریفی ئازایەتیەکەی دەکات.

جوتیاران لە دەقی پیراندلۆ، بوونەوەری سوک و پێشتر خۆ بە دەستەوەدەر نین. تەنزی پیراندلۆ هاوئاهەنگی پەیوەندی بۆرژواو جوتیاران لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت و پەراوێزی ئەمینی ئاغاکان لە بەین دەبات، ئیدی بڕیارەکانی ئاغا موو بەموو جێبەجێ ناکرێ و ئاسودەیی چینێک دەشوێنێت کە ئاغا بەشێکیەتی. دیارە گرامشی لەگەڵ جیهانی تاریک و بێ جوڵەی پیراندلۆ کێشەی زۆرە، کە هیچ ئومێدێک بە باشتر بوونی دۆخی هەبوو وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵام گرنگترین خاڵێک کە پێگەی پیرانداۆ تا ئەو ئاستە بەرز دەکاتەوە هەمان ئازایەتی شانۆنامەنوسی ئیتاڵیە، لە شێواندنی ئاسودەیی ئاکاری و دەروونی هەر دوو چین.

III

لە کۆتایی سەدەی بیست، لە ڕوانگەی پەیوەندی سیاسەت و کەلتور بارودۆخی جۆری مرۆڤایەتی دەربارەی سەردەمی گرامشی بە گشتی هەڵگەڕایەوە. سەردەمی گرامشی سەردەمی سیاسەت و گروپی بەرچاوی ڕووناکبیران و بە پەیڕەوی ئەوان خەڵک، بە تایبەت لە وڵاتانی خۆراوابوو. مارکسیزم لینیزم بەگێڕانەوەی ڕوسیە، ئایدۆلۆژی زۆربەی ڕووناکبیرانی ئەم سەردەمە بوو لە ڕوانگەی کۆمەڵێک کە خۆیان بە نوێنەری ئەم ئایدلۆژیە دەزانی، کەلتورێک بڕیاری شکستی بە سەردا درابوو کە لە خزمەت بەرەوپێشبردنی ئامانجی سیاسی حزبدا نەبێت.

سەرهەڵدانی دادایـزم لە هەمان دەیەکانی بەرایی سەدەی بیست بۆخۆی بەڵگەی ئاشکرایە بۆ ئەم بارودۆخە. دادایزم هونەرێکی تەواو سیاسییەو گرنگیەتی لە مێژووی هونەر وەک نمونەیەکی هونەری ڕەخنەگرتن پارێزراوە. خودی بەرهەمی هونەری لە دادایزمدا هیچ بەهایەکی نییە، فۆرم و ناوەڕۆک لە ڕوانگەی دادایزمەکان خۆڕازاندنەوەیەو هونەری ڕەسەن وەک نمونە بە تەنیشت یەکەوە ڕیز کردنی بە ڕێکەوت، قسەی ڕۆژنامەکان دێتە دی. پڕۆسەیەکە دوا قسە لە دادایزمدا دەکات کە بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەم

دەبڕدرێت، نەک بەرهەمێک کە دواجار ئەفرێنراوە، بۆ وێنە دەربارەی شیعرێک کە بە بڕدراوی ڕۆژنامە دەنوسرێت، بۆ خۆی پرۆسەی بەرهەم هێنانی دەق بەشێوازی بڕینی وشەی ڕۆژنامەو ڕیزکردنی بە ڕێکەوتیان بە تەنیشت یەکەوە گرنگە، نەک دەرەنجامێک کە بە دوایدا دێت. هەرچۆنێک بێت بەرهەمی دادایزمەکان بێ لە زەین گرتنی پەیامەکەیان بەهای تایبەتی نییە، قسەیەک بە ڕێکەوت ڕیزکراو بۆ سەردەمی ئێمە هیچ پاساوێک نابێت، کە بۆ بارودۆخی سەردەمی خۆیان ڕەخنەگرتنی سیاسی بوو. نمونەی دادایزم بە باشی پیشانی دەدا کە چۆن هەر شێوازێکی هونەری، سەرکوت و سیاسەت لە قەڵەویان بەرەو داڕووخان دەبرێت، لە هەلومەرجێکی وادا گرامشی بەگژ ئەم شێوەی داڕووخانی سیاسی ئەو سەردەمەدا دێتەوەو ناوبژیوانی کەلتوری بۆ بیرکردنەوە لە سیاسەت بەرجەستە دەکات، کە بۆخۆی پەیکەری زاڵی ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە و تاکێکی تەواو سیاسییە.

بەڵام گێڕانەوەی سەردەمی ئێمە تاوەژووە. دوای شەپۆلی سیاسەتی هەمەلایەنەی کۆمەڵگاکانی خۆرئاوا لە دەیەی هەشتا، کە تاتچەر لە بەریتانیاو ڕێگن لە ئەمەریکا سیمبۆلەکانی بوون و تاقیبەت بە پاشەکشەی سۆڤیەت و تاک جەمسەری لێکەوتەوە. دەورێک کەلتور لە کۆتایی سەدە گرتیەمل کە سیاسەت لە بەرایی سەدە دەیبینی، لە کۆمەڵگای خۆرئاوای داماڵراو لە سیاسەت، وردە وردە گەشە و هەژموونی بە سەر هەموو تشێکدا کرد و لەم ناوەدا بە تایبەت هەمە گیری سەتەلایت و قەوارەی سەرسامکەری سواوی، ئادرنۆو هۆرکهایمەر پێش نیو سەدە لە ((دیالەکتیکی ڕۆشنگەری)) پێشبینیان کردبوو لە هەموو ڕوانگەیەکەوە هێنایەدی، کە تێیدا قوڵپدەدا. بەرهەم هێنانی چڕی جۆرو بەشی فیلمەکان لە کۆتایی سەدەی بیست کە هیچ جیاوازیەکیان نییە، بە تایبەت میوزیکی پێست ڕەشەکان و گۆرانبێژانی ڕاپ و تەکنۆ گەیشتە ژمارەیەکی باوەڕ پێ نەکراو ژمارەی کەناڵەکانی سەتەلایت هێواش هێواش نەدەژمێردرا، کە شەو و ڕۆژ ئەم کاڵا کەلتوریە دوبارەیە دەرخواردی خەڵک دەدەن.

کەلتور هەمان پێگەی داگیرکرد کە سیاسەت لە بەرایی سەدە داگیری کردبوو، کەلتور ئەوەندە قەڵەو هەمەگیر بوو، هەموو شتێکی کۆنترۆڵکرد و وەک دیکتاتۆری ڕۆمانی ((پاییزی باوک سالار))ی مارکیز، لە قەڵەویان خەریکبوو بتەقێ. دەورێک کە دادایزم وەک ڕەوتێکی کەلتوری سیاسەت (نەک سیاسی) لە بەرایی سەدەی بیستەم هەیبوو، تیۆرەکانی کۆتایی مێژووی فۆکۆیامای وەک تیۆرێکی سیاسی کەلتور (نەک کەلتوری) لە کۆتایی سەدەی بیست بینی. تیۆرەکەی فۆکۆیاما زیاتر لە تیۆرێکی سیاسی واقعبینانەی فیلمێکی هۆلیۆدی دەچێت، فۆکۆیاما لە سەردەمێک باسی کۆتایی مێژوو هەمەگیری هەمەلایەنەی لیبرالیزم دەکات و تیۆرێک ئاراستە دەکات کە لە بێزاری دووربوون لە هەلومەرجی بە ئاگایی جیهان پێکەنیناوی بە زەین دەگات، کە دەکرێ بگوترێ ئەمەریکا یەکێ لە ئایینیترین قۆناغی مێژووی بەڕێ دەکات. سەردەمی ئێمە پێویستی بەو فەیلەسوفانەیە هەمانکار بە کەلتور بکەن کە گرامشی بە سیاسەتی کرد: تیۆری ڕادیکاڵی سەردەمی ئێمە تیۆرگەلێکە کە بە ناوبژیوانی سیاسەت بیر لە کەلتور دەکاتەوەو دەکۆشێت هەژمونی کەلتوری بە سەر تەواوی کاروباری ژیانی مرۆڤایەتیدا بباتە ژێر پرسیارەوە.

# ئاشنابوون بە ئەنتۆنیۆ گرامشی

گرامشی له تیۆرسێنه بەرچاوەکانی مارکسیزمی هیگڵیە و لە 22ی ژانویەی 1891 لە پارێزگای کالیاری دوورگەی ساردنی ئیتاڵیا لە دایکبووە، لە حەوت منداڵ چوارەم منداڵی فرانسیسکۆ گرامشی و جۆزپینا مارشیاس بوو. قەت ئەنتۆنیۆ پەیوەندی بە باوکییەوە نزیک نەبوو، بەڵام هۆگری و عەشقێکی زۆری بۆ دایکی پیشاندەدا دایکی چیرۆکی بۆ دەگێڕایەوە کە لە داهاتوو کاریگەری لە هزری ئەنتۆنیۆدا مایەوە، لە شەش خوشک و برا، ئەنتۆنیۆ هەستی دەکرد زیاتر لە ترزینا نزیکە، هەروەها پەیوەندی سۆزداری گونجاوی لەگەڵ جنارۆی برا گەورەی و کارلۆی برا گچکەی هەبوو، پاشان جنارۆ دەوری گرنگی لە ئاشنابوونی ئەنتۆنیۆ بە سۆسیالیزمەوە هەبوو.

ساڵی 1911 ساڵێکی گرنگ بوو لە ژیانی گرامشی لاودا. دوای تەواوکردنی خوێندن لە قوتابخانەی کالیاری، داوای بەهای خوێندنی لە زانکۆی تۆرین کرد کە ڕەزامەندیان لەسەر دەربڕی. لەم نێوەندا کەسانی لاوی دیکەی وەک پالمیرۆ و تولیاتی، سکرتێری گشتی ئایندەی حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیاو چەند کەس لە بەرپرسانی بە توانای حزبیش دەبینران. ئەنتۆنیۆ ناوی خۆی لە کۆلێژی ئاداب نوسی، لە زانکۆ دوای ئەوەی لە ژانویەی 1921 کەلێنێک کەوتە حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا، ئەنجلۆ تاسکاو چەند پیاوێکی ناسی، کەلە یەکەم خەباتی حزبی سۆسیالیستی ئیتاڵیا هاوخەباتیان بوو.

بە هۆی باش نەبوونی خواردنی زانکۆ و زۆر ماندوبوونی مێشکی، ئەنتۆنیۆ لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کێشکرایە بەشی پسپۆڕی تری وەک زمان ناسی و زانستی کۆمەڵایەتی. زۆربەی کاتەکانی لە زانکۆ بە سەر

دەبرد، لە زانکۆ پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی ناسراو هەبوو لە وانە ماتیۆ بارتۆلی، زمانناس و ئەمیرتۆ کاسما، تویژەرەوەی دانتی. سەرهەڵدانی شۆڕشی بەڵشەفیک لە ئۆکتۆبەری 1917، ئارەزوی شۆڕشگێڕی تێدا بزواند. ئەنتۆنیۆ زیاتر ئاشنای میتۆدو ئامانجەکانی بەرپرسانی شۆڕشی ڕوسیەو هۆکاری گۆڕینی سۆسیالیزم لە جیهانی سەرمایەداری پێشکەوتوو ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بوو. گرامشی لە بەهاری 1919 لەگەڵ ئەنجیلۆ تاسکا، ئێمبرتۆ تراچنی و تالیانی گۆڤاری یاسای نوێ (گۆڤاری هەفتانەی کەلتوری سۆسیالیست)ی دەرکرد. ئەم گۆڤارە لە بەراییدا هەفتانە، پاشان بە دوو مانگ جارێک بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە نێوان ڕادیکاڵەکان و شۆڕشگێڕە ئیتاڵیەکان بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارە ڕەوتی سیاسی و ئەدەبی لە ئەوروپا، ڕوسیە و ئەمەریکا شرۆڤە دەکرد. گرامشی دوای چەند ساڵێک زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ خەباتی ڕۆژنامەگەری تەرخانکرد. لە ژانویەی 1921 لە کۆنگرەی حزبەکانی لۆرینۆ، ئەنتۆنیۆ، بووە نوێنەری کەمینە کۆمۆنیستیەکانی ناو حزبی سۆسیالیستی ئیتاڵیا.

بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا، بەڵام بە تەنیا دەوری بەرپرسیەتی نەدەبینی. لە بەرایی جوڵانەوەی فاشیست، ئەنتۆنیۆ لە ناو نوێنەرانی چەپی ئیتاڵیا کەسێکی ناسراو بوو. پێشبینی چەند ڕووداوێکی سیاسی کردبوو هۆشداری دابوو، کە ئەگەر لە بەرامبەر سەرهەڵدانی جوڵانەوەی مۆسۆلینی یەک نەگرن، سۆسیالیزم و دیموکراسی ئیتاڵیا بە شێوەیەکی کارەساتبار شکست دێنێت.

ساڵەکانی 1926 – 1921 کە گرامشی وەک ساڵەکانی ئاگرو ئاسن باسی دەکات، ساڵەکانی سیخناخ لە کارەسات بوون. گرامشی لە مەی 1922 تا نۆڤەمبەری 1923 وەک نوێنەری ئیتالیا بانگهێشتی کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی کرا، لە ئۆروێلی 1924 بە نوێنەری ئەنجومەن هەڵبژێردراو بووە سکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا. ژیانی کەسی ئەنتۆنیۆ بە ئەزمونی

گرنگی دیاریکرا. لە کۆبونەوەیەکی گرنگی کۆمۆنیستی نێونەتەوەیی لە ڕوسیە جۆلیا شەوکەتی ناسی، ئاواز خوێن و ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ڕوسیە و سەرەنجام زەماوەندی لەگەڵ کرد. ئەنتۆنیۆ و جۆلیا دوو کوڕیان هەبوو، دلییۆ (1981 – 1924)، جۆلیانۆ کە لە ساڵی 1926 لە دایکبوو.

گرامشی لە بەرەبەیانی نۆڤەمبەری 1923 لە ڕۆما گیراو بەپێی «یاسای ڕیزپەڕی» ئەنجومەنی فاشیستی ئیتاڵیا بە تاوانبار ناسراو ڕەوانەی زیندانی کویلی کرا. ئەم دەستپێکە 10 ساڵ ماوەی حەپسی بوو.

ئەنتۆنیۆ لەم ساڵانە لە ڕوانگەی جەستەیی تەواوو لەڕولاواز ببوو. لە 20ی ئۆروێلی 1927 توشی جەڵتەی مێشک بوو، بەڵام ئەم نەخۆشییە دەرەقەتی نەهات. گرامشی ساڵانێک ئەم نەخۆشیەی هەبوو لە گرتوخانە وەک پێویست چارەسەری بۆ نەکرا. ژیانی زۆر ناخۆش هەبوو، بەڵام ئەنتۆنیۆ تا لە گرتوخانە مایەوە ورەی خۆی پاراستوو بە نوسینەکانی ناو گرتوخانەی سەرکەوتنێکی زۆری دەستەبەر کردووە، کە بە ئاشکرا دوای جەنگی جیهانی دووەم، دەرکەوتن.

ئەنتۆنیۆ لە زیندانەوە نامەی بۆ هاوڕێکانی و بە تایبەت بۆ ئەندامانی خێزانەکەی دەنوسی. نوسینە گرنگەکانی خۆی بۆ ژن خوشکەکەی، تاتیانا شەوکەت دەنارد. تاتیانا ژنێکی زۆر جێی باوەڕ بوو، ماوەیەک کە ئەنتۆنیۆ لە ڕۆما گیرا بوو، تاتیانا نەک تەنیا بۆ ئەنتۆنیۆ جلوبەرگ، خواردن و دەرمانی پزیشکی دابین دەکرد، بەڵکو لەگەڵی کەوتە ئاڵوگۆڕی هزری و ئەنتۆنیۆی لە ڕەوتی ڕووداو مەسەلەی ڕۆژانە ئاگادار دەکردەوە.

گرامشی لە 4ی ژویەنی 1928 دوای بە تاوانبار ناسرانی بڕیاری 20 ساڵ و 4 مانگ و 5 ڕۆژ گیرانی بە سەردا درا، لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا گوازرایەوە بۆ گرتوخانەی تۆرین. زۆربەی کاتی گیرانی لەوێ بەڕێکرد (لە ژویەنی 1928 تا نۆڤەمبەری 1932.)، پاشان لە ژێر چاودێری پۆلیسی ئیتاڵیا لە نەخۆشخانەیەکی فۆرمیا خەوێنرا.

لە ساڵی 1933، دایکی گرامشی مرد. لەم ساڵەدا گیرابوو. سەرەنجام ئەنتۆنیۆ گرامشی لە 27ی ئۆروێلی 1937 بەهۆی کوێرەوەری زیندان و سەختی نەخۆشیەکەی بە درێژایی تەمەنی، لە گرتوخانەدا مرد.

ئەو ساڵانەی کە ئەنتۆنیۆ لە زیندان بوو سـەرەڕای تاتیانا کە لە هەموو دەرفەتێکدا سەردانی دەکرد، خوشکەکانی ترێزیناو گرازیتاو هاوڕێ خۆشەویستەکەی پی یەرۆ سەرافای ئابوریزان پێویستیە زەروڕیەکانی ئەنتۆنیۆیان دابین دەکرد. سەرافا پەیوەندی جیاجیای بە ئەنتۆنیۆوە هەبوو ئەو کتێب و گۆڤارانەی بۆ گرامشی دەبرد کە داوای دەکردن.

گرامشی مێشکێکی زۆر سەیری هەبوو. لە ڕاستیدا بەبێ کەڵک وەرگرتن لە سەرافاو تاتیانا، ڕەنگە ئەمڕۆ زۆرینەی دەفتەرەکانی گرتوخانە لە بەردەستدا نەبووبان. چالاکییە هزریەکانی گرامشی لە گرتوخانەدا تەنیا چەند ساڵ دوای جەنگی جیهانی دووەم، کاتێک کە یەکەم بەش لە دەفتەرەکانی (نزیکەی 500 نامە) بڵاوکرانەوە، بە ئاشکرا بوونە جێگەی سەرنج.

**بەرهەمەکانی گرامشی**

هەرگیز گرامشی بۆخۆی کتێبێکی بڵاونەکردەوە، نوسینەکانی بێجگە لە «دەفتەری گرتوخانە»، هەموویان وتارن. دەکرێت بەرهەمەکانی گرامشی بەم شێوەیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

1. نوسینەکانی سەردەمی 1914 تا 1916، لەو سەردەمەدا وتارەکانی لە ڕۆژنامەکانی «هـاواری خەڵک»، «بۆ پێشەوە»، «شاری داهاتوو» بە ناونیشانی «یەکەم نوسین» لە ئیتاڵیا بڵاوکراوەتەوە. دیارە وتارەکانی لە ڕۆژنامەی «بۆ پێشەوە» بە جیا بە ناوی «لە ژێر گومبەز» لە 1960 بڵاوکراوەتەوە، هەروەها وتارەکانی لە یاسای نوێ لە کتێبێکدا بە هەمان ناونیشان لە 1954 بڵاوکراوەتەوە، نامەی ناتەواو «چەند کەسایەتیەک لە مەسەلەی باشور» کە یەکەمجار لە 1930 لە پاریس بڵاوکرابۆوە.

2. دەفتەرەکانی زیندان مێژووی ماتریالیزم و فەلسەفەی بندتۆ کروچە 1948 ڕووناکبیران و ڕێکخراوی کەلتور 1949 بێداری میللەتی ئیتاڵیا 1949 یاداشتەکانی دەربارەی ماکیاڤیلی «دەربارەی سیاسەت» و «دەربارەی حکومەتی تازە» 1949 ئەدەبیات و ژیانی نەتەوەیی 1950 ڕابردوو ئێستا 1951.

3. نامەکان کۆمەڵەیەکەی نزیکەی 218 نامەن کەلە سەردەمی گرتوخانە نوسیوونی کۆمەڵێک نامەی ترش هەیە لە نێوان گرامشی و بەرپرسانی داهاتووی حزبی کۆمۆنیستی ئیتاڵیا لە ژێر ناویشانی ((دامەزراندنی گروپی سەرۆکایەتی حزبی کۆمۆنیستی)).

### هزرەکانی گرامشی

گرامشی کاریگەری بیرمەندانی وەک هیگڵ، مارکس و ئەنگڵز، لینین، لۆکزامبۆرگ و ترۆتسکی بە سەرەوە بوو. دیارە بەرهەمەکانی دائیرەت و المعاریفی مارکس زۆرترین کاریگەریان بە سەرەوە هەبوو کە لە مەیدانی سۆسیۆلۆجی سەروترن، لە لایەکی دیکە بەرهەمەکانی «بندتۆ کروچە»ی بیرمەندی ئیتاڵی بە وردی موتاڵا کردووە.

گرامشی بۆخۆی دەڵێت «بە هەمانشێوە کە فەلسەفەی هیگڵ پێشەکی مارکسیزم لە سەدەی نۆزدەو بنەمای شارستانیەتی نوێ بووە، فەلسەفەی کروچەش پێشەکیەک بووە، بۆ مارکسیزمی نوێ و سەردەم و نەبای نەوەی ئێمە.» (فیوەری؛ 133) گرامشی لە ڕوانگەی بۆچوونەوە لە نێروانینی لێکدژ نزکترە «وێنایەک بە شێوەی یەک لە ئێکرا ژێرخان و سەرخانەو ڕەسەنێنی بایەخێکی زۆری بە سەرخان داوە و یاسای واتایی مێژوویی لە پلەی دوو داناوە، کە لە کۆمەڵگا دەیخاتەڕوو». (بشیریە؛ 139) مارکسیزم لە ڕوانگەیەوە ئایدیالیستێکی بێ بنەمای ماتریالیستە کە حزبەکان، دامەزراوەکان و ئایدیۆلۆژی لە خۆ گرتووە. ئێکڕای هزری کۆمەڵگا ئێپەڕەو

ئەوە بە هۆی پەیوەندیەتی بە سەرخانەوە، کەوایە لە ڕوانگەیەوە گرنگترین هۆکاری بزاوت و شۆڕش هۆکارەکانی زەینی و فەلسەفیەو مرۆڤ، لەژێر کاریگەری کروچە بە تاکە یلریزانی سەرەکی مێژوو دادەنرێت.

**هزری وروژێنەری کارەکانیەتی**

گرامشی باوەڕی بە دەرکەوتنی خوێنی تازەیە لە مارکسیزمدا، چونکە «مارکسیزم لە لینینزمدا خەسڵەتی تەواو سیاسی و بە تاڵ لە ڕواڵەتی هۆکاری کەلتوری و ئاکاری بە دەستی هێنابوو، هەرجۆرە کاریگەریەک بۆ هۆکاری کەلتوری و ئاکاری لە ڕوانگەی دیاریکردنی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی ڕەتدەکردەوە». (هەمان؛ 138) بۆیە ئایدیالخوازی مێژوویی کروچە بە پەلامارێکی بەهادار دەزانێ، بۆسەر مارکسیزمی ئامێری لەسەر بنەمای فەلسەفەی سەلمێندراو گەشەکردنی هێواشی، بەمەش پراکسیس دەخاتە بە رامبەر دۆگماوە، کە ڕوانگەیەکی مێژوویی ڕاستەقینەی هەیە.

گرامشی ڕاکانی دەربارەی مارکسیزمی نوێ بەپێی ڕای کروچە بونیاد دەنێت و مێژوخوازی میانڕەوی کروچە، بە تاکە لایەنی ڕاستی کاری سیاسی دەزانێت کە هۆی «پێشکەوتنە»و کامڵبوونی دیالەکتیکی مێژووییە کە «تێز»ەکەی «مانەوە» (ڕابردوو) و (ئەنتی تێز)ەکەی «داهێنان» بێت، سەنتێزی هەردووکییان لە کۆمەڵگای لیبڕاڵ دیموکرات دەردەکەوێت.

بەڵام گرامشی، «مانەوە» یان ڕابردوو بە ئاڵۆز دەزانێ کە ناتوانێت بە دڵی خۆی و بەهۆی تاکێک یان ڕاپەڕینێکی سیاسی ئەنجام بدرێت، چونکە لە مەودوا ڕووبەڕووی مێژووخوازی نابینەوە، بەڵکو پەیوەندیمان بە ئیرادەی ڕەهاو بڕیاری یەکلایەنەی مەیلی تایبەتی سیاسیەوە هەیە. (فیوەری؛ 297) بەمەش گرامشییە بە ڕەتدانەوەی ڕای کروچە کە بە گژداچونەوەی مانەوەو داهێنان هێنانەدی شێوەیەکی ڕیفۆرمخوازییە لە چوارچێوەی حکومەتی موحافیزکارانەی لیبراڵ دەزانێت، باوەڕی وایە

لەبەرامبەر ناوەندی «داهێنان» دوژمن و ڕکابەر «مانەوە»یە، لە ناوچوونی یەکجارەکی لێدەکەوێتەوە. کەسێک ناتوانێت بڵێت کامیان لەم پێکهاتەیەدا دەمێننەوە.

بەمەش مارکسیزم لە ڕوانگەی گرامشی بەبێ لە زەین گرتنی چەمکی فەلسەفەی کروچە لە وەکیەک بوونی مێژوو فەلسەفە شیاو نییە، ئاقیبەت دەبێت «لەو ڕووە هەوڵبدەین، هەمانکار دەربارەی فەلسەفەی کروچە دوبارە بکەینەوە کە تیۆرسێنانی مارکسیزم دەربارەی فەلسەفەی هیگڵ ئەنجامیاندا.

ئەمە تاکە ڕێگەی بەرهەمداری مێژووییە بۆ زیندووکردنەوەی مارکسیزم و هەڵکشانی چەمکەکانی کە بە تۆپزی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بوونەتە باو، بە ڕواڵەتییە کە بتوانی مەسەلە ئاڵۆزترەکانی گەشەی هەنوکە چارەسەر بکەی». (پەری ئەندرسۆن؛ 92) مەسەلەی ناوەندی گرامشی لەم سەردەمەدا چاوپێداخشاندنەوەیەکی تازە بوو بە چینی کرێکار. پێویست بوو بەر لە هەر شتێک دزە بکاتە زەینی کەسانێکەوە کە حکومەتیان بەسەردا دەکردن چونکە لە زۆربەی وڵاتان کرێکاران چوبوونە پاڵ فاشیزمەوە، لە ڕوانگەیەوە چینی سەرمایەداری دەزگایەکی بەرهەم هێنانی هزرو کەلتوری هەیە، سەرباری دەسەڵات بە سەر جەماوەری ژێر فەرمانی بە بەرهەم هێنانەوەی ئایدۆلۆژی بۆخۆی جۆرێک زاڵبوون دێنێتەئارا. لێرەدایە کە لە باسی سەرەکی گرامشی حاڵی دەبین. بەڵگەی سەرەکی دەسەڵاتی گرامشی و گرنگیەتی لە خستنەڕووی بۆچوونی زاڵێتی سیاسی شاراوەتەوە، کەڵک وەرگرتنێکی زۆر لەم چەمکە بۆخۆی نیشانەی گرنگیەتی گرامشییە.

چەمکێک چەمکی «هەژمونی»یە، کە لە سەدەی بیست زۆر باو بوو. زۆرجار نوسینی ئەم ڕاڤەیە، دەدرێتە پاڵ گرامشی، بەڵام بۆخۆی نوسەری ئەم چەمکە نییە، زاراوەی هەژمونی یان (گگمۆنیا) یەکەمجار لە نوسینەکانی «پلیخانۆف» باوکی ورەیی سۆسیال دیموکراسی ڕوسیە،

دەرکەوت. (ئەندرسۆن؛ 41)

پلیخانۆف بە ناونیشانی، جەختی لە خەباتی سیاسی چینی کرێکار دژی تزاریزم بە تەنیشت خەباتی ئابووریيان دژی کاربەدەستان دەکردەوە چینی کرێکار لە خەبات دژی ستەم بەهۆی بەهێز نەبوونی بۆرژوازی داواکەشیان لەم خەباتەدا دەخاتە سەرشان. «لینین» لە کتێبی «دەبێ چ بکرێت؟ بە ئاشکراو ڕەهەندی فراوانتر هەژمونێک؟» دەخرێتە ڕوو. بەریەک کەوتنی تێڕوانینی گرامشی و ئەندێشەی هەژمونی بە نۆرەی خۆی پانتاییەکی تازە دێنێتەکایە، بەڵام هەرچۆنێک بێ «هەژمونی» وەک چەمکێکی تیۆری دروستکراوی خۆیەتی. گرامشی لە «دەفتەرەکانی زیندان» هەژمونی لە سێ ئاستدا بە کار دەبرد.

ئاستی یەکەم لەم ئاستەدا بۆ یەکەم بە کاربردنی هەژمونی لە دەفتەرەکان دەگەڕێتەوە، لە پەیوەند بە هاوپەیمانی چینایەتی پڕۆلیتاریا یان گروپە چاوسەوەکان بە تایبەت جوتیاران بەکاری دێناو بە دیهێنانی هەژمونی لە ڕوانگەیەوە پێویستە کە قازانج و گروپەکانی ژێر هەژمونی لە زەین بگیردرێت، بە قسەیەکی دیکە دەبێ گروپی سەرۆکایەتی کەر لە خۆبوردوویی لە جۆری ئابوری و پۆلێنکاری پیشان بدات.

واقعیەتی هەژمونی لەسەر ئەوگریمانەیە وەستاوەتەوە کە دەبێت ئاوڕ لە هۆگری و لایەنگریەکانی ئەو گروپانە بداتەوە، کە دەبێت چینی باڵادەست بە سەریاندا زاڵبێت. بە دیویکی دیکەدا دەبێت گروپەکانی سەرۆکایەتی کەر دەست بە فیداکاری ئابوری و بازرگانی بکەن. هەرچەند هەژمونی ئاکاری سیاسییە، بەڵام دەبێت ئابوریش بێت ، لەسەر دەوری گرنگی گروپی سەرۆکایەتیکەر لە ناوکی گرنگی چالاکییە ئابوریەکان وەستابێتەوە. (دۆمینیک سترنیاتی، 224) کەوایە لەم ئاستەدا گرامشی هەژمونی وەک ڕێنماییکردنی چینی کرێکار بۆ هاوپەیمانانی دەناسێنێت.

ئاستی دووەم، لێرەوە کاری سەرەکی گرامشی دەست پێدەکات.

هەژمونی لەم ئاستەدا بۆ گرامشی واتا ئەم چینە توانیویەتی چینەکانی کۆمەڵگا بۆ قبوڵکردنی بەها ئاکاریەکان، سیاسی و کەلتوری هانبدات، ئەگەر چینی باڵادەست سەرکەوتوو بێت، لانیکەم ئەم کارە پێویستی بە توندوتیژی دەبوو، وەک ڕژێمە لیبراڵە سەرکەوتووەکانی سەدەی نۆزە. (هەمان، 222)

گرامشی لەوباوەڕەدایە، سەروەری گروپێکی کۆمەڵایەتی دوو شێوە هەیە، «دەسەڵات» و «ڕێنمایی هزری و ئاکاری». بەمەش کاتێک چینی باڵادەست بە بەکارهێنانی هێز چینەکانی دیکە لە کۆت ڕزگار بکات، دۆخی «دەسەڵات» لە ئارادایە، بەڵام کە چینی باڵادەست سەروەری خۆی بە شێوەی ڕێنمایی هزری، ئاکاری و ... بسەپێنێت، دۆخی «هەژمونی» لە ئارادایە، لە ڕاستیدا وشەی دەسەڵات لە بەرامبەر وشەی هەژمونییە، لێرەدا لایەنی کەلتوری هەژمونی بەرجەستە دەبێت.

پاش جیاکردنەوەی دەسەڵات و هەژمونی پرسیارێک کە لە بەرهەمەکانی گرامشی دەخرێتەڕوو کە هەرکام لە «دەسەڵات» و «هەژمونی» لە کوێ دەسەپێنرێت؟ وەڵامەکەی گرامشی زۆر گرنگە، چونکە ئەم وەڵامە سەرەڕای بەریەک کەوتنی ئەم پرسیارە وەڵامی پرسیارەکەی دیکەش دەداتەوە؛ جیاوازی کۆمەڵگای ستەمکاری و کۆمەڵگای دیموکراسی چییە؟

گرامشی باوەڕی وایە کە هەژمونی پەیوەندی بە کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتی پەیوەست بە دەوڵەتە.

هەنوکە دەتوانی جیاوازی کۆمەڵگای ستەمکاری و دیموکراسی لە هزرەکانی گرامشی بدۆزیەوە.

کۆمەڵگای مەدەنی لە هزری گرامشی بەرپرسی بەرهەم هێنانی هەژمونییە و دەوڵەت ڕێ پێدراوە توندوتیژی بەکاربهێنێت. واتا بۆ گرامشی، کەلتوری خەڵک و ماس میدیاکانی سەربە بەرهەم هێنان، بەرهەم هێنانەوە و ئاڵوگۆڕی هەژمونی، سود لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی وەردەگرن. هەژمونی بەشێوەی کەلتوری و ئلیدۆلۆژی بە بەکارهێنانی

کۆمەڵگای مەدەنی کاردەکات، کە تایبەتمەندی کۆمەڵگاکانی لیبراڵە. ئەم دامەزراوانە بریتین لە پەروەردەو فێرکردن، خێزان، کڵێساو ماس میدیا. (ستریناتی، 226) دەوڵەت لە کۆمەڵگای ستەمکاری کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆ دەگرێت، هەژمونی لە کۆمەڵگای مەدەنی لاوازە، بەڵام کۆمەڵگاکانی لیبراڵ دیموکراسی خۆرئاوا؛ کۆمەڵگای مەدەنیان هەراوترو ئاڵۆزترە، بەمەش لەم ئاستەدا هەژمونی واتا پرۆلیتاریا، یان بۆرژوازی ئایدۆلۆژی لە ژێر کۆت ڕزگار دەکات. بۆیە ئەرکی سیاسی خەباتگێڕان، بەگژداچونەوەی دەوڵەتی چەکدار نییە، بەڵکو هۆشیارکردنەوەی ئایدۆلۆژی کۆمەڵگایە لەڕووی ڕزگاربوون لە خۆبەدەستەوەدان بە جۆرەکانی نهێنی هۆنینەوەی سەرمایەدارییە. (ئەندرسۆن، 61)

بێگومان گرامشی بۆخۆی کەلەژیاندا ماکسیمالیست بوو چەندین جار بە ئاڕاستەی چەپ هەنگاوی نابوو، دەبوو دژی ئەم بۆچوونەی سۆسیالیست؛ لێکدانەوەیەکی دیکەی هەژمونی پێشنیاز کردبایە.

ئاستی سێیەم؛ هەژمونی لەم ئاستەدا لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دابەشبووە، هەژمونی سەرلەنوێ وا پێناسەکراوە تا توندوتیژی و کۆدەنگی متوربەی یەک بێت، پێکهاتەیەک لە هێزو کۆدەنگی بێ ئەوەی کە هێز لە ڕادەبەدەر پێش کۆدەنگی بکەوێتەوە.

گرامشی، هەژمونی بۆ دوبەش دابەشکرد، «هەژمونی سیاسی» و «هەژمونی مەدەنی» وەک «دامەزراوەکانی هەژمونی سیاسی» باسی ئەنجومەنی وەزیـران، پەرلەمان و دادگاکانی دەوڵەتی لیبراڵ و بەناوی «دامەزراوەکانی هەژمونی مەدەنی» باسی کڵێساکان، حزبەکان، یەکێتییە کرێکاریەکان، خێزان، قوتابخانە، زانکۆکان، ڕۆژنامەکان و دامەزراوەکانی کەلتوری دەکات.

لەم ئاستەدایە کە دەوڵەتی ئاکاری و کەلتوری پێشنیاز دەکرێت. گرامشی لەم بارەیەوە دەڵێت، هەموو دەوڵەتێک ئاکاریە، چونکە گرنگترین

ئەرکی هەڵکشاندنی ئاستی ئاکارو کەلتوری حەماوەرە. بەم ئاقارەدا، قوتابخانە وەک کاری فێرکاری ئەرێنی و دادگا بەناوی کاری سەرکوتکەرو فێرکاری نەرێنی دەوڵەت، بنچینەییترین چالاکی دەوڵەت لەخۆ دەگرن، بەڵام لە ڕاستیدا چالاکی و داهێنانە تایبەتیەکانی تریش بە دوای ئەو ئامانجەوەن. ئەم چالاکی و داهێنانە، بە تێکڕا «دەزگای هەژمونی کەلتوری و سیاسی» چینە باڵادەستەکان پێکدەهێنن. (گرامشی، 1383؛ 95) زاڵبوون یان هەژمونی لە بەرهەم و دەستنوسەکانی گرامشی، ئەنجامی کاری «ڕووناکبیران»ە؛ سود لە وشەی «ڕووناکبیر» لە چوارچێوەی مانای دەستەبژێر سالارانەکەی لە ئاماژە بە هونەرمەندانی گەورە یان نوسەران وەرناگرێت، بەڵکو ئەم وشەیە لە مانای پیشەیی بۆ ئاماژەکردن بە کەسانێک کە بە بەرهەم هێنان و دابەشکردنی بیروباوەڕو زانیاری بەگشتی سەروکاریان هەیە، هەربەم ئاقارەدا بە درێژایی مێژوو باسی دوو جۆر ڕووناکبیر دەکات.

ڕووناکبیرانی باو، هەرچینێک کە لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا وەک چینی باڵادەستی نوێ سەرهەڵدەدات، لەگەڵ ڕووناکبیرانێک بەریەک دەکەوێت کە لە جۆری بەردەوامی مێژوو بەهرەمەندن. (ئەنتۆنیۆ گرامشی، 1358؛ 56)

بەڵام ئەمجۆرە ڕووناکبیرانە چۆن پەیدابوون و بۆچی نافەوتێن؟ لە ڕوانگەی گرامشی، قەشەکان وەک ڕووناکبیرانی ئۆرگانی چینی خانەدانانی موڵکدار جێی باس بوون کەلە ڕوانگەی یاساوە لە چاکەی خانەدانەکان بە هرەمەندن و لەگەڵیاندا لە ئیدارەی کاروباری دەرەبەگایەتی بەشداربوون. ئەم گروپانە کە چاودێری هەندێک کاروباری کۆمەڵایەتییان دەکرد، بە ورەیەکی «هاوپێوەندی پۆلێنکاری» خۆی و پسپۆڕی خۆی لەجۆری بەردەوامی مێژوو بەبێ پچڕان دەزانن، لەم ڕووەوە بۆخۆیان بە جیاو سەربەخۆ لە گروپە کۆمەڵایەتیە زاڵەکان گریمانە دەکەن. (هەمان، 57) ئەم هەڵوێستگیرییە لە ڕوانگەی سیاسی و ئایدۆلۆژی زۆر گرنگە، چونکە وردە وردە توانیویانە ئەم

وەهمەی سەربەخۆبوونی خۆیان بدەنە جەماوەر. سەرباری ئەواوی چینەکانی باڵادەست بە درێژایی مێژوو، لە ڕەوتی گرتنەدەستی دەسەڵات بۆخۆیانی کێشکردووە، بە ئاڕاستەی پاساوی خۆیان سوودیان لێوەرگرتون، بێجگە لەوە وەک چینە باڵا دەستەکان لە وڵاتانی جیاجیا، دەسەڵاتی پێویستییان بۆ باڵادەست بوون نەبووە، ناچاربوون سازش لەگەڵ ئەو گروپانە بکەن. ڕووناکبیرانی ئۆرگانی، هەرچینێک کە بە درێژایی مێژوو لە بەسنێنی شێوازی بەرهەم هێنانی تایبەتی دەوری گرنگی هەبووە، لە یەک یان چەند لایەنێکی ڕووناکبیرانی ئۆرگانی بە هرەمەند بووە، کە هۆشیاری ئابوری و کۆمەڵایەتی پێویست بە چینی خۆیان دەزانن.

ئەوە کە دەبێت ئەم ڕووناکبیرانە باشترین هەلومەرج بۆ باڵادەستی چینی خۆیان بڕەخسێنن، پێویستە سەرەڕای توانای ئۆرگانیزەکردنی بنەمای چینایەتی خۆیان لە زانیاری پێویست بۆ ئیدارەی کۆمەڵ و دەوڵەت، بەهرەمەند بن.

دەبێت بوترێ کە ئاستێک لە گەشەی هێزەکانی بەرهەم هێنەر بەسەر سەرهەڵدانی ڕووناکبیرانی ئۆرگانی پێویستە. وەک نمونە کۆیلەکان و جوتیاران سەرەڕای دەوری بنچینەییان لە بەرهەم هێنانی ڕووناکبیرانی ئۆرگانی نەبووە؛ چینی کرێکار گرنگترین چینی چەوساوەیە کە ڕووناکبیری تایبەتی خۆی هەیە.

بە سەرنجدان بەم ڕوونکردنەوەیەی گرامشی بۆخۆشی پێناسەیەک لە ڕووناکبیر دەخاتەڕوو، پێیوایە کاتێک لە سازانی نێوان چالاکی «هزری – مێشکی» و هەوڵی «ماسولکەیی – دەمارگیری» لە ڕووی زاڵبوون بە سەر چالاکی هزری مێشکی بێت ئێمە بەمانای تایبەتی ڕوبەڕووی ڕووناکبیر دەبینەوە.

بەم شیکردنەوەیەی دەیخاتەڕوو، قسەکردن جگەلە ڕووناکبیر بە ناڕاست دەزانێت، چونکە بێجگە لە ڕووناکبیر نییە، بەڵام سازانی نێوان

چالاکی هزری مێشکی و ماسولکەیی دەمارگیر هەمیشە وەکیەک نییە، بەم شێوەیە پلەی جیاوازی چالاکی ڕووناکبیری تایبەتیمان هەیە (گرامشی، 1358، 59) بەمەش بەڵگە نەویستە، چونکە هیچ چالاکیەکی مرۆیی نییە، کە بەبێ هیچ جۆرە بەشداریەکی هزری ئەنجام بدرێت، هەموو خەڵک بە جۆرێک ڕووناکبیرن. کەسانێک لە کۆمەڵدا دەوری ڕووناکبیر دەبینن کە لایەنی زاڵی چالاکیەکانیان «هزری - مێشکی» بێت.

ڕەنگە لە ڕاڤەکردنی فکرەکانی ئەنتۆنیۆ گرامشی جیاوازی بیروڕا هەبێت، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆی دەوروبەری گرامشی و هزرەکانی، لە نێوان بیرمەندان و شرۆڤەکارانی ئەدەبیاتی مارکسیستی هاوڕایی هەیە، کە گرامشی لەگەڵ مارکسیستەکانی دیکەی هیگڵی (لوکاچ، کرش) بەوپەڕی شارەزایی مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی نوێکردەوە، کە جێگەیەکی بۆ دەسەڵاتی هزرو کاریگەری بەهێزی ئیرادەی مرۆڤی تێدا هاتەدی. ڕەخنەی لە مارکسیستی لینینی هەبوو لەبەر ڕەمەکییانە بوونی، دەوری بەرجەستەتری دایە هزرە کەلتوری و ڕووناکبیریەکان.

دەستنوسەکانی دوای مردنی بڵاوبوونەوە. شرۆڤە و پاساودانی مێژووی ئیتاڵیا، دەوری کۆمەڵگای مەدەنی، سەرهەڵدانی فاشیزم، دۆگماتیزمی لە مارکسیزم و تاکتیکی خەباتی لە خۆگرتووە. ئاوڕی لە هۆشیاری و سەرپشکی مرۆڤ داوەتەوەو لەجێدا داکۆکی لە فەلسەفەی «پراکسیس» کردووە، هەروەها جەختی لە دەوری هزرو هوشیاری مرۆڤ و کاریگەریان بە سەر ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگا کردۆتەوە و تایبەتمەندی تایبەتی دەداتە هزرەکانی، چونکە دەربارەی ژێرخان و سەرخانی تیۆری بێجگە لە وەی مارکسیستەکان دەری دەبڕن ئاراستە کرد. لە بنچینەدا ڕای وابوو کە هزرەکان و ئایدۆلۆژی، دەوری بەرچاویان لە دیاریکردنی بنەماکانی ئابوریدا هەیە و دەوری بەرجەستە دەداتە هەژمونی کە شێوەیەکی ناسک لە دەسەڵاتی کەلتوری دەردەخات.

سەرەڕای پێشوازیەکی زۆر لە تیۆرەکانی گرامشی نابێت لەبەرچاومان دووربێت کە بانگەشەی ئامادەیی هاوکاتی هەژمونی وەک «توندوتیژی» و «کۆدەنگی» هەم لە کۆمەڵگای مەدەنی و هەم لە دەوڵەت، ناڕاست بە زەین دەگات، چونکە لە کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕوانگەی یاسایی بەکاربردنی زۆرەملێیی و زەبروزەنگ نییە، هەروەها لە هزرەکانی گرامشی گەیشتن بە ڕوانگەی تازە لە دەستدانی دەسنکەوتەکانی ڕوانگەی پێشتری لەگەڵە، چونکە لە دوا ئاستی هەژمونی (ئاستی سێیەم) جیاوازی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی نامێنێت. دەرەنجامی ئەم چارەسەرە ترسناکە کە هەرجۆرە هەوڵێکی زانستی لە پێناسەکردنی تایبەتی دیموکراسی بۆرژوازی لە خۆرئاواو جیاوازی لەگەڵ فاشیزم و ستەمکاری لە خۆرهەڵات بێ ئاکام دەکات.

# تیۆری گشتی
# مارکسیزم لای گرامشی

ئاخاوتن لە ((تیۆری گشتی)) مارکسیزمی گرامشی، بە سەرنجدان بە ڕەسەنێتی کاری گرامشی، ڕەنگە نەگونجاو، یان ناڕاسث بە زەین بگاث، بە هەرحاڵ بە جەختکردنەوە لە ڕەسەنێتی کاری گرامشی، دەوری تەوەری لە ڕاڤە جێگیر کراوەکانی مارکسیزم ڕەچاو نەکراوە. هەرچەند یەکەم فۆرم دان بە مارکسیزم لە دەرەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم بوو، بەڵام ناکرێ بوترێ دوای 1924، کەمینترن هەوڵی دەدا هەموو حزبە کۆمۆنیستەکان بکاتە بەڵشەفیک، گرامشی پەیوەندیەکی تەسکی بە ئینتەرناسیۆنالەوە نەبووە. کاتێک ڕووی سەرەکی ((تیۆری گشتی)) مارکسیسزمی گرامشی دەقی گرث کە نوسینەکانی بە هەوڵێک بۆ خستنەڕووی جێگرەوەی تیۆری بۆ ئەم پرۆسەیەی بەڵشەفیکی کردن گۆڕا.

لە ساڵی 1958، بەڕێوەبردنی بیرکردنەوەی گرامشی بە ((وەرزی نوێی لینینیزم)) وەسفی کرد، بەڵام مانای گەشەکردنی هێڵی لینین نییە، چونکە هەرچەند گرامشی پچڕانێک قبوڵ دەکاث کە لینین هێنایە ئارا، بەڵام تێی دەپەڕێنێث. دەفتەرۆکەی ڕێنمایی بوخارین، دەرفەتێک بوو بۆ گرامشی و بیرمەندانی دیکەی ئەوروپی تا لە جیاوازیەکانی نێوان ڕاڤەی بەلشەفیکی تیۆری مارکسیستی و لایەنگری ((مارکسیسث - لینیستی)) بگەن، کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێث. دیارە سێبەری پلیخانۆف هەمیشە بەسەر سەری بوخارینەوە دەبینرێث. پلیخانۆف لە مەسەلە بنچینەییەکانی مارکسیزم (1908) ئەوپەڕی هەوڵیدا ڕێنماییەکی فەلسەفی مارکسیستی دوای ئەنتی دۆرینگ ئاڕاستە بکاث، گرامشی وەک بڕوا پێکراوترین نمونەی

((ڕەوانبێژی شێوە زانستی ڕووناکبیرانی ئەڵمانی باسی کارەکانی دەکرد، کە کاریگەری لە ڕوسییە زۆر بوو)). ئەنترناسیۆنالی ((کلاسیک)) دووەم، گرامشی لە یاداشتەکانی گرتوخانە شکڵی بە هێڵی سەرەکی ئاڵۆزی و گرفتاریە هرزیەکانیدا. لێرەدایە کە دەبێت زۆربەی پێناسەکانی مارکسیزم دەستنیشان بکەین و ڕێسایان پێ بدەین کە لە کاری گرامشی دا هەیە.

ڕاڤەکاری سەنتەری توێژینەوەییەکەی {مەیلە بنەماییەکانی مارکسیزم} پلیخانۆڤ لە لاپەڕەکانی پێشەوەی کارەکەی بەرچاو دەکەوێت. دەکرێ ئەم ڕاڤەکاریانە لە سێ خاڵی سەرەکیدا کورت بکەینەوە:

1. ماتریالیزمی دیالەکتیکی فەلسەفەی مارکس و ئەنگڵزە، بە دەستەواژەیەکی دیکە، ماتریالیزمێک کە بەهۆی لۆژیکی لێکدژ لە بری لۆژیکی جوڵە تێکهەڵکێش بووە.

2. مەیل بۆ بێلایەن کردنی ماتریالیزمی مێژوویی و شیکاری ئابوری لە ماتریالیزمی فەلسەفی، گوماناوییە (ماتریالیزمی دیالەکتیکی و فەلسەفی لێکجیانەکراوەن.).

3. تەنیا بە چاوپۆشین لەم پەیوەندییە لێکجیانەکراوەیە کە هەوڵدەدرێت مارکسیزم بە هاوکاری فەلسەفەی تر تەواو بکرێت، چونکە گریمانە ئەوەیە کە مارکس و ئەنگڵز وەک پێویست بە وردی بە بەشگەلێک لە تێفکرینەکانیان ڕانەگەیشتوون.

پلیخانۆڤ لە نوسینە بەراییەکانی، ماتریالیزمی بە ناوکی فەلسەفەی مارکسیزم زانی. وردە وردە بابەتەکانی داهاتووی لە مشتومڕێکدا برنشتاین پێناسەو دژی هەر هەوڵێک بۆ خستنەڕووی خوێندنەوەیەکی جیاواز لە فەلسەفەی مارکسیستی بە کاربراون. ئەم چارەسەرە تیۆرییە کە لە چوارچێوەی هێڵی بەرگری مارکسیستەکان ((ئەرتەدۆکس)) پێشنیازکراون، لە دەفتەری زینداندا بە توندی ڕەخنەیان لێگیراوە و ڕەتکراونەتەوە.

گرامشی چارەسەری جیاواز، ئەگەر نەڵێین دژ، بۆ هەوڵی پلیخانۆڤ لە

ڕووی بەرگرتن لە تەواوکردنی مارکسیزمی ئاڕاستەکرد. ئامانج لە کردنەوەی ڕێگایەک بۆ کەڵکی ((شۆڕشگێڕی))، یان بە دەربڕینێکی دیکە سیاسی، ماتریالیزمی مێژوویی بوو. هەر لە یەکەم وتارە بەرچاوەکانی دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەوڵ بۆ تێگەیشتنی ناوکی سەرەکی مارکسیزم، بۆ خستنەلاوەی هەر ڕایەک بە پێویست دەزانێ کە بەو مێژووە ((ئۆرگانیزمی سرووشتی))یە، هەوڵێک کەلەگەڵ جۆرێک هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەم یەکیان گرتۆتەوە.

گرامشی لەسەردەمی ئەزموندارێتی هزری، بۆچوونی پلیخانۆڤ لەبارەی لێکجیانەکراوەیی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالەکتیکی پەسند دەکات، بەهۆی ڕەخنەی ماتریالیزم لە فەلسەفەو ڕەخنەی ئابوری باوەڕی (یان زۆرەملێیی، یان سۆسیۆلۆژی))، فۆرم بە دوبارە خوێندنەوەی مێژوو دەدات.

### مێژووخوازی ڕەهاو هیومانیزم

لە سێپتێمبەری 1925، ڕۆژنامەی لۆنیتا چەند بەشێکی لە یاداشتەکان دەربارەی لینیزم بڵاوکردەوە کە گرامشی بۆ وتاردان کۆی کردبوونەوە. ئەم یاداشتنانە بەم پێناسە گشتییە دەست پێدەکات : ((زانستی سیاسی پڕۆلیناریا فێرمان دەکات چۆن هەموو هێزەکان ئامادەبکەین، کە بۆ لە بەینبردنی دیکتاتۆری بۆرژوازی و سەقامگیری دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا بەکاردێن، لەڕوانگەی ژمارەیەکەوە لینیزم هەڵگری جیهانبینی یەکتایەو لەم سەردەمەدا بێ ئەو، ناتوانی لە مارکس بگەی))، ئەگەر بۆ ساتێک شرۆڤەی گرامشی لە پەیوەندی مارکس و لینین ((کە ئەوێ ڕۆژێ لە تێکڕای جوڵانەوە کۆمۆنیستەکاندا مەسەلەیەکی گرنگ بوو)) گریمانە بکەین، دەبینین یەکەم پێناسەی ئەم ڕێنماییە، لە سەرانسەری نوسینەکانی گرتوخانەدا دەستکاری ناکرێت.

زانستی سیاسەت (زانستە سیاسیەکان)، یان بە هەمانشێوە کە گرامشی پاشان دەڵێ زانستی مێژوو سیاسەت، ناکرێ بە ڕێبازێکی شرۆڤەی پەتی دابنرێت. ناکرێت کاری تیۆری و کرداری لینین بە بوژانەوەی توانای شرۆڤەیی ژمارەی ئامڕاز ناسی دراوەکان بزانی، بۆ گەیشتن بە مێژووی لینین (تەنانەت گەر بە هەمانشێوە کە زۆرجار گرامشی دەڵێت، لە ئاستی فەلسەفەی کردەی سیاسی)، پێویستە چاو بە تێکڕای مەسەلەکانی پەیوەندی مارکسیزم و فەلسەفەی مۆدێرندا بخشێنینەوە، واتا هێشتا مارکسیزم لە ڕوانگەی گرامشیەوە یەکگرتووخوازە. ناتوانی دەست لە هیچ بەشێکی بدەی بێ ئەوەی کە تێکڕای سیتەمەکە بگۆڕێت.

زانستی سیاسی لینیستی لەسەر شۆڕشی فەلسەفی وەستاوەتەوە کە پەیوەندی جیاو گونجاوی نێوان مارکسیزم نەک بە مەسەلەی واتایی، بەڵکو بەشێوازەکانی زانیاری سەردەمی ئێستاش، دروست دەکات. گرامشی بەهۆی ئەم لێکدانەوەیەی لینیزم، چەمکی گشتی خۆی لە مارکسیزم دەخاتەڕوو نەخشەی خاڵێک دەکێشێت کە دەیەوێ پێی بگات و ڕێگایەک دەبڕێت تا پێی بگات، بە هاوکاری گرامشی ماتریالیزمی مێژوویی نەریتی مارکسیستی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، بۆ زانستی سیاسی بەدیوێکی دیکەدا بۆ ئامڕازی ڕاڤەیی پرۆسەی پێکهاتەی شۆڕشی پڕۆلیتاریا گۆڕا. هەرچۆنێک بێت، پچڕانی بنەمایی، یەک بەدوای یەکدابوو زاراوەکانی لەگەڵ پلیخانۆڤ، لەبەر چاو نەما.

بۆ تێگەیشتن لە مانایەک کە گرامشی لە مارکسیزم لە بری فەلسەفە هەیبوو، مانایەک کە فۆرم دەداتە جۆری جهانگیریەکەشی، دەبێ ئەم بانگەشە دوبارەکردنەوەیمان لەبیربێ کە مارکسیزم پچڕانێکی لانەبراو بە تەواوی چەمک داڕێژییەکانی فەلسەفی پێش خۆی دێنێتە ئارا، بە دیوێکی دیکەدا مارکسیزم فەلسەفەیەکی نوێی تەنیشت، یان لەبەرامبەر فەلسەفەکانی تر نییە، مارکسیزم ڕاگەیەنراوێکە پێویستی بەبنەمای سەرلەنوێی تێکڕای

مەعریفەی فەلسەفی یە. ئەم پچڕانە لە ناخی مێژووی فەلسەفەدا نابێت، بە پێچەوانەوە تایبەتمەندیەکی سەرەکی مارکسیزم، خستنەلاوەی گوتەزای بنەڕەتی فەلسەفەیە، یەکەم هەڵەنوسانی بیروڕا جیاوازی لکاو بە ماتریالیزمی کۆنی دیاریکردنی ناوکی فەلسەفەی مارکسیزم بەهۆی گوتەزاکانی فەلسەفەی باو، لەئەنجامدا پشتگوێخستنی پەیامی تێگەیشتنی ناوەڕۆکی ڕەسەنی چوارچێوەی زاراوەگەلێکی تازەیە.

گرامشی لەوباوەڕەدایە ((نابێ فەلسەفەی نوێ لەژێر هەرناوێک هاوتای هیچ سیستەمێکی کۆن بێت. یەکگرتنی زاراوەکانی مانای یەکگرتنی چەمکەکان نییە.)) و ((لە ئاستی تیۆری، نابێ فەلسەفەی کار لەگەڵ هیچ فەلسەفەیەکی دیکە بە هەڵە بە یەک بزانرێت یان بۆی کورت بکرێتەوە. ڕەسەنێتیەکەی نەک هەر لەسەرکەوتنی فەلسەفەی پێشتر، بەڵکو لەوە گرنگتر، لە کرانەوەی ڕێگایەکی تەواو نوێ، هەڵگێڕانەوەی تێکڕای شێوازی تێگەیشتن و وەرگرتنی خودی فەلسەفەیە.)) ڕاست ئایینی ماتریالیستی پلیخانۆڤ، نەک بەپێی لێکدانەوەیەکی زۆر سادە بیرکردنەوانە پشتی بە سەرچاوەکانی تێڕوانینی مارکسی ئەستورە، بەڵکو خۆی لە لۆژیکی تەواوکردنی مارکسیزمیش بە دوور دەگرێت، لۆژیکێک کە ئەم بیرکردنەوەیە بە نیازبوو لە بەرامبەردا ڕووبەڕووی بێنەوە. لەم ڕوانگەیەوە، بە دیلی مارکسیزم سازدانی شتێکی بەگشتی قەرەبووکراوەی دژی بۆچوونی نوێ کانتیە.

گرامشی لە باسێکدا دەربارەی هەوڵی کروچە بۆ زایەڵەی نوسخەی مارکسیزم بە ناونیشانی ((هاونشینی کەلتوری باو))، بەوپەڕی ڕاشکاوی جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە، کە بیرمەندانی ئەرتەدۆکسی پێش کروچە ((بەداوەوە بوون))، هەوڵدەدەن مارکسیزم ((سەر بەجۆرێک فەلسەفەی ماتریالیزمی گشتی (بێ نرخ) بکەن، بە هەمانشێوە فەلسەفەکانی تر سەر بە ئایدیالیزم دەزانن.))

جێی خۆیەتی ستایشی گرامشی بۆ پێشنیازی تیۆری لابریۆلا بیرخۆمان بێنینەوە، پێشنیازێک کە گرامشی جەخت لەپێویستی فەرامۆشکردنی دەکات: ((فەلسەفەی کار فەلسەفەی ڕەسەن و سەربەخۆیە، توخمەکانی هەراوی و گەشەی زیاتری لە خۆیدا شاردۆتەوەو بەم شێوەیە خستنەڕووی ڕاڤەیەک لە مێژوو، دەبێتە فەلسەفەی گشتی.)) نەبوونی تێگەیشتنێکی ڕوونی پەیوەندی گرامشی - لابریۆلا، بە بەڵگەی نەبوونی شیکاری تێفکرینی خودی لابریۆلا لە پەیوەندی بە مارکسیزمە. ڕوانینی بۆ مەسەلەی فەلسەفەی مارکسیزم، دەرەنجامی ناڕەزایەتی شاراوە، بەڵام بنەڕەتی تیۆری ئەنگڵز لە بارەی مردنی فەلسەفەیە بەهۆی توانەوەی لە زانستە سروشتیەکاندا. لابریۆلاش باوەڕی وایە زانست و فەلسەفە بەشێک لە پرۆسەیەکی پێکهاتن و گۆڕانن کە سەرەنجام بە شێوازێکی حەتمی بە متوربەکردنەوەی بەرامبەر کۆتایی دێ، بەڵام لابریۆلا بە دوو بەڵگە گومان ناکات فەلسەفە لە زانستدا بتوێتەوە. یەک هەراوی و گەشەی زانستی تایبەت پێویستی بە ئاستێکی ڕامانی ڕەنگدەرەوەی مەعریفەناسییە، ڕامانێک کە پێگەکانیان بسەلمێنێ و میتۆدناسییەکانی هەردووکیان پێکەوە ببەستێتەوە. دوو ڕەنگە ئەو شۆڕشانە ببنە دیلی هاوکێشەی بێهودە کە لە لێکۆڵینەوە زانستیەکان دا ڕوودەدا، گەر بەباشی بیریان لێ نەکرێتەوەو نە سەلمێنراوبن، کە ناهێڵێت ئیرادەیان بۆ ئاستی گشتگیری کەلتوری و جیهانگیری گەشە بکات. بناغەی بۆشی سەربەخۆیی فەلسەفەی زانستێک، مانای گرەنتی کردەوەی ڕاستیەتی.

یەکەم لاپەڕەکانی سۆسیالیزم و فەلسەفەی بەرهەمی لابریۆلا بە ئاشکرا پەیوەندی نێوان گەشەی فەلسەفەی مارکسیستی و توانای بۆ دزەکردنە مەیدانی کەلتوری جیاوازو هەندێجار دوژمن پیشان دەدات. بۆچوونی زانستی مێژوو ناتوانێ تەواوی مێژووی دروستکەری مێژوو تا ئەوجێیە ئاشکرا بکات، کە پەیوەندی بە بنەمای مەعریفەی نادیاری ناویەوە هەیە، مەگەر فەلسەفەی ئەم زانستە دەستنیشان کرابێت. پانتایی فەلسەفە

مەیدانێک نییە، بتوانرێ بە سەر ئەم سیستەمە نوێیانەدا دای بناشی، بەڵکو مەیدانی شەڕی لایەنگرانی فەلسەفی و سیاسی دژە. لابریۆلا لەو باوەڕەدایە: ((تا ماتریالیزمی مێژوویی فەلسەفەی ڕکابەر لە هەناویدا هەبێت کە هاوڕای نین، تا ئامرازی پێویستی بۆ پێکهێنانی فەلسەفەی خۆی نەبێت، لە ئاسماندا بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، بە هەمانجۆر کە ئەمڕۆ، لە پێشهات و بنەمای بنەڕەتی خۆیدا ماوەتەوەو پێش ناکەوێت.)) وردبینی ئەم فەلسەفە مانای هەراوی جۆرێک مارکسیزمی خاوەن ڕانییە، مانای دۆزینەوەی لەبارترین ئامرازە بۆ بەرگری لە ناوەڕۆکی زانستی مارکسیزم.

لابریۆلا لەسەری دەڕوا: ((هەندێک لە ڕاڤەکارانی ڕواڵەتی مارکسیزم لە فەلسەفەی دەروون هەرمانی ناخی بێبەشییان کردووە، بە ڕێگایەکی ئاسایی بۆ ئەنجامگیری گۆڕانکاریەکانی بارودۆخی مێژوویی بەهۆی گۆڕانکاری بارودۆخی ئابوری کەمیان کردۆتەوە.)) لە ئەنجامدا بوژانەوەو شرۆڤەی وردی فەلسەفەی مارکسیستی، گریمانەیەکی ڕەت نەکراوەیە بۆ دوورکەوتنەوە لە داشکانی ئابوریخوازو میکانیکی ماتریالیزمی مێژوو.

شرۆڤەی ناوەڕۆکی فەلسەفی مارکسیزم مانای وێناکردنی ئەرکێکە بۆ فەلسەفە، بە تێکڕا لەوشتە جیاوازە کە پلیخانۆڤ ڕەچاوی کردووە. مەسەلەکە ئەوە نییە، کە جارێک بۆ هەمیشە چوارچێوەکانی ئەم میتۆدە بۆ داکۆکی لێکردنی لە بەرامبەر پەلاماری شیمانەیی لە نەکاو، پێناسە بکەین. دەبێ مارکسیزم ((شۆڕشی هزری)) لە ناخیدا هەبێت، واتا هەبوونی ترسی مەیدانەکانی بەردەوام لە گەشەی مەعریفە، تا ئاستێک بتوانێ بەگژ پەلاماری هەژمونی کەلتوری و ڕوانگە جیاجیاکانی دەسەڵاتدا بچێتەوە.

لابریۆلا ئەم ناوەڕۆکە فەلسەفییە لە ماتریالیزمی مێژووییدا بە هەمان فەلسەفەی کاری دەزانێت، چەمکی کار یان ئیش، کە لابریۆلا پشت ئەستور پێی و لەسەر بنچینەی بۆچوونەکانی فیورباخ، بە کۆمەڵایەتی بوون بە تایبەتمەندی داتاشینی جیهانی مرۆڤایەتی و مێژوویی دەزانێت، دەکرێ لە

ئێپەڕاندنی هەرجۆرە دودڵییەکی شرۆڤەخوازی تۆخمی بنچینەیی بێت، کە ڕەنگە ماتریالیزمی مێژوو دزە بکاتە ناخی ڕاڤەی خۆیەوە.

((ماتریالیزمی مێژوو بڵاودەبێنەوە، هەمەگیرو تایبەتی و مێژووی خۆی دەبێت. ڕەنگە دەسپێک و ڕێبازەکانی لە وڵاتی جیاجیا لێکجیابن، بەڵام دەبێت تا ئەوکاتە ناوکی سەرەکیەکەی بپارێزرێت، کە بگوترێت تەواوی فەلسەفەکەیەتی، ئەم مەسەلەیە ئەوەندە گرنگ نییە، بۆچونێکی بنەمایی ئەم فەلسەفە بەم چەشنەیە: خودی مرۆڤ و لە دایکبوونی مێژوویی، پرۆسەی کردەکییە. کاتێک خەسڵەتی کارێک بەکاردێنین، مەبەست تێپەڕاندنی جیاوازی سواوی تیۆرو کارە. بە مەش لە زۆرلاوە، مێژووی مرۆڤایەتی هەمان مێژووی کارە. کار لە لایەک برینییە لە پێکهاتەی ڕێژەیی، پشک بەندی و تەریبی چالاکی زەینی و دەستی و لەلاکەی تر، کار ئاماژە بە چەمکی مێژووی کاریش دەکا کە برینییە لە شێوازی کۆمەڵایەتی کارو جۆری جیا جیاشی دەبێت. مرۆڤ مێژوویەکی بەردەوامی تاکێکی کۆمەڵگایە و گومانی مرۆڤی پێش کۆمەڵایەتی Prosaically یان پۆست کۆمەڵایەتی Superscalar بەشێک نییە، لە بەرهەمی خەیاڵ.)) ئەم چەمکەی کارە، کە ڕوانگەی مارکسیستی مێژوو لە سەر بنچینەکەی پێکدێت، هەروەها ئاستی بەرزی هەرجۆرە گوتاریک دیاری دەکات کە پشت ئەستور بە خودی مرۆڤ، پێشکەوتن و هاوشێوەی بێت.

بەمەش لە ڕوانگەی لابریۆلاوە، ((پەیوەندی ئەزموونی)) هەمان پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنانە. کار بناغەی مارکسیستی کۆمەڵایەتی بوونی جیهانی مرۆڤایەتییە، بۆ داکۆکی و جارێکی دی پێشنیازکردنەوەی، تایبەتمەندی زانستی مارکسیزم لە بەرامبەر هەراوی، دەبێت ڕوانگەکانی ئایدۆلۆژی بۆ مێژوو بەم ئاراستەیە بجولێت. لە لاکەی دی، ئاشکرایە بۆچی لابریۆلا دەروون هەرمانی فەلسەفەی مارکسیستی دوپات دەکاتەوە. هەوڵدەدا بە لەزەین گرتنی جۆرەکانی دیکەی فەلسەفەی پێشەنگ، جەخت

له جیاوازی خودی مارکسیزم بکاتەوە.

پێش ئەم هەوڵە، ئەنگڵز جەختی لە داوای شێوازمەندو پێکهاتەی هیگڵ کردبۆوە کە: ((دانانی پەیامی فەلسەفەیی وەها شتێک نییە، جگەلە پەیامێک کە دەبێ فەیلەسوفێک بیهێنێتەدی و ئەم بەدیهاتنە شیاو نییە، مەگەر جۆری مرۆڤایەتی هاوکاری بکات.)) لابریۆلا ناوەڕۆکی کۆتایی فەیلەسوفی باو درێژە بە تاکی کردنی چەمکی کار دەدات، لەم ڕێگایەوە ((تێفکرینی تاکی)) وەکو ((کـردەوەی کۆمەڵایەتی)) لە زەین دەگرێت. کاتێک ((من)) خۆی بە بەشێک لە ((ئێمە)) وێنا بکات، ((ئێمە))یەک کە پێشتر چاوپێداخشاندنەوەو خودی خۆی دیاری کردووە، فەلسەفە دەتوانێت ڕێگاکەی لە میتافیزیک، لە هەر جۆرە شێوازمەندیەکی تر جیابکاتەوە.

ئەم پوختەی دوورو درێـژەی لابریۆلا هاوکاریمان دەکات باشتر تێبگەین فەلسەفەی مارکسیزم لای گرامشی مانای چییە، بۆ تێگەیشتن لە بەهای درزێک کە مارکسیزم لە مێژووی فەلسەفەی کردووە و گرامشی زۆر جەختی لێدەکاتەوە، پێویستە چاو بە لابریۆلادا بخشێنینەوە، بەڵام لەم ناوەدا پێناسەی مارکسیستی ((مرۆڤگەرێتی ڕەها))و ((مێژووخوازی ڕەهـا)) دەخرێتەڕوو. ئەم دوو چەمکە لە نوێوە پێگەی گرامشی لە مێژووی فەلسەفەی ئیتاڵی دیاری دەکەن. دوو شێوازی تاریفکردنن کە لە ڕوانگەی گرامشیەوە نەک ئەگەری ڕەخنەی فەلسەفەکانی تر لە گۆشەنیگای نوێ ئاسان دەکات، بەڵکو مارکسیزم بۆ خاڵێکی نەگەڕاوە دەگۆڕێت، کە ڕێگاکانی پێشتری فەلسەفەی بەو کۆتاییان دێت. ئایا ناکرێ بڵێین گرامشی بەهۆی شێوازێکی چەمک داڕێژی فەلسەفی پێداچوونەوەی دەوری بکەر ئەنجامدەدات کە ئامانجی گۆڕینی مرۆڤە بۆ بابەتی مێژوو؟

لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی گرامشی خودی پرسیاری ((مرۆڤ چییە؟)) جۆرێک ڕووقائیمی میتافیزیکی لە ناخدایە. وەڵامی ئەرێنی ئەم پرسیارە بە هاوکاری ئیرادەی سیستەم مەندی جیاوازی، بەهۆی بۆچوونی چوارەمی

فیورباخ، چنگ دەکـەوێ. ((بۆ پرسین لە ((خـودی مـرۆڤ)) ڕازیترین وەڵام ((پێکهاتەیەکی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، بەم بەڵگەیە کە ئەم وەڵامە ئەندێشەبوونی تێدایە (مرۆڤ (دەبێت)، بە گۆڕینی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕ دەبێت). ئەم ئەندێشەیە ((مرۆڤ بەگشتی)) ڕەتدەکاتەوە، لە ڕاستیدا پەیوەندی کۆمەڵایەتی گروپی جیاجیای مرۆڤ ئاشکرا دەکەن کە هەر گروپێک، بوونی ئەوانی دی پێشگریمانە دەکات و دیالەکتیک بێ هاوتایەتی، نەک ڕواڵەت. مرۆڤ هێندەی شایستەی غوڵام بوون، شایستەی نەجیب زادەییە.))

باشی پێداچوونەوەی تێزی چوارەم لەوەدایە کە ئەم تێزە بۆخۆی پرسیارەکە ڕەتدەکاتەوە، یان هێنانەگۆڕی چەمکێکی نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان وەردەچەرخێنێت. مێژووخوازی مرۆڤ پەیوەندی بەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەوە هەیە، پەیوەندیەک کە بە وەرچەرخانی پێگەی چینایەتی جیاجیا دەگۆڕێت، لە کاتی وەلانانی دابەشکردنی چینایەتی، گونجان لەگەڵ مرۆڤی وەها نەشیاوە. مێژووی مرۆڤ مێژووی ئەم دابەشکردنی چینایەتییە. بابەتی ڕاستەقینەی مێژوو ئەو چینە کۆمەڵایەتیانە لە مشتومڕدان کە دەکۆشن ڕووخساری بەرێزو ئاڕاستەی نێوان ئەم بەرەنگاربوونەوانەی ئەنتاگۆنیستی بۆ خۆیان دابین بکەن. خەبات شێوازی شیاوی یەکگرتوویی کۆمەڵگای چینایەتییە. تایبەتمەندی ئایدۆلۆژی پرسی((مرۆڤ چییە؟)) بریتییە لە سڕینەوەو لابردنی خەبات بەهۆی دانانی بنەمای فەزایەک کە ئەم چەشنە ئەنتاگۆنیستیانە تێیدا بێ بایەخ دەبن.

گرامشی لە مارکسیزمدا بۆی زیاد دەکات: ((مرۆڤ بە گشتی))، هەر شکڵێک کە بۆخۆی بیخانەڕوو قبوڵ نییە، هەموو چەمکەکان بچوک و ڕەتدەکرێنەوە، کە دۆگمائیزمانەی کاری ((یەکگرتوو))ن، لە بری وەسفی چەمکی ((مرۆڤ بە گشتی))، یان ((خودی مرۆڤ)) دەروون هەرمانی هەموو مرۆڤەکان.))

تەنانەت ئەو کۆمەڵە فەلسەفانە لەم ناتەواوی ئایدۆلۆژییە ڕەهانین، کە داکۆکی لە یەکسانی مێژوو مرۆڤ دەکەن، لە بارەیەوە کێشەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چ مانایەکی ((مێژوو)) لەبەرچاوە. سکۆلاریزاسیۆن فەلسەفەی کروچەیی دەربارەی پرسی کلیلی میتافیزیکی لە خودی مرۆڤ، لە ژێر هەلومەرجێکە کە دەبێتە واقعی: ((کاتێک تاک لە مێژوودا، بۆ بوون becoming لە کاتێکدا گرنگ بێت کەلە ((هاودڵی نا هاودڵانە)) discordant concord ڕووبدا، بوونێک کە لە یەکگرتن دەست پێ ناکات، بەڵکو لە ناخیدا بەڵگە بۆ یەکگرتنی شیاو پەروەردە دەکات.))، ئەگەر بانگەشە بکەین کە مرۆڤ بابەتی مێژووە نەک قاتبەندی، کەوابوو هیچ جۆرە پێداگریەک لەسەر مێژووخوازی خودی مرۆڤ خۆی پێ لە پاساوی ڕێسای کۆمەڵایەتی هەبوو نادزرێتەوە.

گرامشی باوەڕی وایە:((لە هەر تاکێکدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی و تایبەتی هەیە، کە بەهۆی کەوتنە دژایەتی کردنی تایبەتی ئەوانی دی، ئاشکرا نابێت)). چەمکی ((مرۆڤ بەگشتی)) لە هەلومەرجێکدا مانا دەدا کە کۆمەڵگای جۆرێک یەکگرتووی بێ ئەنتاگۆنیستی هەبێت. کاتێک مرۆڤخوازی شیاوە کە هەرجۆرە فەلسەفەیەکی مرۆڤ، هەروەها هەرجۆرە مێژووخوازیەکی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان و یەکسان وەرگرتنی ((بوون)) پێکهاتن و وەرچەرخانی ئەنتاگۆنیستی ئەم پەیوەندیەی لێ ناکەوێتەوە.

لە خوێندنەوەی نوسینە فەلسەفیەکانی گرامشی، پێویستە خۆمان لە هەر جۆرە چەمکێکی مێژوو بدزینەوە، کە بە دیقەتەوە دیاری نەکرابێت. وشەی ((مێژووخوازی))، وێڕای نادیاری زۆر کە بە دوایدا دەیهێنێت، بۆ توانینی بوژانەوەی ڕەگی فەلسەفە گەڕاوەتەوە لەلایەن مارکسیزمەوە. مێژووخوازی بە ناوەڕۆکی مردنی فەلسەفەدا دەچێتەوە ناوەڕۆکێک لە ڕوانینی لابریۆلا دەچێ کە ناوکی ناوەندی مارکسیزم لە ناخی ماتریالیزمی مێژوویی و شۆڕش بۆ چەمکی مێژوو گەڕا. لێرەدا خراپ نییە، بە کاتی

زمانی ((هەموارکراو))ی یاداشتەکانی گرتوخانەی ڕزگار بکەین و بزانین گرامشی چۆن لە نوسینەکانی ساڵی 1926ی، بەرنامەی هێڵی سەرەکی ڕەخنەی فەلسەفەی دانا کە سەرەنجام لە یاداشتەکانی گرتوخانە بوونە مۆتیڤی سەرەکی دوبارە کراوە.

ئەم پێگانە دەرەنجامی سیمینارێکی فەلسەفی بوو، دەیویست مەودای خۆی و فاشیزم لە زمانی باوی فەلسەفەی ئیتالی، پیشان بدات. گرامشی جەختی لە نەشیاو بوون و پوچی ئەم پێشنیازە کردبۆوە: ((فەیلەسوف چییە؟ دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان فەیلەسوف و مامۆستای فەلسەفە. هەر مرۆڤێک هەمان هێندە دەتوانێ فەیلەسوفیش بێت کە شایستەی هونەرمەند بوونە، چونکە دەکرێ شایستەی بیرکردنەوەو ئەنجامدانی چالاکی هزری هەبێت. سیمیناری میلان، جگەلە چەند ڕیزپەڕێک، زیاد لەوەی سیمیناری فەیلەسوفان بێت، کۆنگرەی مامۆستایانی فەلسەفە بوو. کام ئەنجام لە کۆنگرەی مامۆستایانی فەلسەفە دەست دەکەوێت؟ هیچ جۆرە دووربینی قوڵبوونەوە، یان چالاکی ڕێکوپێک لەم ناوەدا نەبینرا. دەکرێت دەرەنجامی وتاردانی پەرتوبڵاو ببینی کە وتاربێژ لە پێگەی فەیلەسوف، وا خۆی دەنواند لەسەروی چینە جیاجیاکان و پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوەیە، بەهۆی سەربەخۆیی فەلسەفە لەبری زانستی ڕۆح ئەم کارە دەکات، گوایە ڕۆح بە دەر لە واقعیەتی مێژوویی هەیە، کە هەمان واقعیەتی خەباتی چینایەتییە.

فەلسەفە، یان بۆرژوازی، یان پرۆلیتاریایە ڕێک وەک کۆمەڵگایەک کە مرۆڤ تێیدا بیردەکاتەوە و کار دەکات. فەلسەفەی سەربەخۆ نییە، بەهەمانشێوە مرۆڤیش لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە تێیدا دەژی بە دەر نییە، دیارە هزر زادەی هزرە، بەڵام هزر لە هیچ نابێ، بە هەمانجۆر کە مرۆڤ بە هیچ ورگی خۆی بۆ تێر ناکرێت.))

ناوەڕۆکی ئینگلیزی کۆتایی فەیلەسوفی تاکی لە پێگەی پسپۆڕازی سیستەمەکانی کە گومان دەکات، دەتوانی کێشەکان بە پەروەردەو

گۆڕینی ئاکەکانی مرۆڤ چارەسەر بکەی بەوپەڕی توانا لێرە، هەروەها لە نوسینەکانی داهاتووی گرامشی، دوبارە دەبێتەوە، بەڵام خاڵێک زۆر لە ئەنگلز جیاوازە کە گرامشی دوپاتی دەکاتەوە. چارەسەری مەسەلەکان بەشێوازی باو کەوتوونەتە ڕووبەڕووی فەلسەفە، بە ناچاری لە پێکهاتەی زانستی سەلمێنەر نادۆزرێتەوە، بەڵکو چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان، ئەو شتەیە کە گیانێکی نوێ بە بەر ڕامانی فەلسەفیدا دەکاتەوە. تێگەیشتنی وابەستەیی فەلسەفە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، واتا دەبێ فەلسەفە بزانێ کە جیهانی هەبوو، چوارچێوەگەلێک بەسەر تێڕوانیندا دەسەپێنێت، بەمەش دەبێ فەلسەفە بۆ پێگەی جۆرێک تیۆری لێکدژ هەڵبکشێ، تیۆرێک کە لەسەرترەکەی سەر بەگۆڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەبوو دەگۆڕێن. دەربڕینی ڕای بێویژدانانەی گرامشی پشت ئەستور بەوەی کە فەلسەفە، یان پڕۆلیتارییە، یان بۆرژوازی مانای وانییە، کە سەر بە ڕوانگەی چینایەتی دووجۆر فەلسەفە هەیە، واتا دوو ڕێگا بۆ فەلسەفاندن هەیە: یەک موحافیزکارانەو ئەوی دی شۆڕشگێڕی، کە پەیوەندی فەلسەفەو جیهانی هەبوو لەسەر بنەمای دەرکردن و ڕەتکردنەوەبێ، یان پێکەوەژیان و قبوڵکردن.

بەکاربردنی چەمکەکان دوور لەمانای کۆمەڵایەتی واتاییان، مانای فەلسەفاندنی بۆرژوازی و مل نەدانە، بۆ چوونە ناو مەیدانی نوێی مارکسیزم.

مارکس لە دەقێکی بەناوبانگی سەردەمی گەنجێتی، جەخت دەکاتەوە

کە مێژووی فەلسەفە پیشانی داوە دەبێ کاردانەوەکان لە ساتەکانی قەیران بەپێی جیهانی ڕاستەقینە بێت، هەمیشە شەرمنانە هەوڵدەدرێ نەریتی کۆن ئاشت بکرێتەوە و پێویستیەکانی ئێستا بخرێتەلاوە: ((لەم کاتەدا گیانە ترساوەکان ڕێک بۆ خاڵی بەرامبەری فەرماندە ئازاکان دەگۆڕێن. دەگەنە ئەو باوەڕەی کە دەکرێ بە پەڕاگەندەی زۆرینە، بە هاوپەیمانەکانی ئاشتی بە گوێرەی ویستە ڕاستە قینەکان، بە پەنابردنەبەر ڕەفتاری ئمیستۆکلس،

کاتێک ئاتن لە بەرە بەری پاشەکشەدا بوو خەڵکی هاندا ئاتن بەجێبێڵن و خودئاتنی لە دەریا، ئاتنی لەسەر بناغەی نوێ دروستکردەوە. دەکرێ خەسارەکان قەرەبوو بکاتەوە.))

تا ئەوجێیەی کەڵک وەرگرتن لەم وێنایە ڕێمان پێدەدا، وێنایەک کە گوایە وێنەبەندی بەرایی مانای ((پچڕان)) سەرکەوتوانەی مارکسە لە فەلسەفە، دەبێ بگوترێ پێناسەی مارکسیزم بۆ مێژووخوازی، یان ویستی گرامشی بۆ هێنانە دی مارکسیزمی نوێ زۆر دوورە، هەمان پێویستی دەردەبڕێت کە بە ((بنیاتنانی ئاتن لەسەر بناخەی نوێ)) کۆتایی دێت. چەمکی مێژووخوازی ڕەها، بناغەی نوێ دێنێتەپێش کە بوونی پێکهێنانی فەلسەفەیەکی نوێ پێویستە. پەیامی گرامشی خستنەڕووی وێنای ئاتنی تازە نەبوو، پیشاندانی ڕێیەک بوو کە دەبێت ببڕدرێت.

گرامشی بە خستنە بەرباسی چەمکی مێژووخوازی درێژەو مژولی دوو ئامانج دەبێت. یەک، دەیەوێ ببێتەوە کۆسپی ئاڵۆزی و تامەزرۆیی فەلسەفی مارکسیزم، ڕووداوێک کە کاتی گەڕانەوەی ئابڕووی ماتریالیزمی کۆن ڕوویدا، لێرەدا ڕاڕایی جۆرێک دوورنواڕی سەلمێنراوی بۆرۆکراتیانەی مارکسیزم، سەرەنجام لەبری بەرەنگاربوونەوەی. دوو، سیستەمە کە بەڕاڤەیەکی ڕەخنەی فەلسەفەی بۆرژوازی کۆتایی هاتووە، ڕاڤەیەک کە وەهمی نەشیاوبوونی سەرکەوتنی لەم مەیدانەدا بە گریمانە وەرگرتووە و پێیوایە دەبێ ئەم قەڵەمڕەوە وازی لێبهێنرێت. ئەم نزیکبوونەوە، واتا وەلانانی سەرەکیترین پەیامی فەلسەفەی مارکسیستیە: بە کردەوە پیشاندانی چۆنیەتی ڕاگەیشتن بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان. ئامانجی دووەمی گرامشی، ڕەخنەی چەمکی مێژوو لە مێژووخوازی کروچەییە، ئەو شێوازەی مێژوو خوازی کە کامڵترین و ((مۆدێرن))ترین هۆکار بۆ دەرکێشانی تووخمی چین لە گوتاری فەلسەفی، دەخاتە بەردەست، بەمەش پەلکێش کردنی فەلسەفە و مارکسیزم بۆ سەر زەوی مێژووخوازی مانایەکی تەواو جیاوازی

هەیە، بۆ تێکدانی تیۆری و گۆڕینی بۆ ((مەعریفەی مێژوویی))، تۆمەتێک کە زۆرجار دەخرێنەڕوو.

گرامشی دەنوسێت: ((مێژوو لای کروچە، هەروا چەمکێکی تیۆرییە.)) یەکێ لە باوترین و دووبارەبۆوەترین باسی یاداشتەکانی گرتووخانە، ڕاگەیشتن بە نادیاریەکانی مێژووخوازی ئایدیالیستیە کە لە ڕەخنەی گرامشی لە یەکسانی مێژوو فەلسەفە لای کرووچە بەرچاو دەکەوێت، ئەگەر کروچە ئەم ئەندێشە کۆنەی فەلسەفە لە جیاتی سیستەمێک ڕەتدەکاتەوە، لە جێدا جەخت لە چەند مەسەلەیەک دەکاتەوە کە لە ژیانی ڕاستەقینە هاتوون، کەوایە هێشتا دەکرێت لە هەڵوەشانەوەی کۆنترین کێشەی مەعریفەی فەلسەفی بکۆڵێنەوە. ئەوەی هۆکاری جیاوازی نێوان مێژووخوازی تیۆری و وافیعخوازانەیەو پاشەکشە بە فەلسەفە دەکات لە بەردەم مێژوو، چەمکی مێژوو، یان بە هەمانجۆر کە گرامشی دەڵێت: توانینی هاوڕابوونی مێژوو سیاسەتە.

((ڕەخنەی چەمکی مێژووی کروچە، ڕەخنەیەکی جەوهەرییە: ئایا بیرمەندان و کتێب بازیی، سەرچاوەی ئەم ڕەخنەیەن؟ بە یەکسان وەرگرتنی مێژوو سیاسەتە کە دەکرێ ئەم تایبەتمەندیەی مێژوو بگۆڕێت.)) مانای ئەم داوا بە ناوبانگەی گرامشی، پەیوەندی بە چۆنیەتی کردنەوەی کۆدی چەمکی سیاسەتی هەرکەسێک و تێگەیشتنیەوە هەیە. گرامشی لێرەدا دوو گۆڕانکاری جیا بە دەستەوە دەدا کە لە ڕاستیدا هاوئاڕاستەن. یەک، سیاسەت ((ئەوشتەیە کە دەبێتە واقعیەت، نەک هەوڵی زۆرو دوبارەکراوە بۆ بە واقعیەنکردن، ئەو هەوڵانەی کە هەندێجار دەبێتە شکست)). گۆڕانێکی دیکە ئۆرگانیترە، بۆ سەردەمێک دەگەڕێنەوە کە مێژوو سیاسەت یەکدەگرن، لە بۆچوونەکانی فیورباخ وەرگیراوە. لە 1920 بە دواوە، گرامشی پابەندی ئەو ئەندێشەیە بوو کە ئەوەی پەیوەندی بە پێکهاتن و وەرچەرخانی هێزەکانی بەرهەم هێنانەوە هەیە، دەبێ واز لە هێما هونەری و تەکنیکیەکانی بێنێ و

بەهۆی مانا سیاسیەکەی هەڵبسەنگێندرێت، مانای سیاسی لە پێگەی بەشێک لە ئێکرِایی ئۆرگانیکی، بۆخۆی داتاشراوی ئێکرِایی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە. ئەوەی سەرەنجام داکۆکی لە ((تایبەمەندی سیاسی)) فەلسەفەو ڕەهەندی ئێکرِاییئر، هەرجۆرە چالاکیەکی هزری و داهێنان دەکات، بە ڕاستی هەمان بەڵگەیە کە ئۆردین نوقۆ لە داکۆکی تایبەتمەندی سیاسی هەموو جیهان ئاڕاستەی کردووە.

مەسەلەی ئێگەیشتن لە شێوازێکی دیاریکراوی چالاکی مرۆیی لەبری کردەوەی تەواوویەتێکی کۆمەڵایەتییە. خاڵی بەرایی ئێفکرینی گرامشی، دوبارە ئاشکراکردنی مەیدانی ئابوری ((نەک لە جیاتی مەیدانی بەرهەم هێنانی کاڵا، بەڵکو لە بری مەیدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی))ە، لە ڕوانگەی گرامشی، چالاکی فەیلەسوفێکی فرەزانای تاکی شتێک نییە، بێجگەلە ((کاری ڕابەری سیاسی)) لەجیاتی ((کاری یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی))، یان لەبری ((جۆرێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی کارا کە هەوڵی چاکسازی ناوەندی کەلتوری دەدات.)) گرامشی بە ڕووکردنە خوازەی ئاسایی کە دەسنکەوتی زانستی گەورەی مارکسیزمی ناوی ڕەنگدەداتەوە دەبێت شیکردنەوەو شرۆڤەی کۆمەڵگا لەسەر بنچینەی ((ئابوری)) بێت و سەرخانەکان هەمان ((هێماکان)) ن، لە نوێووە چەکی دەروون هەرمانی دەخاتە بەرباس کە((ئێکرِای پەیوەندی سیاسی شیدەکاتەوە، پەیوەندیەک کە مرۆڤی ڕاستەقینە ئێیاندا ژیان و چالاکی دەکات))، لە ڕوانگەی گرامشی ئەم چەمکەیە کە دەکرێت جارێکی دی درێژە بە هەناوی ئایدیالیستی و لە پێگەی ((هەناوی گروپێکی کۆمەڵایەتی)) بداو پێوەی خەریک بێت.

# زانستی مێژوو سیاسەت

دوو پێناسەی مارکسیزم، یەک مارکسیزم لە جیاتی مێژووخوازی ڕەهاو دوو لە بری فەلسەفەی کار، دوو کرداری جیاوازی هەیە.

یەکەم پێناسە گوتاری فەلسەفی پۆست مارکسیستی کێش دەکاتە ململانێوە، گوتارێک کە هەروا درێژە بە کەڵک بردن لە چەمکی ((مێژوو)) دەدا، بێ ئەوەی دەستنیشانی بکات مێژوو چییە.

پێناسەی دووەم بەپێی دەقێکی مارکس پیشانی دەدا کە دەکرێت چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان، چەمکی سیاسەت لەبری هەناوی گروپێکی کۆمەڵایەتی بونیات بنێت. گرامشی لە هەردووکیاندا مەبەستی نییە، بچێتە ناو وردەکاریەکان و فەلسەفەی مارکسیستی شرۆڤە بکات، بەڵکو بە هۆی ڕەخنە نادیارەکانی هەندێک فەلسەفەی پۆست مارکسیستی خەریکە چەمکی ئەوەری زیندوو بکاتەوە، لەکاتێکدا پێناسەی مێژووخوازی ڕەها ڕاستەوخۆ بۆ نادیارەکانی فەلسەفەی کروچە دەگەڕێنەوە، فەلسەفەی کار، بوژانەوەی ئەو ئەندێشەیەی مارکسە: ((بەڕاستی ڕزگارکردنی جیهانی مێژوو)). گرنگی ئەم فەلسەفەیە لە ڕاڤەیەکدایە کە لە ماتریالیزمی مێژوویی دەیخاتەڕوو، لەکاتێکدا ئەگەری تێگەیشتنی گرنگیەتی واقعی چەمکی نوێی مێژووەوە، کە لە لۆژیکی ناوکی فەلسەفەی مارکسیزم دا پێویستە.

پێشتر لە ساڵی 1921، کاتێک گرامشی بەهۆی پێشنیازی هەناوی بەدەر لە مارکسیزم ڕەخنە لە بەرگسۆنیزم دەگرێ، لەوباوەڕەدابوو: ((دەبێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگای سەرەکی بۆ کارڵ مارکس و فریدیچ ئەنگڵز بگەڕێینەوە، چونکە تیۆرێکی وردیان لەبارەی شرۆڤەی مێژوو سیاسی لە تێفکرینی فەلسەفی دەرکێشا.))، بۆئەوەی لە ڕێگای تێگەیشتن لە فەلسەفەی کار هەنگاوێک باوێین، پێویستە ئەو بەشەی کاری گرامشیمان لە زەین دابێت، کە تێیدا بۆچوونی باوی ماتریالیزمی مێژوویی بگۆڕێت، بۆ زانستی مێژوو سیاسەت. ئەم گۆڕانە گۆڕانی چاکسازی ناسی نییە.

لەم خاڵەدا هەرجۆرە نزیکیەک لە کاری لابریۆلا کۆتایی پێدێ و پەیوەندی بەرهەمی سیاسی لینین و بۆچوونەکانی فیورباخ دەردەکەوێت، پەیوەندیەک کە بۆ تێگەیشتنی ڕاڤەی سەرلەنوێی گرامشی لە مارکسیزم لینیزم بنەڕەتییە. کاری لینین نەک لە پێگەی بوژانەوەو بەکاربردنی تیۆرێک بۆ ناوەڕۆکەکانی مێژووی نوێ، بەڵکو لەبەر بینای تێکڕاییەکەی جێی سەرنجە، بینایەک کە تا ئەو سنوونە پەیوەندی بە زانستە سیاسیەکانەوە هەیە، دەکرێت ناوکی فەلسەفی حەقیقی ئەم زانستە لە نوێووە بێنێتە مەیدانەکەوە.

گرامشی بە سەرنجدان بە پەیوەندیەک کە لینین لە نێوان فەلسەفە و زانستی مارکسیم دایمەزراند، ئاوەها پێناسەی لینینزم دەکات: ((سیستەمێکی یەکگرتووی بیرکردنەوەو کردەی ئەزمونی کە هەموو شتێکی ناخی، لە مەسەلە تێکڕاییەکانی جیهانەوە بیگرە تا گچکەترین کێشەکانی ئۆرگانیزەکردن، لە هەناوی پەیوەندی دوولایەنەوە تێگەیەنراو ئاڕاستە دەکرێت)).

لە ساڵی 1924 دوای ئەوەی لە پێنجەم کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی کۆمۆنیستی، چەمکی نوێی ((مارکسیزم – لینینزم)) بووە تەوەری بانگەشەی ئایدۆلۆژی، ئۆردین نوڤا وتارێکی دوورو درێژی بە قەڵەمی لانگۆبارودی بڵاوکردەوە زەحمەت نییە، لەم وتارەدا هەموو ڕاڤەکە دەستنیشان بکەین کە گرامشی پاش ماوەیەک لە تێفکرینی لینین، وەک پێشکەوتووترین ڕاڤەی مارکس لە ڕوانگەی مێژوو، دەخاتەڕوو ڕاڤەیەک دەکرێت دوای ئەنتەرسیۆنالی دووەم، تیۆری هەمەلایەنەی ڕێنماییەکانی مارکس شەن و کەو بکات.

دەوری لینین لە وتارەکەی لانگۆبارودی، لە شرۆڤەیەکی ماتریالیزمی مێژوویی دیاری دەکرێت کە لە نۆژەنکردنەوەی چەمکی کاری فەلسەفەی مارکسیستی دەکۆڵێتەوە. تێزی ((پێداچوونەوەی دووبەرامبەر)) ماتریالیزمی مێژوویی بەدەستی ڕیڤیزیۆنیستەکان، پێشنیازکراوە.

ڕیڤیزیۆنیستەکان پیشبینی قۆناغێکی پێکهاتنی ئاشتیانەی سەرمایەداری دەکـەن کە لەبری لایەنگری بنەمایی دێنە مەیدانەکەوە، مارکسیستە ئەرتەدۆکسەکان بەم چەشنە ئەم گروپەیان پێناسە دەکرد:((خێزاندارانی تیۆرێک کە بەکورتی لە بنەما دۆگماییەکان بەرجەستە بووە)): ((بە سادەیی لە بیریان نەما کە مارکسیزم تیۆری کردەیەو کردەی شۆڕشی جەماوەری پێشگریمانەیەتی، بەمەش تێفکرینی مارکسیستی ئاڕاستەی تێکڕای توێژینەوە مێژوویی و ئابوریەکانی گۆڕی، لە دوا دەیەکانی سەدە، تەنانەت لەکەمپەکانی مارکسیستی ئەرتەدۆکس، ئەم تێفکرینە بۆ ئامڕازی لێکۆڵینەوە گۆڕا، مێتۆدێکی ئاشتیانە بۆ توێژینەوە، بنەماگەلێک بۆ لە پشت مێز دانیشتن. ئەم تێفکرینە، بە ئاسانی گیانی خۆی لە دەستدا.))

گرامشی لە سەرەتای یەکەم بە پێداچوونەوەی ((ئەرتەدۆکسی)) دژایەتی مارکسیزمی کرد. ئەم پێداچوونەوەیە لە ئاستی فەلسەفی مارکسیزم بە یەکسانی ماتریالیزمی کۆنی دەزانی و لە ئاستی تێگەیشتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ماتریالیزمی مێژوویی دەگۆڕی بۆ ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە، چونکە نەیدەتوانی بە ئامرازێکی شرۆڤەی پرۆسەی سیاسی لە پێشکەوتندا بزانێت.

گرامشی بۆخۆی پێشتر لە نوسینێکی بەراییدای گەیشتبووە ئەنجامێک، دەکرێت بە چارەسەری کێشەکانی بزانی کە لەهەموو نێرامانەکانی داهاتووی گرفتاری دەبـوو: هەڵسەنگاندنی شۆڕشی ڕوسییە بە بەڵگەی نەبوونی هاوسەنگی نێوان کامڵبونی ئابوری و سیاسی، دەشیا تێکڕای شۆڕش ڕەتبکرێتەوە، بە هەمانشێوە کە هەندێک لە گروپە چینایەتیەکانی کرێکار بە پەنابردنەبەر ڕاڤەی حەتمی ماتریالیزمی مێژوویی بەم چەشنەیان کرد: ((بنەما سیاسیەکان وەک پێویست سەر بە بنەما ئابوریەکانن: بە شێوازەکانی گۆڕین و ئاڵوگۆڕ.)) بەم شێوەیە زۆرێک بە ڕاگەیاندنی ئەم فۆرمۆلە، گومان دەکەن کە تەواوی مەسەلە سیاسی و مێژووییەکانیان چارەسەر کردووە...

لینین یۆتۆپیاخوازە و پڕۆلیتاریای ئیفلیجی ڕوسیە لە وەهمێکی بە ئێکرا یۆتۆپیایان بەسەر دەبرد، لە کاتێکدا بێداری ترسناک و خۆ لێ نەدزراوە چاوەڕوانیانە.)) بەمەش پێگەیەکی سیاسی دیاریکراو ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەیەکی گەورەی تیۆری پێشنیاز دەکات: چۆن شرۆڤەیەکی سیاسی بدەین بە دەستەوە کە تەبای ڕاڤەی مێژووی مارکسیستی بن. گرامشی لاو دەنوسێ: ((بەرهەمی بنچینەیی ماتریالیزمی مێژوو، بە کەڵک خوێندنەوەو تێگەیشتنی ڕابردوو دێن و نابێت بە گرەنتیان بزانین، بۆ تێگەیشتن لە ئێستاو داهاتوو.))

ئەم ڕاڤەیە ڕوانگەی دووفاقی گرامشی دەردەخات: لەلایەک ڕاڤەی باوی ماتریالیزمی مێژوویی و ئابوری باوەڕی بە وەکیەک دەزانی و لە لاکەی دیکە، ئابووری باوەڕی و کەمکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی بۆ ناوەندی سەرەکی ڕاڤە.

ئابوری باوەڕی برپتییە لەبەر تەسک کردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی بۆ پێداچوونەوەی مێژوو، لە ئەنجامدا کۆسپی بەردەم هەڵسەنگاندنی پرۆسە مێژوویی و سیاسیەکان. خستەڕووی ڕاڤەی هاوشێوەی ڕاڤەی باوی مارکسیزمی ئەوروپی کۆتایی سەدەی نۆزدە لە مارکسیزم، هەڵەی مارکسیستە ئەرتەدۆکسەکان بوو. دەکرێ کروچە بە ڕیڤیزیۆنیستێک بزانی، ئەگەر لە زەینی بگرین کە پێناسەی بۆ مارکسیزم، شێوازبەندی دژواری ڕاڤەی ئەرتەدۆکسی بوو. گرامشی لە نامەیەکدا بە مێژووی مەی 1932 دەنوسێت: ((کروچە وەک ڕیڤیزیۆنیستێک دەوری لە دامەزراندنی قوتابخانەی ئابوری یاسایی مێژوودا هەبوو.))

دەبێ چارەسەری ئەم بنبەستە لە هێنانەوە مەیدانی دووبارەی چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەنتاگۆنیستی بەرهەم هێنان بدۆزینەوە. دەکرێت ئەم چەمکە بناخەی تیۆرێکی گشتی مارکسیزم بێ، تیۆرێک کە تەواوی مەسەلە فەلسەفییە کۆنەکانی، هەڵوەشاونەوەو شێوەبەندی کراون.

ئەگەری گواستنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی لە ڕابردوو، بۆ ئێستا دەرەنجامی ئاشکرابوونی جارێکی تری زەینی گرووپی کۆمەڵایەتی دوژمن، زەینیەتی ((کردەی شۆڕشی جەماوەر))ە، کە دەکرێ وێنایەکی هەنوکە لە جیاتی مەیدانی جەنگی تیرۆری لێکدژ ئاڕاستە بکات.

لە وتارێکدا 1924 کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، مارکسیزم بە ((تیۆری کردە، تیۆرداڕێژی کارەکانی مرۆڤ)) زانراوە، بەڵام ((کارەکانی مرۆڤ)) شتێک نییە، بێجگە لە پێکدادانی هێزەکانی دوژمن لە پێگەیەکی دیاریکراو، پێگەیەک کە بە ئەندازەی گونجان و زانیاریەکەی، ئەنجامێکی لەگەڵە کە لە سەرەتای یەکەم، لە ڕوانگەی واتایی شیاوە. کێشکردن و هەزمی سەرلەنوێی ماتریالیزمی مێژوویی وەک تەوەرێک و ناوەندی سەرەکی، بۆ گرامشی نەشیاو بوو، چونکە کروچە کاتێک گوتبووی دەکرێت لەسەر بنەمای سیاسی ئەنجامگیری زەینیەتی زانستی بکەی و لەم ڕێگایەوە دەتوانی ئیرادەی کۆمەڵی بە دەربڕی لێکدژیەکانی واتایی بزانی کە لە ڕوانگەی زانستییەوە شایانی شرۆڤەن.

ئەم چەمکەی گرامشی بە ئاشکرا لە پەلاماری وریایانەی بۆ ئەم تێزەی ئەنگڵز، ئاشکرای کردووە، کە پێولبوو دەبێت ڕووی زانستی مارکس لە ماتریالیزمی مێژوویی و تیۆری بەهای زێدەباییدا بدۆزینەوە. گرامشی لە ساڵی 1926 وەڵامی ئارسۆرو لابریۆلای دایەوە، کە ببووە ڕاڤەکاری بیروباوەڕی باو دەربارەی نەریتی پێشتری مارکسیستی و خاڵی بنەمایی ڕاڤەکەی ((پیشاندانی پێویستی مێژوویی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا)) بوو، بە کاربردنی فۆرمۆلی سیاسی لەم ڕێگایە نابێت تەفرەمان بدا، ئەم شێوازەی دەربڕی ئارەزوو بۆ بەگژداچوونەوەی چاوپێداخشاندنەوەی مارکسیزم لە بری تیۆرێکە کە بە شێوازێکی دەرهەستەیی، واتاییە: ((پێشتر، مارکس لە تێزەکانی فیورباخ وتبووی کە پەیامی سەردەمی ئێمە نەک مەدحی شانوباڵی جیهان، وەرچەرخانیەتی. دووپاتکردنەوەی زیاد لە ئاستی ئەو

بەشەی مارکسیزمە کە تاریفی جیهان دەکات و شاردنەوەی بەشی زۆر گرنگتری شوێنکەوتەی ئۆرگانیزەکردنی هێزە کۆمەڵایەتیە شۆڕشگێڕەکانی، پرۆلیتاریایە، هێزێک کە دەبێت جیهان وەرچەرخێنێت، واتا کەمکردنەوەی مارکسیزم بۆ ئاستی خواوەندیەت، ئاساییە.))

دوو زاراوەی ((خواوەندیەت)) و ((قوڵبوونەوە)) کە لەم دەقە سیاسیەی ڕاڤەی مارکسیزم لە کردەوە سیاسیەکانی جیایە، هەمان دوو زاراوەن کە گرامشی لە زیندان بە هۆیانەوە پەلاماری ئەو کۆمەڵە چەمک داڕێژیەی مێژوو دەدا کە تەبای شۆڕشی زانستی مارکسیستی نین. ((فەلسەفەی کار، چەمک داڕێژی مێژووخوازانەی واقعیەتێکە کە لە هەرجۆرە پاشماوەیەکی باڵادەستی و خواوەندیەت، تەنانەت تیۆریترین بەرجەستە کردنی، ڕزگاریان بووە. مێژووخوازی ئایدیالیستی کروچە وەک لە قۆناغی خواوەندێتی تیۆری ماوەتەوە.)) مارکسیزم پیشانیداوە چۆن چەمکی زەینیەت لە تێکڕای نەریتی ئایدیالیستی، دەبێت لە جیاتی ((شێوزای ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی پاشکۆیی و ڕێگایەک بۆ ڕێنماییکردنی کۆمەڵگا بە مەبەستی گەیشتن بە یەکگرتوویی ئەخلاقی)) تێی بگەین، ئەگەر ئەم زەینیەتی کۆمەڵایەتی و ترسی ئامانجێک تێکڕا لە مارکسیزم خۆی ئامادە بکات، کە لە مێشکیدایە، ئەوکاتە بە حەتمی نقومی تیۆری باو دەبێتەوە.

ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ ماتریالیزمی مێژوویی بۆ جۆرێک زانستی سیاسەت بگۆڕێت، ئەگەر بکرێ لە چنگی کاریکاتێرئاسای مێژوو کورت بکرێتەوە کە ماتریالیزمی مێژوویی بۆخۆی سەرچاوەیەتی. بەپێی ئەم چەمکە((مێژوو وەک ئیدارەی پان و درێژە، لە لایەک چەک و پسوڵەی پارە دەردەکرێت و لە لاکەی دیکە، بودجە دەخەملێنرێت، لە دۆخێکدا کە لەبەشی بودجەکان پێنج (لیرە)، بۆ سەرمایەداری و ئابوری ڕەچاوبکرێت، لەبەشی تردا چەکی پێنج لیرە، بۆ سیاسەت و سۆسیالیزم دەردەکرێت.)) لە هەلومەرجێکی وادا، خستنەڕووی شرۆڤەیەکی پرۆسەی شۆڕشگێڕی نەشیاو

دەبێت، بۆ گەشەپێدانی شیکارێکی وا پێویستە بەو گریمانە دەست پێ بکەین کە مارکسیزم، ((بەهۆی تویژینەوەی پەیوەندی نێوان شتە مادیەکان، دەیەوێ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان شی بکاتەوە و ئەم قسەیە هەرگیز بەو مانایە نییە، کە دەیەوێ مرۆڤەکان وەک کۆیلەی شتە مادیەکان پیشانبدات.)) بەمەش ((ڕۆدەچینە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەکانەوە، هەرچەند کاریان شرۆڤەکردنی پەیوەندی نێوان شتەکانە، بەڵام بەهۆی فۆرمۆلی ((چەک)) و ((پسوڵە)) تایبەت نابێت بەم کارە.)) مەسەلەی سەرەکی گرامشی، خستنەڕووی ((چەمک دارِێژی میتۆدی سیاسی مارکسیستی))ە. ڕێبازی لینین، واتا ((تێگەیشتن لە شێوازی ڕەفتاری شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی هەر پێگەیەک، بە ئامانجی دیاریکردنی تاکتیکەکانی سەربەو پێگەیە))، دەستکەوتێکی نوێیە کە گرامشی پەنای بۆ دەباو دژی ئێوە دەیخاتەڕوو کە ئامانجی ئەنجامگیری سەرخانە لە ژێرخان، پێشنیازێک کە بەشێوەیەکی سروشتی لە بیرکردن و خستنەلاوەی ((پاشکۆیەتی بە گژداچونەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی)) لێدەکەوێتەوە.

تـاتـەواوی میتۆدناسی ڕاڤـەی بـاوی ماتریالیزمی مێژوویی، لە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو مێژوویی تردا ئاشکرا دەبێت و کاریگەری بەرچاوتر و هەمەگیرتر بەجێ دێڵێت. خراپ نییە جیاوازیەک بیربێنینەوە کە گرامشی لە نێوان ((فەلسەفەی کار)) و ((ئابوری باوەڕی مێژوویی)) دەیکات: ((کاتێک لە پێکهاتەی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەم دەرەنجامە دەگەن کە نابێ ((ئابوری باوەڕ))مان بە فەلسەفە لێ بگۆڕێت، دەبێ چ بایەخێک بۆ ئابوری باوەڕی دابنێت؟ ئاشکرایە کۆمەڵێک دەوڵەمەند کە پەیوەندیان بە چارەنوسی وڵاتی تایبەتەوە هەیە، دەکرێت سیاسەتی ئەم وڵاتە بە هاندان بۆ شەڕ یان بەرگرتنی، ڕێنمایی بکەن، بەڵام لێکۆڵینەوەی ڕاست و دروستی ئەم واقعیەتە لە داهاتوو لە مەیدانی ((فەلسەفەی کار)) نییە، لە مەیدانی ((ئابوری باوەڕی مێژوویی))ە، بانگەشەیەک کە بە گوێرەی، ((فاکتەکان،

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ڕێکەوتی، دەکەونە ژێرکاریگەری سروشتەکانی کۆمەڵی تایبەتیەوە. ئاشکرایە کە ((بۆنی نەوت)) دەتوانێ چ بەڵایەک بە سەر وڵاتێکدا بێنێت، بەڵام ئەم ڕابێژیە کۆنترۆڵکراو دیارە، ناکەونە مەیدانی فەلسەفەی کارەوە، بە پێچەوانە کەسانێک ئەم ڕابێژیانە قبوڵدەکەن و دەری دەبڕن کە بەکورتی فەلسەفەی کاریان ڕەتکردبێتەوە. دەکرێ بگوترێ هۆکاری ئابوری (مانای ڕاستەوخۆو یەهودایی ئابوری باوەڕی مێژووییە)، ڕێگایەکی تەواو نەبووە کە ڕەوتی مێژوویی ناوەڕۆک زۆرو قوڵی خۆی دەخاتەڕوو (ڕێگای دیکەی هۆکاری ڕەگەزی، ئایینی و هتد)، بەڵام ڕێک هەمان پڕۆسەی زۆری ناوەڕۆک ئەو شتەیە کە فەلسەفەی کار دوای دەربڕینیەتی و هەر بەو هۆیەیە کە فەلسەفەی کار فەلسەفەیەک، ((مرۆڤ ناسیەک))ە، نەک بنەمایەک بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی.))

بۆ گرامشی ئەوەندە فەلسەفی مارکسیزم و خودی خودموختارو سەربەخۆی ((گرنگ))ە، کە مارکسیزم سەرکەوتووانە تێکڕای پڕۆسەی مێژوویی هەژماربکات. هەربۆیە دەکرێ فەلسەفەی مارکسیستی ناوبنێی ((مێتۆدناسی مێژوو)). ئەم پەیوەندیەی نێوان فەلسەفەو زانستی مێژوو، سنورەکانی ئابوری باوەڕی دیاری دەکات، هەروەها بنەمای ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی بوخارینیش دادەتاشێت. سۆسیۆلۆجی بوخارین هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی دیسپلینی شیکاری کۆمەڵایەتی مارکسیستی بەهۆی لە بیرکردنی داهێنانی بنەمایی مارکسیزم، واتا چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان، کە ئاقیبەت ئاڕاستەکردنی چەمکێک فەلسەفە لە بری تیۆری مێژوویی لێدەکەوێتەوە.

خوێندنەوەی ماهیەتی زانستی مارکسیزم، یان بە کاربردنی چەمکێکی یاسا ئەنجامی درزی نێوان ماتریالیزمی دیالەکتیکی و ماتریالیزمی مێژووە، کە لە زانستی سروشتی وەرگیراوە، کەلێنێک کە دەرەنجامەکەی، ملدانە بۆ شێوە نامۆکانی بیرکردنەوە.

گرامشی بەر لە گرتوخانە دەستی بە دیالەکتیکی خۆی کردبوو، لەگەڵ بوخارین. تەنیا چەند بەشێک لەم دیالەکتێکە ماوە، بەڵام ئەم بەشانەش گرنگی تایبەتیان هەیە، چونکە پێشەکی بابەتێکی وردن، کە پاشان گرامشی لە یاداشتەکانی دەیانگرێتەبەر. بوخارین لە پێنجەم کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال، لە وتارێکی دەربارەی کێشەکانی یەکێتی ئایدۆلۆژی ئەم جوڵانەوەیە، بوونی شێوەکانی ((ئایدیالیزمی ئارەزومەندانە)) لەحزبی ئیتاڵی، لە جیاتی شێوەی تایبەتی بوژانەوەی لایەنگری ((هیگڵ خوازی کۆن))، ڕەتکردەوە. تۆمەتبارکردنی بوخارین پەیوەندی بە تۆمەتبارکردنی باوەکەی هەبوو کە دەدرایە پاڵ چەپەکانی بۆردیگایی و کێشە سیاسیەکان فەزایەکی وشک و سازگاری پیشاندەدا، کە لە 1925 دەقی گرتبوو ئامانجی، کردنە بەڵشەفیکی حزبە کۆمۆنیستیەکان بوو. ڕەنگە ئەم کارە ڕوونی بکاتەوە بۆچی گرامشی، پێشەکی و بەشی یەکەمی کتێبی ڕێنماییەکانی بوخارینی بە ناوی شیکردنەوە و درێژکردنەوەی فێرکاری هەندێک لە بنەما بنچینەییەکانی تیۆری مارکسیستی، بۆ قوتابخانەیەکی حزبی کردە هاوبەش، بەڵام بەراوردێکی گۆڕینی بڵاوکراوە و دەقی ئەسڵی، دەری دەخا لە بەشی ئەنجامگیری پێشەکی بوخارین لادانێک کراوە کە بیانووی هەیە، لە ڕوانگەی تیۆری ئامانج بووە.

بوخارین دەنوسێت: ((هەندێک لە هاوڕێیان گومان دەکەن تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی ناکرێ بە هیچ ناونیشانێک بە جۆرێک سۆسیۆلۆجی مارکسیستی دابنرێ، هەروەها ناکرێت بە شێوازمەندی گەشەی پێ بدرێت. ئەم هاوڕێیانە گومان دەکەن تاکە مێتۆدی بە کەڵکە بۆ مەعریفەی مێژوویی و ڕاستیەکانی ئەم مێتۆدە بەهۆی لێکۆڵینەوە لە پێشهاتەکانی پاشکۆی مێژوویی شایانی بە دەستهێنانە.)) ئەم پەرەگرافەو بەشی داهاتووی کە ماتریالیزمی مێژووییەکەی وەک ((بنەمای تێکڕایی کۆمەڵگاو یاسای پێکهاتنی، یان بە دیوێکی دیکەدا هەمان سۆسیۆلۆجی)) پێناسە کراوە.

دوو بەشێک کە لە ڕاستیدا کورتەی مەبەستی سەرەکی پێشەکیەکە بوون، لە گۆڕینی گرامشی لابراوە و لە بری بابەتێکی دیکە هاتووە، ئەگەر بە دیقەتەوە لێبیڕوانین شتێک نییە، بێجگە لە هەمان وەڵامی داهاتووی گرتوخانە بۆ ڕاڤەی ماتریالیستی مێژوویی لە بری سۆسیۆلۆجی: ((بنەماو تاکتیکەکانی کۆمۆنیزم بەبێ ماتریالیزمی مێژوویی دووره دەستن. لەم ناوەدا ژمارەی ڕەوتی بۆرژوازی زۆرە، کە تەنانەت هەندێکیان نەیانتوانیووە بچنە کەمپی پڕۆلیتاریاوەو دەیانەوێ گرنگی بە فەرمی ناسینی هەندێک تایبەتمەندی ماتریالیزمی مێژوویی، کاڵ بکەنەوەو لە مانای سەرەکی بە تاڵی بکەنەوە، کە هاومانای شۆڕشگێڕییە. وەک نمونە، بندتۆ کروچە دەنوسێت: دەبێت ماتریالیزمی مێژوویی بۆ ئەنجومەنێکی زانستی مێژوو کەم بکاتەوە، زانستێک کە ناکرێت ڕاستیەکەی بە شێوازێکی ئامانجدار بەهۆی جۆرێک تێڕوانینی تێکڕایی جیهانی بە دەست بێنێت، بەڵکو کاتێک ئەم ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە ئەم زانستە بۆ نوسینی کتێبی مێژوویی بەکاربێنن... ئەوەندە بەسە لە بیرمان بێ کە ماتریالیزمی مێژوویی، نەک کۆمەڵێک ڕێسا بوو بۆ لێکۆڵینەوە و شرۆڤەی مێژوویی، بەهای خۆی لە زنجیرەیەک شاکاری ئەدەبی بە ئاشکرا پیشاندا، بەڵکو بە چوونە پاڵی شۆڕشی ڕوسیەش لەبری دیاردەیەکی زیندوو ڕاستی و مێژوویی بە کاربرا.

ماتریالیزمی مێژوویی لە جوڵانەوەی جیهانی کرێکارانیشدا هەبوو، جوڵانەوەیەک کە بەردەوام و بەپێی پێشبینیەکانی مارکس بڵاو دەبۆوە. ئەم بڵاوبونەوە بە پێچەوانەی پێشبینیەکانی فەیلەسوفانی بۆرژوا بوو گومانیان دەکرد ئەم پێشبینیانە پەیوەندی بە دنیای خەیاڵەوە هەیە، بە کەڵکی نوسینی کتێبی مێژوویی دێت، هیچ کردەوەیەکی زیندوو دینامیزمی بۆ ژیان نییە.))

لێرەدا، بوخارین ڕەخنە لە کروچە دەگرێت. ئەم بەشە بە باشی جیاوازی مارکسیزم لە بری میتۆدناسی مێژوویی، دابەزاندنی مارکسیزم بۆ کۆمەڵێک ڕێسا پیشان دەدات.

خاڵی دووەم نەک لە سەربنەمای شیکردنەوەو درێژکردنەوەی شێوازمەندی بنەماکانی مارکسیزم (ڕوانگەی بوخارین)، بەڵکو بەپێی هەوڵێک بۆ پاراستنی پێگەی مارکسیزم لە جیاتی فەلسەفە، گەرچی زمانی سیاسی، وەڵامی کروچەی دایەوە. ئەم کارەی بە پیشاندانی توانای دیاریکردنی ئەم فەلسەفە بۆ دەوربینین لە پێگەی زانستی سیاسەتی پرۆلیتاریا بەدیهێنا. گرامشی لە یاداشتەکانیشیدا ئاماژە بەم خاڵە دەکات: ((لە دوا بەشی پێشەکیەکە، نوسەر لاوازە لە وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانەی کە گومان دەکەن فەلسەفەی کار لە بەرهەمەکانی پاشکۆیی دەربارەی مێژوو کارایە. لە پەروەردەی چەمکی فەلسەفەی کار لە جیاتی ((میتۆدناسی مێژوویی)) تێدەمێنێ و ناتوانێت دەری بخات ئەم فەلسەفەیە، تاکە شێوەی فەلسەفەی پاشکۆیە. بە دەربڕینێکی دی ناتوانێت لە ڕێگای دیالەکتیکی ڕاستەقینە، مەسەلەیەک پێشنیازو چارەسەر بکات کە کروچە لە ڕوانگەی دیالەکتیکی هەوڵی پێشنیازو چارەسەرکردنی دا بوو.))

ئەمجارەش مەسەلەکە بەیەکزانینی مێژوو فەلسەفەیە و لەم ڕێگایەوە چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی یەکگرتنی مێژوو فەلسەفەی لێدەکەوێتەوە. گرامشی بۆی زیاد دەکات پەسەندکردنی ئەم تێزە کە مارکسیزم ((توێژینەوەی چوونە پاڵی ڕابردوو چالاکی لە ئێستادا، بۆ بونیادنانی مێژوویەکی نوێیە))، واتا وردکردنی ناوکی تیۆری مارکسیزم و گۆڕینی بۆ ئاکاری کرداری نییە، چونکە ((تەنانەت ئەگەر فاکتەکان بە درێژایی ڕەوتی مێژوو هەمیشە یەک و نەگۆڕبن، دەکرێ لە بارەی چەمکەکان تیۆردابڕێژی.)) تێکڕایی کردنی ئەم ئاکارەی کاری ئەزمونی، بەهۆی جێگرتنەوەی شرۆڤەو درێژکردنەوەی میتۆد بە تاریفکردنی هەندێک لە هاوشێوەو یەکسانییەکان شیاوە، هاوشێوەییەکان کە فرەیی مادی پرۆسەیی مێژوویی پاشکۆیی، بەمەبەستی بەرگرتن تایبەت ناکرێن. ڕەخنەی چەمکی یاسا لەڕوانگەی بوخارینەوە، پەلاماردانی واتایی پرۆسەی مێژوو ناگەیەنێ، بەڵکو جەخت لە نەشیاو بوونی دوبارە پەسەندی

به هەڵە وەرگرتنی تیۆر بە میتۆدی تێکڕایی کردنی لێکدا لێکدا دەکاتەوە. لێرەدا مەسەلەکە دەگـۆڕێ بۆ کێشەی لۆژیکی مەعریفەی مێژوویی: ((دیالەکتیکی مێژوویی جێگای خۆی دەداتە یاسای هۆو هەوڵ بۆ یاسایی بوون، بە ڕێسا بوون و یەکسانی، بەڵام چۆن دەکرێت لەم شێوازەی ڕوانین بۆ شتەکان، باڵادەستی و ((بەرزەتری)) کار دەربکێشی؟ بە دەربڕینی میکانیکی، نەخۆش قەت ناتوانێت هۆی سیستەمی هۆکارەکان تێپەڕێنێ و لە ئەنجامدا دەسکەوتی شتێک، بێجگە لە پەرەپێدانی ڕواڵەتی و سواوی تیۆری کامڵ نابێت.))

# دیالەکتیک

ئاڵۆزیەک لە یاداشتەکانیدا هەیە کە ساڵی 1925 لە ڕیناسیتادا، بەم چەشنە پەیوەندی گرامشی و لابریۆلا دەردەبڕێ: ((لێکۆڵەرەوانی مارکسیست، لە لابریۆلا بۆ لایەنگری جۆرێک ڕاڤەی یەکلایەنە، بنەماکانی سۆسیالیزمی زانستی سنوردارو بە زۆری ترسناک دەبینن، لە کۆتاییدا هەمان لایەنگریە کە لابریۆلا بۆ هەڵەیەکی ترسناکی وەک سەرنجی بۆ ئیمپریالیزمخوازی ئیتاڵی کێشدەکات، لە ئاستی تێکڕایی تر پێگەی لەشوێنی تیۆرداڕێژێکی سۆسیالیستی ئیتالی لاواز دەکات.

ئەنتۆنیۆ گرامشی کە بەجۆرێک قوتابی کۆشاو بیرتیژی لابریۆلا بوو، ئەم لایەنگریە هەڵەیەی ڕاستکردەوە، مارکسیستێک ناتوانێ و نابێت شیکاری ڕاستییە سیاسی و مێژووییەکان بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی هۆو هۆکاری نێوان پێگەی ئابوری و پێگەی کۆمەڵایەتی سیاسی کورت بکاتەوە. مارکسیستەکانی هونەرمەندو ڕواڵەتی بەم چەشنە لە مارکسیزم دەگەن، نازانن لای مارکسیستێک خودی پەیوەندی هۆ زۆر ئاڵۆزە، پەیوەندییەکە کردەو کاردانەوە، پێوەندی و بەرەنگاری دیاری دەکات، بەمەش بەهەمانشێوە کە لینین دەڵێت، پرۆسەی مێژووییە (Cause Sue – بە لاتینی، مانای شتێک کە بۆخۆی هۆیە)و بەردەوام، نەک بۆ پەردە لادان لە شێوازی ئەفراندنی دیالەکتیکی هێزە ڕاستەقینەکان، بەڵکو بۆ ناسینی توخمە ئەرێنی و نەرێنیەکان و لێکدژو مشتومڕەکان، جێ متمانەیە.)) ناڕاستەوخۆ مەسەلەی ((چارەنوس خوازی)) لابریۆلا شرۆڤە دەکات، بەڵام قەت بە تایبەتی لە بەڵگەکانی ئەم ڕەخنەیە ناکۆڵێتەوە، هەروەها لە چەمک داڕێژی ماتریالیزمی مێژوویی،

بەکورتی داهێنانی میتۆدناسی گرامشی دەردەبڕێت.

لە ڕاستیدا، دیالەکتیک لە شرۆڤەی پرۆسە مێژوویی و سیاسیەکان، تەبای مەسەلەی هۆیە. گرامشی بیر لەسەرو تری کەمکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی بۆ ئەنجومەنێکی توێژینەوەو لێکۆڵینەوە دەکاتەوەو لە ئەنجامدا هەرهێندەی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی ئەم ڕووداوانە لەبری ئەنجامی خەباتی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکانی گیرۆدەیان، گرنگی بە ڕووداوەکان دەداتەوە. لێرەدا سەرکەوتنی باڵێک لە خەبات هەرگیز واتای سەرکەوتنی ئەنتاگۆنیستەکانی کۆمەڵایەتی نییە، ئەنتاگۆنیزم لەنێوان ئەم هێزانەدا دەمێنێتەوەو لە ئەنجامدا لێکدژی ئەبەدی دێنەئارا. دیالەکتیک لاوازی دیاریکردن و چوارچێوەکان، یان ئاڕاستەکردنی پیشاندانەوەیەکی ئاڵۆزتر نییە، سەرباری گەڕانەوەیەکی زۆر بۆ نامەکانی ئەنگڵز دەربارەی ماتریالیزمی مێژوویی، کە ئەنگڵز تێیدا دەوری بەرچاوی بۆ فرەیی هۆکارەکان داناوە، گرامشی پێداچوونەوەی تیۆری تەواو جیاواز هەڵدەبژێرێت، دیالەکتیک فرەیی هۆکارەکان بە خەباتی بنەڕەتی هێزەکان دەبەستێتەوەو دەری دەخات کە چۆن ئەنجامی بژاردە لە هەناوی لابردنی جێگرەوەکانی تر بە دەست دێت، کەلە ڕوانگەی زانستیەوە شیاون.

بەمەش شرۆڤەی مێژوویی لە شرۆڤەی سیاسی جیاواز نییە، بە تایبەت لە ڕووی ئەو کۆمەڵە ڕەوتە مێژووییە کە هێشتا توخمی داتاشراویان کارایە، هاوشێوەی شۆڕشی پرۆلیتاریا کە لە هەناوی شۆڕشی بۆرژوازی سەریهەڵداوە، هەربۆیە پەیوەندی نزیکی نێوان میتۆدناسی مێژوویی لابریۆلا و لاوازی لە خستنەڕووی چارەسەری سیاسی پاشکۆیی بۆ پێکهێنانی جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی، دەبینرێت.

ڕاڤەی مارکسیزمی، تۆمەتبارە کە لە ئاستی ڕاستی کەلتوری بمێنێتەوە و قەت توانای دزەکردنە مەیدانی خەباتی سیاسی نەبێت، لە ئەنجامدا ڕاڤەی لابریۆلاو شێوازی کەڵک وەرگرتنی لە ماتریالیزمی مێژوویی مەیلی لە پاڵپشتی تێزەکانی کروچەیە لە بابەت نەشیاوبوونی راکێشانی بەرنامەیەکی

سیاسی لە ناخی بنەما زانستیەکان. لێرەدا جارێکی دی ڕەخنەی گرامشی لە ئابوری باوەڕی و ڕەخنەی چاکسازیەکانی کروچەیی (دیارە، ئەرتەدۆکسی)، لەگەڵ ماتریالیزمی مێژوویی یەکدەگرنەوە.

لە ئەنجامدا، گرامشی فۆرمۆلی ((دیالەکتیکی ماتریالیستی)) وەلادەنێ و مانای تایبەتی دیالەکتیکی مارکسیستی ((عەقڵانی)) دێنێتە بەرباس. ئەم پرۆسەیە هاوشێوەی ڕەتکردنەوەی ماتریالیزم وەک ناوەڕۆکی فەلسەفەی مارکسیستی، ڕەتکردنەوەی بەرەنگاری ئاکامی ئەم ڕەتکردنەوەیە لە چێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی دوانەیی نێوان فەلسەفەو زانستی مێژوو بەپێی ئەم گریمانانە، ناکرێ دیالەکتیک بە ((بەشێک لە لۆژیکی فەرمی، یان لۆژیکی پشت ئەستور بە خود، یان تیۆرەیەک بۆ مەعریفە بزانی.)) گرامشی قبوڵی ناکات دیالەکتیک، لۆژیکی جوڵان لە بەرامبەر لۆژیکی نەجوڵان دابێت. بەم چەشنە پێناسەی دیالەکتیک دەکات:((جەوهەرو ناوەڕۆکی وتەی مێژوونوسی و زانستی سیاسەت.)) لێرەدە جەختکردنەوەیە لە ماهیەتی دووفاقی ((تیۆری گشتی))، یان ((فەلسەفە))، بە کەم نەکردنەوەی بۆ چوارچێوەی پێشتر دیاریکراو توانای ڕەخساندنی توانینی مەعریفەی پاشکۆیی و زانستێکی پرۆسە مێژووییەکان.

لەم چەمک داڕێژیەی دیالەکتیک لە بری شێوەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی مارکسیستی، گرامشی ئاماژە بە دوو سائی کلیلی دەکات، یەک دیالەکتیک وەک بنەمای وێنای مارکسیستی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کە دەبێ لە باسەکانی دژی یۆتۆپیایی هەژاری فەلسەفە بۆ ڕەگەکەی بگەڕێی. لێرەدا، دیالەکتیک لە جیاتی ئەنتاگۆنیستی تێگەیەنراو دەبێت، بەڵام لە بەرامبەر جیاوازی دیالەکتیکەکان، کەلە شوێنێکی تر وەک بابەتێک بۆ ئەزمون و هەڵە پێشنیازکرابوو، گرامشی بە هەمانشێوە بە دیالەکتیکی هیگڵیدا دەچێتەوە کە مارکس دەربارەی (پرۆدۆن) بەکاری هێنابوو. بەپێی

بۆچوونی مارکس، ((ئاشکرابوونی ئێکڕای حەقیقەت، ئەندێشە لەوپەڕی ئێروتەسەلی، ئاشکراکردنی فۆرمۆلی پێکهاتەیی کە لێکدژی وێران بکات: بەم چەشنەیە مەسەلەی خودی کۆمەڵایەتی.)) پاش کەمێک: ((قوتابخانەی مرۆڤدۆستی هەمان مرۆڤگەرێتی کامڵە. ئەم قوتابخانەیە پێویستی ئەنتاگۆنیزمی ڕەتدەکاتەوە، دەیەوێ مرۆڤەکان بکاتە بۆرژوازی، دەیەوێ تیۆر تا ئەوجێیە پێشبخات کە جیاوازی لە کارببینرێ و هیچ ئەنتاگۆنیزمێک لە تیۆرەکەدا نەبێت، بیناکردنی دەرهەسنەیی لێکدژیەکان کارێکی ئاساییە، کە لە دنیای ڕاستەقینە هەمیشە گرفتاریان دەبین.))

بەمەش دیالەکتیک تایبەتمەندی بوونی ئەنتاگۆنیزمی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکانە. دیالەکتیک ناسینی داتاشراوی پێشگریمانەی حەتمییە، بۆ هەرجۆرە شرۆڤەیەکی زانستی داهاتوو. گوێ نەدان بەم پێگەیە هەڵەیەکی تیۆری نییە، وەرگرتنی هەڵوێستی سیاسی و ئایدۆلۆژیشە. لەم بارەیەوە مەسەلەی، بوژانەوەی توخمەکانی سەرکوتکراو لە ڕەخنەی ئەم بابەتە، کاردانەوەیە، بەڵام لای گرامشی دیالەکتیک سەرباری شێوازێکی تایبەتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جۆرێک میتۆدی مەعریفەییشە کە بۆ گەیشتن بە پێداچوونەوەی پاشکۆیی و واقیع خوازانەی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی ئەنتاگۆنیستی، پێویستە. دیالەکتیک ئامڕازێکە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێک لە یەکگرتویی، تایبەت بوون و پاشکۆیی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، بەهۆی ڕیزکردنیان و جیاکردنەوەی توخمەکانی داتاشراوی تاکی، پێویستە. بەم مانایە دیالەکتیک باشترین ڕێگای ناساندنەوەی چەمکی مارکسیستی مێژوو ئاڕاستەکردنی بەڵگەیەکی ئەزمونییە.

گرامشی لە ((زانستی دیالەکتیک، تیۆری مەعریفە)) دەنوسێت: ((چەمکەکانی ئێکڕای مێژوو، سیاسەت و ئابوری ئاوێتەی یەکگرتویی ئۆرگانی بوون.)) لە شوێنێکی دی هاتووە، کە تایبەت بوونی مارکسیزم توانای خستنەڕووی تیۆرێکە بۆ مێژوو کە تێیدا ((ناتوانرێت سیاسەت و

ئابوری لە مێژوو جیابکەیەوە.))، بەم بەڵگەیە باس دەربارەی سێ توخمی داتاشراوی مارکسیزم تەنیا دەکرێ بەهۆی سەرهەڵدانی مێژووی ئەم بنەمایەی بزانی، بنەمایەک کە پەیامی ئاڕاستەکراو ((یەکگرتویی پێکهاتەیی)) بەشە سەرەکیەکانی بە دەست لێنەدراوی دەهێڵێتەوە. گرامشی لە شیکردنەوەو کرداری پاشکۆیی مانایەی مام ناوەندی دیالەکتیک، میراتی تیۆری بەکاردێنێت کە لە شرۆڤە سیاسیە لینینستەکانی پێی گەیشتووە.

لە مارسی 1925 لە ماوەی چوارەم گردبوونەوەی ڕاپەڕاندنی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی، کە گرامشیش وەک بەرپرسی لقی ئیتاڵیای حزب بەشداری کردبوو، یەکەم ژمارەی گۆڤاری تیۆری بەڵشەفیک بڵاوکرایەوە. لەم ژمارەیەدا بە قەڵەمی لینین گوتارێکی گرنگ بە ناوی ((دەربارەی مەسەلەی دیالەکتیک)) بڵاوکرایەوە، کە لە دەفتەری فەلسەفی بڵاونەکراوەکەی وەرگیرا بوو. ئامانجی ئەم گۆڤارە هەروەک لە داهاتوو بەڕوونی دیاری کرا، بوژانەوەی ماتریالیزمی دیالەکتیک بوو بە گێڕانەوەی پلیخانۆڤ، بنەمایەک کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لەسەردەمی سەرلەنوێ ئاشکرا کردنەوەی هیگڵ لەلایەن مارکسیستەکان بە یەکجاری فەرامۆشکرا. تێگەیشتنی گرامشی لە تێڕوانینی لینین بۆ دیالەکتیک، نەک بە تێکڕایی لێی جیاوازبوو مارکسیست – لینینستەکان دەیخەنەڕوو، بەڵکو بە ڕاڤەی فەیلەسوفە چەپە کاراکانی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاش جیاواز بوو. بەمەش لە ژانویەی 1926، لۆنینا ستونێکی تایبەتی بۆ هەڵبژاردەی دەقی لینینستی تەرخانکردو بە بڵاوکردنەوەی دەقێک دەربارەی جیاوازی دیالەکتیک و ئێلێکتیسیزم، ڕوانینی لینینی بۆ ئەم گوتەزایە پیشاندا: ((پەرداخێک، لە یەککاتدا هەم شوشەیەکی قوچەکی و هەم دەفرێکە بۆ خواردنەوە، بەڵام شتەکانی سەرووی ئەم دوو چۆنایەتییە، تایبەتمەندی و ڕەهەند هەیە، تایبەتمەندیەکان کە ژمارەیان سەر بە بێبڕانەوە دەکێشێت، تابڵێی ((هۆ)) و پەیوەندی ناوەوەیی بە باقی جیهانی پەرداخێک، شتێکی قورسە کە

دەكرێت، بۆ زەربە لێدان بەكاری بێنی، ڕەنگە هاوبارستایی كاغەز بێ، لانەیەک بێت، بۆ پەپولەیەکی ئاوەکی، یان شتێکی گرانبەهای نەخشی هونەری بە سەر قەراغەکەیەوەو هەموویان فڕی بەوەوە نییە، کە دەكرێ بۆ خواردنەوە بە كاری بێنی یان نەخێر، پەرداخ لە شوشە دروستكراوە، قوچەكییە، هتد لە لاكەی تر، ئەگەر ئێستا پێویستمان بە پەرداخێک بێت بۆ خواردنەوە، گرنگ نییە، ئەم پەرداخە شوشەیە یان نا، یان چەند قوچەكە. ئەوەی گرنگە كون نەبێت، یان لەكاتی خواردنەوە لێوم بریندار نەكات، بەڵام ئەگەر پەرداخمان بۆ خواردنەوە نەوێت، بەڵكو بمەوێ وەک قوچەک سودی لێوەرگرم، پەرداخی كون یان ساغ بۆم فەرق ناكات، هتد.

لۆژیكی فەرمی لۆژیكێک کە دوا ئاستی پێشڕەوی قوتابخانەكانە (بە تەنیشت كورتەیەكی گونجاو لە فۆرمە كەم بەهاتر، دەبێت هەم بێت)، لەگەڵ پێناسەی فەرمی دەگونجێت، پێناسەیەک هەڵدەبژێرێت و هەر لەوێ دەوەستێت کە گشتیتر یان ئاشكراتربێت، بەڵام کە دوو یان چەند پێناسەیەک پێكەوە بە ڕێكەوت متوربە بكەین (قوچەكی شوشەیی و دەفری بۆ خواردنەوە)، لە ئەنجامی پێناسەیەكی لاسایی كردنەوەییە کە لە ڕووی جیاجیای شتەكان دەكۆڵێتەوە، هەمان و بەس، بەڵام لۆژیكی دیالەكتیكی سەروتر دەڕوات.

یەک ئەگەر دەمانەوێ دەستمان بە ناسینی ڕاستی شتێک بگات، دەبێت لێی ڕابمێنین و تەواوی ڕووەكانی، پەیوەندی و ((هۆی))ەكانی لەزەین بگرین، كارێكە کە قەت ناتوانین تەواوی بكەین، بەڵام دەوری شیاوی تێگەیشتن، پاراستنیەتی لە بەرامبەر هەڵەكان و تەسكبینی.

دوو لۆژیكی دیالەكتیكی پێویست دەكات کە بابەتی شتێک لە دۆخی ئەفراندن، لە دۆخی گۆڕان، لە ((دۆخی خۆبردنەپێش)) (زاراوەیەک هەندێجار هیگڵ بە كاری دەبرد) بزانین. ئەم كارە لە بارەی بابەتێكی وەک پەرداخ لەگەڵ جیهانی دەوروبەریشی ڕاستە.

سێ پێناسەی ((تەواو)) بایەتێک دەبێت تێکڕای ئەزمونی مرۆڤایەتی، هەم لە جیاتی پێوەری حەقیقەت و هەم لە جیاتی ئاماژەیەک، بۆ پەیوەندی بە پێداویستیەکانی مرۆڤایەتی لە خۆبگرێت.

چوار، لۆژیکی دیالەکتیکی باوەڕەی وایە کە ((حەقیقەت هەمیشە پاشکۆییە، هەرگیز دەرهەستەیی نییە))، قسەیەکە کە پلیخانۆف درەنگ، دوای خوێندنەوەی هیگڵ دەیکات.))

هەڵبژاردنی ئەم پەرەگرافە زۆر گرنگە. تێگەیشتنە زۆرەکانی لینین لە دیالەکتیک کە لە یاداشتەکانی دوای 1915ی دەبینرێت، ئەم دەقە، هەم لە ڕوانگەی چۆنایەتی پێشنیازی باس و هەم بە لە زەینگرتنی مەیدانی ئەفراندنی، گرنگترین نوسینی لە کاتێکدا دەوڵەتی کرێکاری کۆمۆنیزمی، وازی لەسەردەمی شەڕ هێناو شوێنکەوتەی ئابوری سیاسی تازەیە. لینین لەم کورتە ڕامانانەدا، بەکورتی پیشانی دەدا تا چەند لۆژیکی هیگڵی بەلاوە گرنگە.

لە ساڵی 1924، گرامشی لە ئەردین نۆف وتاری لینینی دەربارەی ((ماتریالیزمی سەربازی)) بڵاوکردەوە، وتارێک کە جارێکی تر بۆ بابەتی ((توێژینەوەی شێوازمەندی دیالەکتیکی هیگڵی)) لەبری تاکە ئامرازێکی مشتومڕەکانی کەلتوری جولانەوە لە ڕوانگەی ماتریالیستی پسپۆڕ بوو، لینین لە نێوان ساڵەکانی 1914 و 1915 نوسیبووی. لەم دەقەدا، لینین بانگهێشتی بڵاوکردنەوەی ئەو بەشانەی کاری هیگڵ دەکات، کە ((ڕاڤەی دیالەکتیکی پەیوەندیە ئابوری و سیاسیەکان دەخاتەڕوو، ڕاڤەیەک بە تایبەت دوای شەڕو شۆڕشی ئیمپریالیستی، لە مێژوو بە دەست دێت.)) لێرەدا دەرفەتی پێویست بۆ لێکۆڵینەوەی گرنگیەتی ئاشکراکردنی سەرلەنوێی دیالەکتیکی هیگڵی لە تێفکرینی سیاسی لینین نییە، تەنیا ئاماژە بکەین کە ئەم ئاشکرابوونە، زۆر لەسەروی گەڕانەوەی تیۆرییە بۆ یاداشتەکانی دەربـارەی سەرمایەو ئەفراندنی سەرمایەداری لە ڕوسیادا، شیکارەکەی تەواو دەکرد کە بابەتەکەی

پەیوەندی نێونەتەوەیی، پێکهاتەی جۆراوجۆری بنەمای سەرمایەداری جیهانی و تێگەیشتنی ئاڵۆزی دەروونــی و گـۆڕاوی لێکدژی بنەڕەتیەکەی بوو. هەرگیز ناکرێ بەپێی سیمبۆلی سەرمایەداری لەم وەرچەرخانە بگەی کە لەئەنتەرناسیۆنالی دووەم باوبوو. شەڕی ئیمپریالیستی نەک قەیرانی سیاسی ڕێکخراوەکان بوو، بەڵکو ناپێویست بوونی شیکارێکی پیشاندەدا کە زیاتر لە دەیەیەک بۆ شرۆڤەی کاریگەری مارکسیزم بەسەر جوڵانەوەی کرێکاری، باوی هەبوو.

لینین ساڵی 1915 ڕەخنەکەی لە کایۆتسکی بەم چەشنە کورت کردەوە: ((دیاردەیەکی ((پەتی)) بوونی نابێت، نە لە سروشت و نە لە کۆمەڵگادا، دیالەکتیکی مارکس فێرمان دەکات کە چەمکی پەتی بوون، چوارچێوەو ئاماژەیەکە بۆ یەکلایەنە بوونی تێفکرین، ئەم چەمکە ناتوانێت تێکڕای ئاڵۆزیەکانی شتێک لە خۆبگرێت، دوای ساڵێک لینین لە دەقێکدا دەربارەی ڕۆزا لۆکزامبۆرگ، سووربوو لەسەر باوەڕی خۆی: ((دیالەکتیکی مارکسیستی، پێویستی بە شرۆڤەی پاشکۆیی پێگە تایبەتیەکانی مێژووە))، جارێکی دی، لە 1921، پەیڤین لەگەڵ بوخارین نوسی کە ((دیالەکتیک، مێژووخوازی تێدایە.))

بەڵام لینین مەبەستی چ بوو، کە مێژووخوازی جەوهەری مەعریفەی دیالەکتیکییە؟ کام مینۆد گرەنتی ئەم پەیوەندیەی دەکرد؟ ڕوانینێکی سەرپێیانە بە یاداشتەکانی لینین دەربارەی لۆژیکی هیگڵ، ئەم بابەتە ئاشکرا دەکات. لینین پێی لەسەر ڕەخنەی هیگڵی لە چەمکی هۆ دادەگرت و بانگەشە دەکات نا پێویست بوونی مەعریفەی ئەم چەمکە دەبێت لە لاوازی شرۆڤەی ئاڵۆزی تۆخمێک بزانی کە تایبەتمەندی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری کراون. ((هۆ، خودی چەندلایەنەو هەمەگیری پەیوەندی دەروونی جیهانی شێوازی یەکلایەنە، پەرتوبڵاو ناتەواو دەردەبڕێت.))، بەڵام تێگەیشتنی ڕەخنەیی، ئەو شتەیە کە تێپەڕین بەو بەینەدا بۆ تێگەیشتن لە گرنگیەتی

ناسینی پرۆسەکانی کۆمەڵایەتی پێویستەو گرەنتی لۆژیکی دیالەکتیکی ئەم تێگەیشتنە دەکات.

لای لینین، واتایی ناسین بەهۆی ڕاڤەی دوبارەی تەواویەتی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان شیاوە، هەروەها تەواویەتە کە دەکرێت تایبەتمەندی شیکاری سیاسی پیشان بداث. لینین بە ئاشکرا پەلاماری خۆی بۆ سیمبۆلە سێ لایەنەیی دوبارە دەکاتەوە، کە مارکسیزم بۆ جۆرێک فەلسەفەی مێژوو دەگۆڕن و توانینی بەرجەسنەکردنی ئەو شتە لە دیالەکتیکدا دەبینێت کە بۆخۆی لە نوسینەکانی بەراییش بە ناوی ((سۆسیۆلۆجی)) باسی کردبوو، بەڵام ئەمجارە لە ئاستێکی نوێی خەباتی سیاسیدا.

واتایی ناسینی دیالەکتیکی شتێک نییە، بێجگە لە هێزی ئەم ناسینە بۆ گاڵتەجاڕی ((تەواویەتی هەموو ڕووەکانی دیاردەیەک، گاڵتەجاڕی واقعیەت و پەیوەندی دوولایەنەی دیاردەکان... لە جیاتی ڕەنگدانەوەیەک لە جیهانی واتایی.))، تا ئەو شوێنە حەقیقەت پێشدەکەوێت کە ((پەیوەندی کاریگەری نێوان تەواوی ڕووەکان، ڕەهەندەکان، لایەنگریەکان و... لە مەیدانێکی دیاریکراوی دیاردەیەک)) ئاشکرا دەبێت، بەڵام بە سەرنجدان بە پرۆسەیەک کە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت دەبێت ببڕدرێت، دەکرێت بڵێین کە بە پێی پێناسە، حەقیقەت بەردەوام پاشکۆییە.

ئەم چوونە پاڵە خاڵی دەسپێک نییە، بەڵکو خاڵی کۆتایی پرۆسەی نەوەستاوە لەم ڕێگایەدا، پرۆسەیەک کە جەوهەری ناسینی زانستی دادەتاشێت. لینین بـەردەوام نوسیویەتی کە حەقیقەت، پرۆسەیەکە. ((ناکرێت مرۆڤ سروشت لە بری تێکڕاییەک، بە شێوەیەکی تێروپڕ، لە ((تەواویەتی ڕاستەوخۆی، تێ بگات و بنوێنێت. دەتوانێ تا هەتایە لە سروشت نزیک بێتەوە، دەرهەستەییەکان، چەمکەکان و یاسایەک بئافرێنێت و جیهان زانستییانە وێنا بکات.)) ئەنجامگیری ناوردی یەک یان چەند دراوێک لە تێکڕا، لە کاتێکدا ئەم دراوانە بەهۆی کۆمەڵێک پەیوەندی یان

هۆکار بەم ئێکرِاییە بەستراونەتەوە، بێ ئەنجامە بێجگە لە کەمکردنەوەی دیالەکتیک بۆ سۆفیزم، یان ئێلێکتیسیزم.

لینین بەردەوام مەیدانی تیۆری ئەم کۆمەڵە هەڵە سیاسییە پیشاندەدا کە بۆخۆی هەمیشە لەگەڵیان مشتومرِی بوو. ناوەرِۆکی تایبەتی ئەم هەڵا سیاسیانە هەرچییان دەوێ بن، مەیدانی هەموویان هاوبەشە: پەرتوبڵاوی و لە ئەنجامدا، زەینیەت لە شرۆڤەدا.

دەکرێ درێژە بەم باسە بدات، بەڵام بیرمان نەچێت گەرای سەرەکی لە دەقی دوورو درێژی داخرا کە گرامشی لە 1926 بڵاوی کردەوە، ئەگەر قبوڵمان بێت کە دەفتەرە فەلسەفیەکانی لینین سەرچاوەیەکی گرنگ بوو بۆ رِامانەکانی گرامشی، بە زەین دەگات کە لە نوسینە سیاسیەکانی لینین گەیشتۆتە جیاوازی حەتمی نێوان تێگەیشتنی لینین لە دیالەکتیک و شێوازی خستنەرِووی ئەم تێگەیشتنە، بە پشت ئەستور بە ماتریالیزمی فەلسەفی، لە رِاستیدا تێبینی رِەخنەیی لە مەرِ پلیخانۆف، بنەمای دەفتەرە فەلسەفیەکانە، بەڵام هاوکات، ئاشکرایە لە یاداشتەکان کە ئامادەی چاپ بوون، لینین بلەزو توند جەخت لە ئامادەیی تیۆری پلیخانۆف دەکاتەوە. لە لاکەی دی، پەیامی گرامشی، شێوەبەندی پچرِانی قوڵە کە لە نێوان شرۆڤە سیاسییەکانی لینین و دابی تیۆری ئەنترناسیۆنالی دووەم هەبوو. لای گرامشی، ئەم چەمک دارِێژیە لە دیالەکتیک کامڵترین و کاریگەرترین چەکە بۆ پەلاماردانی ماتریالیزمی فەلسەفی و هەرشێوەیەکی تری کاری ماتریالیزمی مێژوویی پشت ئەستور بە ئابوری.

گرامشی لە کاتی خستنەرِووی رِاڤەیەکی وردی دەوری رِیکاردۆ لە چوارچێوەی تیۆری مارکس پەلە دەکات، لە رِێگای چەمکەکانی بازارِ سنوردارو یاسای یەکلایەنەیە کە ((یاسای سروشتی زانستە سروشتیەکان تایبەتمەندی میکانیکی خۆی لە دەست دەداو بەشێوەیەکی پێکهاتەیی لەگەڵ خودی دیالەکتیکی هیگڵی یەکدەگرێت.)) بە سەرنجدان بەوەی کە

دیالەکتیک، لۆژیکی پەیوەندی و هۆکارەکانە لێرەدا کێشەی گرامشی شتێک نییە، بێجگە لە ڕزگارکردنی خۆی لە ڕەوتی هەڵەیەک کە سەرچاوە لە باوەڕ بوونە بە ئابوری لە جیاتی بنەمای ڕووە جیاجیاکانی پرۆسەی سیاسی و مێژوویی، لە گفتوگۆی زیندان لەگەڵ هاوبەندیەکانی ((بۆ نەهێشتنی کاریگەری پەلامارەکەیان کە تۆمەتی میکانیکی بوون و زۆرە ملێیی و ئابوری باوەڕی مردنهێنیان دەدایە پاڵ مارکسیزم، پێشنیازی کرد کە لە مەودوا باسی ((بنەما))و ((بنەمای زەبەلاح))ی ئابوری نەکەین، بەڵکو تەنیا باسی پرۆسەی مێژوو بکەین کە هەموو هۆکارەکان تێیدا بەشدارن. ئابوری هۆکاری دیاریکردنە لەم پرۆسەیەدا.))

تەنیا بەزیاتر هەڵکشان لە کەم کردنەوەی ماتریالیزم بۆ ئەنجومەنێکی شرۆڤەیی دەکرێت لە تایبەتی و مێژوویی بوونی دیاردە جێ باسەکان بکۆڵینەوە. لای گرامشی گرنگیەتی ناسینی دیالەکتیک لە وەدایە کە دەکرێ بە هاوکاری ئەو بە فەلسەفە لەبری ((مینۆدی ئەکادیمی بۆ سەلماندنی فاکتە تایبەتیەکان)) و سۆسیۆلۆجی لە جیاتی ((لێکۆڵینەوەی ئەزمونی ئەو کۆمەڵە تێبینیە سەرەکیە زیاتر هەڵبکشێ کە هاوکاری گەشەی شێوەی باوی فەلسەفە دەکەن.)) بەمەش گۆڕینی دیالەکتیک بۆ ئامرازێکی مەعریفەیی کە مارکسیزم بەهۆیەوە دەبێتە ((مینۆدناسێکی تێکڕایی مێژوویی))، مانای سنوردارکردنی پەراوێزی کاریگەری مارکسیزم بۆ وەسفکردنی مێژوویی نییە، بە پێچەوانەوە ئەم پرۆسەی ماتریالیزمی مێژوویی لە هەندێک لە ئێوەمانانی دوبارەیی و دەرهەستەییەکەی، واز لە چوارچێوەی بۆ مێژوونوسی لە جیاتی ئەنجامی کۆتایی ڕووبەڕووبوونەوەی ماتریالیزمی مێژوویی بە دابەکانی کەلتوری جیاجیا، دەهێنێت.

زۆر گرنگە بیرمان نەچێت تێکڕای ئەم باسەی گرامشی پێشتر لە ساڵی 1925 خرابووە روو. گرامشی دیالەکتیکی مارکسیستی لە باسێک لەگەڵ بۆردیگا بەکاربرد، تا داکۆکی لە چەمکی حزبی سیاسی چینی کرێکار بکات

که ماهیەتی دوفاقی ئەم چینە، هەم وەک ناوەندێکی ئارەزووەمەندانەو هەم بە ناوی توخمی بابەتی کۆمەڵگای مەدەنی لە خۆ دەگرێت. هەندێک لە باسەکانی بەڕێوەبردنی گەنج، کە ئەم مشتومڕە لە درێژەی مشتومڕەکانی گرامشی درێژەی پێدا، گرنگترین بەڵگەکان لەم مەیدانەدایە. بەڕێوەبردنێک لە ڕەخنەی هەڵەی دوقاتی وەک جیاکردنەوەی حزب لە چینی کرێکارو جیاکردنەوەی چالاکی حزبی لە پێگەی بابەتی، کە بوون و کرداری حزب سەربەوە (ئێکڕای خەباتی گرامشی بۆ گۆڕانکاری لە هێڵی ڕەوتی سیاسی و تاکتیکی حزب بە دەوری ئەم تەوەرە دێتەدی)، دەنوسێت: ((گرنگترین تایبەتمەندی چەمک دارێژی دیالەکتیکی واقعیەتە کە ناتوانێ هیچ کام لە توخمەکانی شوێنێک لە توخمەکانی تر، هەروەها لە پێگەیەک جیابکاتەوە کە تێیدا سەقامگیر بوون، بە لە زەینگرتنی هەمەلایەنەی پەیوەندی و هاوپێوەندی دەروونی توخمەکانی لە ئەفراندندایە کە دەکرێت بە مانای ئێکڕایی بە دەست بێت.))، سەرباری ((دیالەکتیکی مارکسیستی، ئێکڕایی بـەردەوام، پتەو دابەش نەکراو لە ناخی توخمەکانی ئەفرێنەری جیهانی واقعی دەردەکێشێت.))

گرامشی بۆخۆی وێڕای ڕاڤەی دەرەنجامی کۆنگرەی لیۆن، پێگەی بۆردیگای لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی پرسە تاکتیکیەکەی دیاری دەکات کە لە هاوینی 1924، دوای ڕووداوی کوشتنی ماتیۆتی خرابووە ڕوو: ((ئەم ڕووداوە پێگەیەکی هەڵە دەردەبڕێ کە چەپی دەمارگیر داگیری کردووە و تێبینی و ڕەخنەکانی ئەم لایەنگریە هەرگیز بەپێی تاقیکردنەوەی پەیوەندی دەسـەڵات و پێگەی کۆمەڵگای پرۆلیتاریا، چ بنەڕەتی و چ ڕواڵەتی، نەبووە، بەمەش ئاشکرایە میتۆدی سەرەکی چەپی دەمارگیر، کە بانگەشەی دیالەکتیک دەکات، هەرگیز میتۆدی دیالەکتیکی ماتریالیزمی مارکسی نییە، بەڵکو میتۆدێکی کۆنی دیالەکتیکی چەمکی فەلسەفی پێش مارکس، تەنانەت پێش هیگڵە.))

ئاشكرایە ئەم قسانە، دوبارەكردنەوەی نوسینە سیاسیەكانی لینینە بەشێوەیەكی تر. تەنیا دەرەنجامی پێویستی سیاسی نییە، كە ئەم نوسینانە بە نۆرەی دیاریكراو دەربارەی مەسەلەی حزب دوبارە دەبنەوە، بەڵكو بەرەنجامی لە بیركردنی شێوازێكی شرۆڤەییە كە سەرەنجام خستنەڕووی چەمكی ((بنبەستی مێژوو)) دەبێ: ((كۆمەڵێكی ئاڵۆزی لێكدژو ناتەبای بنەما بەهێزەكان، ڕەنگدانەوەی كۆمەڵێك پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەرهەم هێنانە.))، بە ڕای گرامشی ((پرۆسەی دیالەكتیكی ڕاستەقینە)) لە پەیوەندی دوولایەنەی نێوان بنەماكان و بنەما بەهێزەكان هەیە.

### سەرەتایەك بۆ توخمی ئاكاری - سیاسی

بە مەبەستی شوێنكەوتەی كامڵبوونی پاشكۆیی شرۆڤەی گرامشی بۆ پەرەپێدانی چەمكی ماتریالیزمی مێژوویی لە بری زانستی سیاسی، پێویستە مەسەلەیەكی دیكە پێشنیاز بكەین كە بابەتەكەی، توخمی ئاكاری - سیاسی ئەم تیۆرەیە. لە كورتە یاداشتێكی یاداشتەكانی گرتوخانەدا هاتووە: ((توخمەكانی مێژووی ئاكاری سیاسی فەلسەفەی كار، چەمكی هەژمونی، هەڵسەنگاندنەوەی بەرەی فەلسەفی، توێژینەوەی شێوازمەندی كردەوەی ڕوناكبیران لە ژیانی مێژوویی و سیاسی و بنەماكانی حزبی سیاسی لە بری هێڵی پێشەكی هەرجۆرە جوڵانەوەیەكی مێژوویی پێشەنگ.)) لە ڕوانینێكی وردتر، دەكرێ بوترێ ئەم پوختەیە بە جۆرێك جەوهەری چەمكی تێكڕای كاری گرامشییە، لە ڕاستیدا هەرقۆناغێك كە بەرەنگاری ڕەخنەیی گرامشی بە نەرینی ماركسیستی وێنەبەندی دەكەن، لە بوژانەوەی چەمكی پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان لەجیاتی تـەوەری سەرەكی ئەم بنەمایەی وەرگرتووە، تا ڕەخنەی ماتریالیزمی مێژوویی لە جیاتی ئەنجومەنێك بۆ ڕاڤەو لێكۆڵینەوەو تا تێگەیشتنی دیالەكتیك لەبری ئامرازێك بۆ دیاری كردنی یەكگرتویی ڕێسای كۆمەڵایەتی خاڵی كۆتایی و شێوەی ڕوونكردنەوەی خۆی

له ناسینی تۆخمی ئاکاری سیاسی دەزانێت. ئێکرای لێکۆڵینەوەکانی گرامشی بە دەوری پرسیارێکدا دەخولێنەوە، کە باشترین دەربڕینی قسەی خودی خۆیەتی: ((چۆن جولاّنەوەی مێژوویی لە هەناوی بونیادێکی ستراکتۆری هەڵدەستێ؟))

کاتێک کە بنەمای هۆکارێتی دەستنوس دەخەینەلاوە، دەبێ پیشانی بدەین کە چۆن دەکرێت بەسەر بەگژداچونەوەی نێوان بنەماو بنەما بەهێزەکاندا زاڵبین، بەرەنگاریەک کە چاوگی خورافەکانی ئابوری باوەڕانەیەو جارێکی دی مارکسیزم لە چوارچێوەی کەلتوری باودا کێش دەکات.

ئامادەیی ڕەهەندی سیاسی ئاکاری دەبێتە کۆسپی بەردەم گۆڕانی هێزەکانی مێژوو بۆ سێبەرێکی خەیاڵی ((خوایەکی شاراوە))، لە جێدا ئەم هێزانە دەگۆڕێن بۆ بەشە گونجاوەکانی پڕۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاک، بەمەش جێگیرکردنی ((ساتەکانی پاڵاوتن))، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە، ناسینی ڕێگایەک کە خولانەوە لە ئابوری بۆ سیاسەت لە ڕێگایەوە ڕوودەدات. لای گرامشی ((خاڵی دەسپێکی فەلسەفەی کار))ەو ((خاڵی سەرەکی شاراوەی ئەو پرسیارانەیە کە دەربارەی فەلسەفەی کار پێشنیاز دەکرێن)). هەر بەو بەڵگەیە، تیۆری هەژمونی بۆ پاراستن و بردنەسەری ئەو بەڵێنانە پێویستە، کە لە چەمک داڕێژی مارکسیستی مێژوودا هەیە. کەوایە سەرەتای ئەزمونی پاشکۆیی حکومەت بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەر، گرنگی تیۆری زۆرە: کرانەوەی ((مەعریفەت ناسی)).

تیۆری ڕووناکبیران و حزبی سیاسی وەڵامێکە بۆ ئەم مەسەلەیە. ((هەر کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی کەلە قەڵەمڕەوی ڕەسەنی بەجێهێنانی خودی جیهانی بەرهەمهێنانی ئابوری دەئەفرێنرێت، لەگەڵ خۆی یەک یان چەند توێژ لە ڕووناکبیران دەهێنێت کە بەم کۆمەڵەیە، هاوڕایی و زانیاری کردەوەی خۆی، نەک لە ئابوری، بەڵکو لە مەیدانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەدات.)) حزبی سیاسی مۆدێرن، کە شێوازی ڕێکخراوی

چینێکی تایبەتی سەرمایەداری دوا کەوتووە، بە کردەوە بێ ئەو، کۆمەڵایەتی پێکنایەت. ڕەفتاری ئەم حیزبە، لە ڕاستیدا هەمان ڕەفتارە کە دەوڵەت دەربارەی تێکڕای کۆمەڵگای مۆدێرن دەیکات.

ئامانجی ئەم وتـارە لێکدانەوەی شرۆڤەی سیاسی و مێژوویی گرامشی نییە، بەڵکو دەرخستنی چوارچێوەی تیۆریە کە ئەم شرۆڤەیەی لێ بەدەست دێت. بۆیە گرنگە کەمێک لە سەر ڕاڤەیەک بوەستین کە گرامشی لە ((پێشەکی))ی 1859 نوسی، تـەوەری سەرەکی تاریفەکانی پێشووی ماتریالیزمی مێژووە. گرامشی دوو بەشی ((پێشەکی)) لێکجیادەکاتەوەو لە ڕاڤەی تیۆری مارکسیزم، هەربەشەو ڕەفتارێکی تەواو جیایان دەداتەپاڵ. لای گرامشی ئەم بانگەشەیە هیچ جۆرە توانینێک بۆ ناسینی شێوازەکانی پاشکۆیی ئەفراندن بەجێ ناهێڵێ، کە مرۆڤەکان لە لێکدژی بنەمایی ئاستی ئایدۆلۆژی ئاگادار دەکرێنەوە. ئەم بانگەشەیە تەنیا لە ئاستی تیۆری مەعریفە، مانای فەلسەفی دەدا. لێرەدا مارکس نەک بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی مانای ((دەروون شیکاری و ئاکاری)) بۆ ئایدۆلۆژیەکان، یان لە پێگەی یارمەتیدانی پڕۆسەی ئۆرگانیزەکردنی جەماوەر، بەڵکو بەناوی داهێنانی ڕێگایەکی تازە بۆ نەخشەی مەسەلەی ((واتاییەت)) زانیاری تێگەیەنراو دەبێت. ئەو بەشەی پێشەکیەکە کە بەپێی شێوازمەندی کۆمەڵایەتی نافەوتێن تا ئەوکاتەی هێزەکانی بەرهەم هێنانیان بە تێکڕایی گەشە بکەن، هەروەها مرۆڤەکان تەنیا بیر لە مەسەلەیەک دەکەنەوە کە بارودۆخی واتاییان پێشتر هاتبێتەئارا، لە ڕوانگەی گرامشی، گرنگی تیۆری بنەمایی هەیە کە بۆ شرۆڤەی سیاسی و مێژوویی بەکاردێت.

گرامشی لـەو بـاوەڕەدایـە:((تـەنـیـا لەسەر ئەوبنەمایە تێکڕای میکانیزمەکان و تەواوی شوێن پێی ئەوەی خورافات، کاری((پەرجوئاسا)) پیشانیداوە نامێنێت، هەر لەسەر ئەوبنەمایە مەسەلەی شێوازمەندی گروپە کارا سیاسیەکان و لەدوا شرۆڤە تەنانەت مەسەلەی ڕەفتاری مێژوویی

کەسایەتیە گەورەکان، چارەسەرکرا.))

ئەم ئیدیعایە واتا پچڕانێکی ڕاڤەی باوی لەسەر بنەمای پەیوەندی نێوان پێکهاتەی سەرمایەداری هێزەکانی بەرهەم هێنان و گەشەی چۆنایەتی، ڕێکخراوەیی و سیاسی کرێکارانە. ئەزمونی ئیتاڵیا دەریدەخات کە دەکرێت لە بابەتی ستراتیژی پێشتر گیراوەبەر، پەشیمان بێتەوەو وازیان لێبێنێت (ئەمە بنەمای لینینە)، لەم ڕێگایەوە جوڵانەوەکەی نۆژەن کردەوە.

گرامشی دەوری مەیدانی کۆمەڵایەتی ئابوری بەکەم ناگرێت، بەڵام قبوڵی نییە ئەم مەیدانە هەمان ((ساتەکانی پاڵاوتن)) لە پێگەی پرۆسەی ئۆرگانیزەکردنی سیاسی هێزەکانی ئابوری ڕوون بکاتەوە، بە پێچەوانەی تیۆری کروچەیی کاری سیاسی لە جیاتی ئارەزوو، گرامشی لەو باوەڕەدایە کە سیاسەت کردەی هەرمانییەو دەرەنجامە کەی، ڕێکخراوە هەرمانیەکانن، بە مەرجێک سیاسەت لەگەڵ ئابوری یەکبگرێت. ناسینی ئەم یەکبوونە خاڵی بەرایی پێویستە کە دیارە خۆی لە خۆیدا ناتوانێ ئاکامە سیاسیەکانی ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی ڕوون بکاتەوە.

گرامشی دەربارەی چەمکی پێویست و ڕێسا دەڵێت: ((مەسەلەکە لەسەر ((ئاشکراکردن)) یاسای میتافیزیکی زۆرەملێیی، یان جێگیرکردنی یاسای ئێکرِایی بۆ هۆکارێتی نییە، مەسەلەکە ئەم کارە پیشاندەدات کە چۆن لە پێکهاتەی مێژوویی، هێزەکانی ئاڕادەیەک هەرمانی دەئەفرێنرێن کە بە ڕێساو ڕێکخستنی تایبەتی کاردەکەن.))، بەمەش لای گرامشی بەشی دووەمی ((پێشەکی))ی 1859 دەریدەخات کە چۆن بنەمای پێسپێردراوە، مەیدانێک لە تواناکان پیشانی دەدا کە بە ڕێژە هەرمانیە و هێزە لێکدژەکانی فریای یەکدی دەکەون.

بەمەش بۆرژوازی سۆسیالیستی ئیتاڵی، لە چوونە ناوەوەی قۆناغی ئابوری و کۆمەڵی بێ ئاکامبوون و لەسەردەمی سەرمایەداری پێشکەوتوو، ڕەنگە جوڵانەوە جەماوەریە گەورەکان لە ژێر زەربەکانی دوژمن نەمێنن، بێ

ئەوەی بەڵگەی واتایی بوونیان نەمێنێت. پرۆسەی پێکهاتەی چینی کرێکارو گۆڕینی بۆ چینێکی زاڵ کە بەهۆی ڕێنمایی دەوڵەتەوە، توانای خۆی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی ڕووخسارناسی تەواو جیاواز پیشان دەدات، تەنیا پرۆسەی خۆڕسک و خۆبەڕێوەبەر نییە، بەهۆی ناساندنی تۆخمی ئاکاری سیاسیە کە ئاگاداری زانستی ڕێی پێ دەدرێ لە ماهیەتی واقعی ئەنتاگۆنیزمیەکانی کۆمەڵایەتی هەنوکە بگات.

کاتێک ماتریالیزمی مێژوویی دەتوانێت لە ئابوری باوەڕی ڕزگاری بێ کەلە خستنەڕووی شرۆڤەیەکی ڕاستی ((هێزەکانی کارای مێژووی قۆناغێکی تایبەتی)) سەرکەوێت و بتوانێت ((پەیوەندی نێوان ئەو هێزانە)) دیاری بکات. سێ ئاست بۆ شرۆڤەی پەیوەندی دەسەڵات هەیە:

1. ((پەیوەندی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان، کە پەیوەندی نزیکی بە ویستی واتایی و سەربەخۆی مرۆڤەوە هەیە)).

2. پەیوەندی هێزە سیاسیەکان، بە دەربڕینێکی تر هەڵسەنگاندنی پلەی گونجان، هوشیاری و ئۆرگانیزەکردنێک کە لە چینە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان دەست دەکەوێت.

3. پەیوەندی هێزەکانی سەربازی، یان سیاسی سەربازی کە بڕیار لە ساتە هەستیارەکانی قەیران دەدەن، ئەو ساتانەی تێکچڕژانی ئابوری و سیاسەت بە کردەوە دەبنە هێز، بە هۆی ئەم فۆرمۆلەکردنە تازەیە، تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی بە پلەی تیۆری حزبی سیاسی لە ڕوانگەی مێژووییەوە دەگاتە شێوەیەکی دیاریکراو، شێوەیەک کە نمونەیەکی پەیوەندی نابەرەنگاری نێوان بنەما و بنەمای زەبەلاحە.

ناساندنی تۆخمی ئاکاری سیاسی، بناخەی ڕەخنەی ڕاڤەیی ئەرتەدۆکسی ماتریالیزمی مێژووییە. لەم ڕێگایەوە دوو دەرەنجامی گرنگ لە چەمکی زانستی سیاسی گرامشی بەدەست دێت، یەک کارەکەی سۆسیۆلۆجی بە مانای پۆزیتیڤیستی سەدەی بیستی کەلتوری ئیتالی نییە،

(کە پەیوەندی بە ((داهێنانی بنەڕەتی)) مارکس، واتا ڕەسەنایەتی مێژوویی خودی مرۆڤ، نییە)، بەمەش نەک دەبێت زانستی سیاسی مارکسیستی نوێ بە ((ئۆرگانیزمی لە کامڵبوندا)) بزانی کە ((هەم ناوەڕۆکی پاشکۆیی و هەم فۆرمۆلبەندی لۆژیکیەکەی بڕیتی دەبن لەم کامڵبوونە))، بەڵکو ناتوانی هیچ شێوەیەکی سیاسی بە مشتومڕی چینایەتی بزانی.

گرامشی بابەتی نوسینی کتێبێک دەخاتەڕوو کە ((بـەوردی بۆ مارکسیزمی سەربازی دای بناشێت، بە شێوازێک کە دەسەڵات ماکیاڤیلی بۆ سیاسەتی سەردەمی خۆی دروستکرد))، بەم چەشنە درێژەی پێدەدا: ((دەبێت حزبی سیاسی لەم کتێبەدا، شێوازی پەیوەندی بە چین و دەوڵەتەوە بێت: حزب نەک لەجیاتی گوتەزای سۆسیۆلۆجی، بەڵکو حزبێک کە دەیەوێت شوێنی دەوڵەت بگرێتەوە.)) بە دەربڕینێکی دی دەبێت حزب لە ڕوانگەی ئامانجەوە هەڵبسەنگێنێت، لە قۆناغی داهاتوو چەمکێک ناوچەیەکی ((جیا)) لە تیۆری مارکسیستی نییە، کە گرامشی لە زانستی سیاسی لە زەینیدایە. دەکرێت ئەم چەمکە بە لە زەینگرتنی کێشە فەلسەفیەکانی ئەم بنەمایە ئاکام گیری بکەی، ئەویش لە ڕێگای سەرلەنوێ شوێنپێ هەڵگرتنی قۆناغە جیاجیاکانی ڕامانی فەلسەفی گرامشی. پسپۆڕازی باشترین و گرنگترین بەش لە کارەکەی بە لێکۆڵینەوەی زانستی سیاسی مارکسیستی، ئەنجامی وەرگرتنیەتی لە مێژووخوازی مارکسیزم.

# مێژووخوازی مارکسیزم
# لە جیاتی ڕوانگەی جیهانی

کاتێک گرامشی لە گرتوخانە نوسی ((لـە قۆناغی خەباث بۆ هەژمونی، زانستی سیاسەث ئەوشتەیە دەڕسکێ و لە قۆناغی پێکهاتنی دەوڵەث دەبێث بنەما بەهێزەکان بڕسکێن، ئەگینا مەترسی نەمانی دەوڵەث هەیە))، دوای ئەوەبوو کە وێنایەک لە ڕسکانی مارکسیزم لەسەر بناخەی گەشەو بە کاربردنی دەوڵەتی چینی کرێکار ئاڕاستە بکاث، لای گرامشی ((مێژووخوازی)) مارکسیزم پەیوەندیەکی بەرتەسکی بە جیاوازی نێوان دوو قۆناغ، قۆناغی پێش دەستەبەر کردنی دەسەڵاث و قۆناغی پاشی هەیە، هەروەها بەم بیروباوەڕە پتەوە نەک چاکسازی ئەو بنەمایە (چاکسازیەک دوا ئاستی کۆتایی، بە یەک زانینی مێژووخوازی و پێداچوونەوەی مارکسیزمە)، کە ئەزمونی لایەنگری سیاسی و خودی وردبینی و شرۆڤەی نوێ بۆ ناوکی تیۆری بنەماکانی مارکسیزمی دێنێث.

بەمەش ((دوای پێکهاتنی دەوڵەتە کە ئاڵۆزی کێشە کەلتوریەکان ئاشکرا دەبن و چارەسەری گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان پێویسث بە زەین دەگاث، لە هەردوو بارەکە تەنیا بە ئاڕاستەکردنی فۆرمدان بە دەوڵەتی نوێ مشتومڕی ڕەخنەیی بێث، نەک دۆگماتیزمانە. دەبێ ئەم فۆرمدانە ڕۆمانسی بێث، بەڵام ڕۆمانسیزمێک کە وریایانە ئارەزومەندی سەنتێزی کلاسیکی خودە.)) بەرەنگاربوونەوەی نێوان ڕوانگەی ڕەخنەیی و دۆگمایی، سەرچاوە لەو پاڵنەرانە دەگرێ کە گرامشی ناچار دەکاث، هەرجۆرە ڕوانینێکی شێوازمەند بۆ مارکسیزم لە بری فەلسەفەیەک بە تەنیشث فەلسەفەکانی دیکەی مێژووی بیرکردنەوە ڕەتبکاتەوە.

گرامشی باوەڕی وایە، ئەگەر چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان لە سنورەکانی مارکسیزم چوارچێوەی واتایی هەبێت، لە بنەڕەتڕا بنەمای ڕەخنە نامێنێت. گرامشی باوەڕی وایە فەیلەسوفی مارکسیست، ((ناتوانێ لە مەیدانێکی تایبەتی لێکدژیەکانی هەنوکە بڕوات، قبوڵی ناکات کە دنیایەکی بێ لێکدژیش هەیە، چونکە ڕێک هەر ئەو ساتەیە کە شاری یۆتۆپیایی هەڵدەچنێت.)) هەڵسەنگاندنی زانستی سیاسی لەکارەکانی گرامشیدا خاڵێکی زۆر گرنگە، بە سەرنجدان بەوەی کە تا ئەوکاتەی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبوو بە کردەوە وەرنەچەرخابێت، چوونە قۆناغێکی تازەوە نەشیاوە. ئەم قسەیە بەم مانایەیە کە ڕاستی زانستی مارکسیزم، هۆی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیەک، یان چاوپێداخشاندنەوەیەکی جیهانی تێکڕایی نابێت، بەڵکو دەرەنجامەکەی سەرهەڵدانی کەلتوری نوێ، ڕوانینی نوێیە بۆ جیهان، بە پێچەوانەی بۆچوونی پلیخانۆف و ڕوانینی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، ئەم کەلتورە نوێیە دەرەنجامی بەرهەمی ڕووناکبیرە مارکسیست، ئایدۆلۆژیەکانی جوڵانەوە، یان لایەنگرانی ڕاست ئایینی نییە، بەڵکو بەشێکی ڕسکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنانە.

گۆڕانی زانستی مارکسیستی بۆ زانستی کەلتوری، فەلسەفەی مارکسیستی بۆ ڕوانینی جیهانی، پڕۆسەیەکە چاکسازی لێکدژیەکانی هەنوکەی بەدوا دایە. لەم چاوپێداخشانەوەیە مێژوویەک لە گواستنەوە، بانگەشەی بنەڕەتی تیۆری، کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان لەڕێگای ئەو چەمکەوە ڕێ بە مارکسیزم دەدات ڕێگایەک هەڵبژێرێت کە لە ڕێگای تێکڕای مێژووی فەلسەفە جیاوازە. وەردەگێڕڕێ بۆ ((کەلتوری نوێی نەزۆککردنی گەرایەک کە لە هەناوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە دایک دەبێت.))

لە ڕێگای جومگە بەندی پاشکۆیی چەمکی کاری ئاکاری سیاسی، گرامشی دەتوانێت نەک ناوەڕۆکی ئەم کەلتورە نوێیە، بەڵکو تایبەتمەندی پڕۆسە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی دەستنیشان بکات، کە پاڵپشت و

شێوازی بە دیهێنانی. گرامشی لە باسی ئەم تیۆرەی حزب، باسی ڕسکانی مێژوویی دەکات کە لە ماوەیدا ((شێوەبەندی ((ئیرادەی کۆمەڵی نیشتمانی جەماوەری)))) بە ((چاکسازی ورەیی ڕووناکبیران)) دەبەسترێتەوە.

سەرهەڵدان گونجان و پێشکەوتنی حزبی سیاسی تا دەسەڵات دەگرێتە دەست، هۆکاری چاکسازی تایبەتمەندی ئایدۆلۆژی و کەلتوری ((بلۆکی مێژوویی)) زاڵ لە لایەک، تایبەتمەندی سیاسی و ئابوری ئەم بلۆکە لە لاکەی تر دەبێت: ((دەسەڵاتداری مۆدێرن، لە ڕەوتی کامڵبوونی خۆی، تێکڕای سیستەمی هزری و پەیوەندی ئاکاری هەڵدەگێڕێتەوە. کامڵبوونی لە ژێر ئەم پەیوەندیانە، ڕێک مانای وایە کە هەرجۆرە کردەیەکی پێدراو، بە کەڵک یان زیانبەخش، خێر یان شەڕە، لە کاتێکدا کە دەسەڵاتداری مۆدێرن بەم چەشنە دەشتنیشانی بکات.)) تەنیا لە هەناوی ژیانی مێژوویی ڕاستەقینەی دەسەڵاتداری مۆدێرنە کە بەرنامەی ((چاکسازی ئابوری)) بە شێوازێکی ئاڵۆز بۆ ((چاکسازی هزری)) دەگۆڕێت. هەمان شتە کە ڕەخنەی مارکسیستی لە ئاستی چەمکی جیادەکاتەوە و ژیانی مێژوویی خۆی لە گەشەکردنی جێگرەوەکانی مێژوو دەبینێت. تەنیا بۆچوونی فەیلەسوفێک لە بری وەسفکردنی چەمکدارێژی ڕەها بۆ فەلسەفاندن، ئەفراندنی ((بیرمەندی کۆمەڵی)) لێدەکەوێتەوە، بەهۆی هەڵسەنگاندنی ئەم خاڵە کە چۆن ئەنتاگۆنیزمی کۆمەڵایەتی هەبوو لە ئاستی سیاسی ڕوون دەکاتەوە. لە ئەنجامدا، گرامشی پێیوایە کامڵبوونی مارکسیزم لە ئاستی تیۆری ڕەخنەیی بۆ چاوپێداخشاندنەوەی جیهانی، بە هۆی پەیوەندی ڕووناکبیران و جەماوەرە.

تێکڕای ئەم باسە دەربارەی فەلسەفەو ئایین، توانینی بەراوردکردنەوەی بۆ ئەقڵی ساغ، مانای جێگیرکردنی پێگەی تیۆری فەلسەفەی مارکسیستی نییە، بەڵکو مانای دیاری کردنی تێکڕای هێڵی ڕەوتی هەڵوەشانەوەی چینی کرێکار، لە بن دەستیەوە بۆ چینی باڵادەستە. ڕوویەکی گرنگی تیۆری حزب تایبەتە بە یەکگرتویی دابەش بەندیەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازی

لەسەریان وەستاوەتەوە، کەلە ئاستی چاکسازی ئابوری دیاری دەکرێت. خودی شۆڕشگێری ئەم تیۆرە لە هەمان جێیە. ئەم کارە ئاشکرای دەکات بۆچی ((ڕسکانی سیاسی چەمکی هەژمونی، هێندەی پێشکەوتنی فەلسەفی، پێشکەوتنی سیاسی کرداریش پیشان دەداتەوە.))

بۆ دەرخستنی کە چۆن دەکرێت ماتریالیزمی مێژوویی لە جیاتی ئامڕازی حزبی چینی کرێکار هۆکاری چاکسازی بێت، سەرەنجام تێکڕای چاوپێداخشاندنەوەی جیهانی قۆناغێک لە خۆدەگرێت، گرامشی ئاماژە بە ((پەیوەندی فەلسەفی )) پاساوی ماکیاڤیلی لە سەربەخۆیی زانست و چالاکی سیاسی، ڕەفتاری ئاکارو ئایین دەکات. گۆڕینی ئەزمونی زانستی ماکیاڤیلی بۆ ماکیاڤیلیزم، ((کەلێنێک لە نێوان یاسادانەران و یاسا پەسەندان)) پیشاندەدا، دەیسەلمێنێ کە ((دووجۆر کەلتور هەیە: ((کەلتوری یاسادانەران و کەلتوری یاسا پەسەندان)). زانستی سیاسی مارکسیستی لەبری تاریفکردنی حزبی سیاسی کە بۆخۆی وەسفی لێکدژی کۆمەڵایەتی دەکات، دەکرێت پچڕانی نێوان ڕووناکبیران و تاکەکان ((ئاسایی)) نەهێڵێت، لەم ڕێگایەوە هاوکاری ((پێشکەوتنی هزری جەماوەر)) دەکات.

دەکرێت لەم مەیدانەدا، پەیوەندی نێوان تیۆرو کار، فەلسەفەو ئایین لە ژێر دیالەکتیکی نوێی نێوان ڕووناکبیران و جەماوەر شرۆڤە بکات، دیالەکتیکێک کە پاڵنەری هەبوو بە سەریەکدا دەڕوخێنێت. پێناسەکردنی فەلسەفە بە ناوی ڕوانینی جیهانی، واتا ((چالاکی فەلسەفی وردی چەمکە شێوازمەندەکان و تەبا نییە، بەڵکو لەسەرویەوە، شەڕی کەلتوریە بۆ گۆڕینێک لە ((زەینیەتی تێکرا پەسەند))، دەنگۆی ئەو کۆمەڵە داهێنانەی فەلسەفی کە ((لە ڕوانگەی مێژووییەوە خۆیان بە ڕاست)) دەزانن، تا ئەوجێیەی کە بە شێوازی پاشکۆیی، هەروەها مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەبنە جیهانگر.)) تێڕوانینی جیهانگر لە کۆمەڵگایەک دێتەدی کە بە سەر دابەشکردنی چینایەتیدا زاڵبوویێت.

به مەش مێژووخوازی مارکسیزم بە شێوەیەکی ئاڵۆز بە مەسەلەی گواستنەوەوە بەستراوەتەوە، ئەم مێژووخوازیە جەخت لە تەواوی ئەو کۆمەڵە توخمەی گۆڕانی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی دەکاتەوە کە وەک پێویست لەگەڵ قۆناغی یەکەمی دیکتاتۆری پرۆلیتاریان، پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. بە یەک زانینی فەلسەفە و مێژوو، لە ودیوو تێکڕای مارکسیزمی گرامشی بەرچاو دەکەوێت و گرامشی بەهۆی ئەم ئەندێشە جارێکی دی چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان پێشنیاز دەکات، چەمکێک کە پیشانی دەدا چۆن دەکرێت بەهۆی شرۆڤەی ئاکاری سیاسی، بگەینە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی کەلتوری.

**ئەنجامگیری**

گرامشی بە کەڵک وەرگرتن لە مێژووخوازی ڕەها، درێـژە بە جۆرێک کردەوەی تیۆری ((کانتی)) دەدا تا لەم ڕێگایەوە بیر لە ئامانج و چوارچێوەکانی فەلسەفە بکاتەوە و بەسەر پەیڕەوانی مەیلی دوبارەکراوە بە تێپەڕاندنی ئەم چوارچێوانە، تەنانەت لە هەناوی فەلسەفەی مارکسیستی، پێ لەسەر ئەو خاڵە دابگرێت، کە چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان دەخاتەلاوە. بەمەش گرامشی هەوڵدەدا مارکسیزم بە تەواوی لە ناسنامەکەی ئاگادار بکرێتەوە، گیانی شۆڕشگێڕی خۆی ببووژێنێتەوە، ستونە پێنجەمەکان بکاتە دەرەوە کە دزەیان کردۆتە ناوی، بیرکردنەوە لەو کۆمەڵە شێوازە کۆنانە ڕزگاری بێت، کە مارکسیزم حەزدەکات جارێکی تر بەرهەمییان بهێنێتەوە.

چەمکی ڕیڤیزیۆنیزم یان گۆڕانکاری لە بنەما سەرەتاییەکانی گرامشی تائاستێک بەرەوپێش دەچێت کە بە تایبەتی لە شێوەبەندی تیۆری گشتی مارکسیزم کۆتایی دێت. تێگەیشتنی گرامشی لە ڕیڤیزیۆنیزم، پێش ئەوەی ڕاڤـەی بنەڕەتی تیۆری ئەم بنەمایە لە هەناوی جوڵانەوەی کرێکاری

دابێت، واتا هەرجۆرە دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژی بۆرژوازیە کە ((هەندێجار، بە ترسناکترین شێواز، دزە دەکاتە هەناوی بنەماکانی ئەنگڵزو تەنانەت بنەماکانی خودی مارکسەوە.)) پێشتر، گرامشی لە تێزی لیۆن نوسیبووی: ((دوای سەرکەوتنی مارکسیزم، لایەنگری ناسیۆنالیستی کە مارکسیزم بە سەریاندا زاڵبوو، هەوڵدەدەن لە دەستەی ڕیڤیزیۆنیزم، بە شێوەیەکی دیکە لە هەناوی مارکسیزم هەڵبتۆقێن... بەمەش بە زەین دەگات پرۆسەی ئاوابوونی ناسیۆنالی دووەم، شێوازێکی شەڕی مارکسیزمە لەگەڵ مارکسیزم.))

لە یاداشتەکانی گرتوخانەدا، چاومان بەو تێزە دەکەوێت کە پێداچوونەوە بە بنەماکان{ی مارکسیزم}، لە ڕێگای شرۆڤەی پەیوەندی نێوان ((فەلسەفەی کارو کەلتوری مۆدێرن)) تێگەیەنراوە. لای گرامشی، ((راست ئایینی)) واتا ((خودموختاری)) فەلسەفەی کار، یان بە دەربڕینێکی دی، واتای ڕوانینێکە کە لەسەربنەماکەی، فەلسەفەی کار ((تەواوی توخمی پێویست بۆ بیناکردنی ڕوانینێکی تێکڕایی و تاکی بۆ جیهان هەیە.)) گرامشی بە تێکڕایی ئەم چەمکە لە گۆڕانکاری بنەما بەراییەکاندا دەخاتەلاوە، کە لە باسەکانی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا خرابووە ڕوو. مارکسیستەکانی ئەرتەدۆکس ترسناکترین گۆڕانکاریە بنەما سەرەتاییەکانن، ڕێک بەم بەڵگەیە کە جەوهەری گۆڕانکاری بنەمایی، جیاوازی نێوان بێکەڵکی مارکس و شایانی کەڵک وەرگرتن بێت نییە، بەڵکو بەکاربردنی چوارچێوەی تیۆری کارەکەی لەسەر بنچینەی پێوەرەکانی دەرەوەی ئەم چوارچێوانەن.

پێناسەکردنەوەی جارێکی تری سنورەکانی فەلسەفە بە مانای دەستنیشان کردنی سنورەکانی جیهان و ئاڕاستەکردنی زانیاری تیۆری کامڵتری دژایەتی ناخیەتی. تەنانەت مارکسیزمیش ناتوانێ سنورەکانی شێوازی بەرهەم هێنان تێپەڕێنێ. ئەم کارە مانای گەڕانەوە بۆ ((یۆتۆپیای شارخوازی)) (هەرجۆرە ڕوانێنێکی ((شێوازمەند)) بۆ مارکسیزمی یۆتۆپیای شارخوازیانە)) دەبێت، بەڵام بە جیاوازیەک: یۆتۆپیای شارخوازی کۆن،

تاریفکردنی ئایدیالی چینێکی کۆمەڵایەتی نوێ بوو کە بەگژ ڕێسای هەبوودا دەچوونەوە، بەڵام هەڕەشەی یۆتۆپیاشارخوازی نوێ مارکسیزم بۆ فەلسەفەی کۆن کێش دەکات، ڕەنگە بکرێ بگوترێ ئامانجی سەرەکی فەلسەفەی مارکسیستی، خۆگرتن لە بەرامبەر ڕاڕایی خستنەڕووی چارە سەری لۆژیکیە بۆ لێکدژیە ڕاستەقینەکان. تاکە پەیامی ئەم فەلسەفەیە، ئاشکراکردنی دوودڵیەکانە ئائاستی شیاو، بە دیودێکی دیکەدا هەڵبژاردنی ڕێگایەک هەڵبژاردنێکی ترسناکە، کە جوڵانەوەی کرێکاری، ڕاست لە ساتێکدا ئیدیعای پێشنیازی چارەسەری جێگرەوە دەکات، لە ڕێگایەوە دەبێتە بندەست و گوێ لە مشت دەبێت. گرامشی لە ساڵی 1929 ئیدیعای کرد: ((پێشتر جۆرێک ڕووناکبیری پڕۆلیتاری بۆ سۆسیالیستەکان هەیە، کە دەرەنجامی کاری وردە بۆرژوایە. شارستانیەتی تایبەتی جیهانی کرێکاری پێشتر هەیەو تایبەتمەندێتی ئایدۆلۆژی، گرژیەکان، سروشت و خەیاڵی بێ شێوەیە.))

بەمەش ڕەخنەکانی فەیلەسوف تاک، هەمان شتە لە بەرامبەر کەلتوری نوێ دەوەستێتەوە کە ڕووناکبیرانی جوڵانەوەی سۆسیالیستی بینا دەکات، بە گژداچوونەوەی شێوازمەند بوونی مارکسیزم بە دەست سۆسیال ((دیموکراتەکان ی ئەڵمانیاو ئەوروپا بوو، تێگەیشتنی لەو مەترسیانەی کە لە هەناوی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کرێکاری دایە.)) کە توانای جێگیرکردنی پێگەکەی دەداتە گرامشی.

ئەوەی لێرەدا دەیبینین، باسکردنی چەمکی ((ڕەخنە)) بەو مانایە کەلە سەرمایە هاتووە: ((ئابووری کلاسیک هۆی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئابوری سیاسی بووە، بەڵام بە زەینمدا نایەت کە زانستی نوێ، یان چەمک داڕێژی تازەی کێشەی زانستی، هێشتا شیاوبێت.)) مارکسیزم دەتوانێ مێژووخوازی شێوازی بەرهەم هێنان، یان بە گوتەی گرامشی، مێژووخوازی ((بازاڕی دانراو))ی وەک بابەتی ((ڕەخنە)) لە زەین بگرێت، بەڵام ئەم کارە ناتوانێ هۆکاری سەرهەڵدانی زانستی نوێ بێت بۆ فاکتە ئابوریەکان،

چونکە ئەم زانستە پێویستی بە بوونی کۆمەڵێک فاکتی تازەیە، لە ڕوانگەی گرامشی، لە زەینگرتنی مارکسیزم لە جیاتی ((ڕەخنە)) تەواوی ڕەونەقەکانی ئایدیالی کەلتوری و سیاسی، واتا ڕاگەیاندنەوەی سەرلەنوێی سنورەکانی تێگەیەنراویەتی. ئەم ڕوانینە، جارێکی دی پچڕانی مارکسیزم لە نەریتی کەلتوری هەبوو ڕادەگەیەنێت و لە مەترسی گۆڕانی بۆ بنەماکانی مشتومڕی بەهۆی خستنەلاوەی جەختکردنەوە لە دراوە لێکدژەکان، ڕزگار دەکات. بەپێی ڕوانگەی گرامشی، ڕکابەرێتی چینایەتی لە ڕێگای دەستنیشانکردن و جیا کردنەوەی ئاستە نوێکانی پێکهاتەی ((یەکگرتوو)) لە پانتایی کۆمەڵایەتی، جارێکی دیکە سەروەری و هەژمونی خۆی دەخاتەلاوە و ئەم مەرجانە ئەوەندە دەمێننەوە کە لە ڕوانگەی تیۆری و کرداری، پەچە لە ڕووی ئەم ئاستانە لاببرێت.

ئەم ستراتیژییە تیۆریە لە هەر ڕوانگەیەکەوە پەیوەندی بە ستراتیژی سیاسییەوە هەیە. بەرتەسک کردنەوەی پانتایی ڕکابەرێتی چینایەتی بەهۆی ڕەخنەی بەردەوام، لە بارکردنی فەزا بۆ لێدانی زەربەی کۆتایی، کارێکی پێویستە. پێشینەدان بە کاری سیاسی لە جیاتی ڕەخنەی لە سەدا سەد بە درێژایی قۆناغێکی مێژوویی تەواو، ئەنجامی بە کەم گرتنی مارکسیزمی تیۆری نییە، بەڵکو ئاکامی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ناوەڕۆکی پاساو هەڵچوونە، یان بە دەربڕینێکی تر، ئاکامی ڕەخنەی شرۆڤەی کروچەییە لە مێژووی ئیتالیا، شرۆڤەیەک تا ئەوکاتە بێ مانایە، کە قۆناغێکی نوێ لە ئۆرگانیزەکردنی سیاسی جوتیارانی باشور ڕووی نەداوە.

بەڵام لە ڕوانگەی تیۆری، چەمکی ((ڕەخنە)) لای گرامشی بە ئاشکرا لە نێوان چەمکی مارکسیستی زانست و زانستی پۆزیتیڤیستی جیاوازی دەکات، لە پێگەی تیۆری، یان زانست کە ((تەنیا)) لە مارکسیزمدا دەبینین، ئاماژە بەو شتەیە کە پێش تەواوکردنی فاکتەکان و سەربەخۆ لێیان ڕوودەدات. ڕەخنەی ئابووری سیاسی، لە ڕێگای بە دەست هێنان

و پیشاندانی مێژووخوازی شێوازەکانی بەرهەم هێنان، ((میرانگر دەهێنێتە مەیدانەکە، ئەو کەسەی کە هێشتا دەبێت بۆ زیندوو بوونی خۆی شایەتێکی بەهێز بخاتەڕوو.)) پەیامی زانستی، جێگیرکردنی یاساکان لەسەربنەمای فاکتە دراوەکانە. پەیامی تیۆری مارکسیستی لە جیانی تیۆرە لێکدژەکان، جێگیرکردنی تواناکانە. فەلسەفە و ڕەخنە، ڕووداوەکـان تیوار دەکات و نەبینینی توانا، کۆمەڵێکی نوێی فاکتەکان، پیشان دەدەن. بە دیهێنانی ئەم توانایە بە تێکڕا لە دەرەوەی مەیدانی تیۆریە. بەم مانایە، بە باوەڕی گرامشی هەموو کەس دەتوانێت تا ئەو جێیە پێشبینی بکات کە کار دەکات، دەکرێ بۆی زیاد بکرێت، هەمووکەس دەتوانێ تا ئەو جێیە کاربکات کە فاکتە هەبووەکان دەگۆڕێت.

بەمەش ئاشکراکردنی دوبارەی سنورەکانی فەلسەفە، ئەمجارەیان لە بری سنورەکانی جیهان، بە مانای دوبارە ئاشکراکردنی ئەو فەزایەیە کە دەبێت بۆ ((ئیرادە)) و ((کار)) لە بری بە دیهێنانی ئەگەری واتایی گۆڕان بمێنێتەوە، گۆڕانێک کە نەک لە فاکتە تاکەکان، بەڵکو لە سنورەکانی جیهان ڕوودەدات. فەلسەفەی کار ئاشکراکردنی جارێکی دیکەی دەوری زەینییەتە، چونکە ئەم فەلسەفەیە بە حەتمی جیاوازی نێوان ئەوەی دەکرێ بگوترێ و ئەوەی دەکرێ پیشان بدات نێی دەگات، ئەگەر ئەوەی دەکرێ بگوترێت بەکردەوە، بە گۆڕانی جیهان وەردەچەرخێت، بەمەش تایبەتمەندی زانستی مارکسیزم، شیاوی نواندنی ئەو شتەیە کە زانستی فاکتەکان تەنانەت شیمانەی بوونی نادات. هەربۆیە مارکسیزم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ شتێک دەگێڕێتەوە، کە بێجگە لە خۆیەتی. مێژووخوازی ڕەها ڕاستەوخۆ بە زانستی سیاسی کۆتایی دێ، بەڵام دووەمیان کاتێک سەرهەڵدەدات کە مەیدان، لەڕوانگەی چەمکی، لە هەر جۆرێک ئۆتۆماتیزم، یان چارەنوسخوازی شیاو پاک بووبێتەوە.

پێشتر گوتمان کە بە پێی بۆچوونی گرامشی، تێگەیشتن لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر پێویستی بەڕەتکردنەوەی ڕەگی تێکڕای شرۆڤەی ماتریالیزمی مێژووییە کە لە تێوتەوەیی دووەم خرایەڕوو. لانگۆباردی لە وتارێکدا، کە کەمێک پێشتر پشتمان پێ بەست، دەڵێت: ((کاتێک مارکس دەنوسێ ئەگەر کۆمەڵگای سەرمایەداری وەک خۆی لێبیگەڕێی، سەرەنجام ناوەندێتی دەمارگیری سامانی لێدەکەوێتەوە، قەت ئاماژە ناکات کە ئەم پرۆسەیە کەی ئەوەندە پێشدەکەوێ هەموو شتێک زەوت بکات.کاتێک دەنوسێت ئەوکاتە ڕێسای سەرمایەداری لەبەریەک هەڵدەوەشێت کە هێزەکانی بەرهەمهێنانی بەردەستی سەرمایەداری تا دوا ئاستی خۆی کامڵبووە، ئاماژە ناکات کە ئەم پرۆسەیە لە کوێ بە ئەنجام دەگات.

مارکس بۆخۆی دوپاتی کردۆتەوە کە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی سەرمایە، پێکهاتەی دیاری نەکراوە. ساتی مردنی سەرمایەداری، یان هەمان ساتی مردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری، ناتوانرێ لە ڕێگای ڕادەی کەڵەکەبوونی بێ وەستانی سامانی کۆمەڵایەتی دیاری بکرێت، بەڵکو ئەم ساتە ئەنجامی زیادبوونی زەحمەتی و کێشەکانە کە ئەم پرۆسەیە دەوروژێنێ، بەهۆی گوشاری زۆرو زەوەندی پرۆلیتاریا. ڕاستە کە شیمانەی سەرکەوتنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، هیچ پێوەرێکی نییە، مەگەر هەناسەی سەرکەوتنی.))

سۆسیال دیموکراسی ئەوروپا، لەبەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی لە وڵاتێک لۆمەی بەڵشەفیزم دەکات، کە هێشتا ئامادەیی گۆڕانی نییە، وەڵامی گرامشی تایبەت نەبوو بە خستنەڕووی بەڵگەی تایبەتمەندی مێژوویی تایبەتی کۆمەڵگای ڕوسیا، ئاماژەی بە شۆڕشی 1789 کرد کە ((درەنگ وەخت، بەڵام پێشەنگ بوو. مەسەلەکە لێرەدا تیۆریە، دەبێت بە ((پێشبینی)) مارکس چ بکرێت. گرامشی پێش هەمووشتێک هەرجۆرە ڕاڤەیەکی کارەساتاوی لەم قەیرانە، بە کەڵک وەرگرتن لە جەختکردنەوەی وەستانی پرۆسەی

سەرمایەداری کەڵەکەبوو، ڕەتدەکاتەوە. سەرەنجام لەسەربنەمای پێشەکی 1859، دەکرێ چەمکی پێشبینی بکەیە جێگرەوەی چەمکی ڕسکانی توانینی واتایی، توانینێک کە بۆ هێنانەدی، دەبێت لە ئاستی سیاسەت پێکبێ و دەرببڕدرێت. لێکدژی کۆمەڵگایەک هەرچەندیش کە قوڵبن، بە ڕاگوزەرێک بۆ فۆڕمۆلەکردنی ڕێسای نوێ دانانرێن، مەگەر ئۆرگانیزە بکرێن، واتا ئەم پێوەرە کە ((شیمانەی سەرکەوتنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، هیچ پێوەرێکی نییە، مەگەر هەناسەی سەرکەوتنی))، پێوەری جیهانگرە. ئەم پێوەرە بەهۆی شرۆڤەی پێگەی دراو بە دەست نەهاتووە، بەڵکو دەرەنجامی ڕاڤەی دوبارەی دەوری تیۆرە. جێگیرکردنی سەرلەنوێی خودی ((پێشبینی)) تیۆری و چوارچێوەکانی، نەک مانای ئاشکراکردنی دوبارەی دەوری ژیاری ئیرادەیە ((ئیرادەبوون لە مێژوو))، بەڵکو لە ئاستی شرۆڤەیی، مانای پڕکردنەوەی بۆشاییەکە کە ڕاڤەی ئابوری لە ماتریالیزمی مێژوویی بەجێی هێشتووە.

لێرەدایە کە کاری ئاکاری سیاسی پێدەنێتە مەیدانەکەوەو ڕێکەوت نییە، کە گەڕانەوەی سەرەکی بۆ هەمان ((پێشەکی))ی 1859یە، دەقێک کە لە ئاستی تیۆری، هەرجۆرە توانینێکی فۆڕمۆلبەندی تیۆریی زۆرەملێیانە ڕەتدەکاتەوە: ((کۆمەڵگا کێشە بۆخۆی دروست ناکات، کە بۆ چارەسەریان پێشمەرجی مادی نەبێت. ئەم ڕاڤەیە ڕاستەوخۆ مەسەلەی چوارچێوەی ئیرادەی کۆمەڵی دێنێتەگۆڕێ، بۆ خستنەڕووی شرۆڤەی ڕەخنەیی لە مانای ئەم ڕاڤەیە، پێویستە بزانین ئیرادەی کۆمەڵی هەرمانی چۆن پێکدێن و ئەم ئیرادانە چۆن بۆخۆیان ئامانجی پاشکۆیی ماوە کورت و ماوە درێژ، یان بە دەستەواژەیەکی دی، ڕەوتێک بۆ کردەی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکەن))، ئەگەر ڕاڤەی گرامشی بەشی یەکەمی پێشەکی 1895 جەخت لە توانینی مانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری دەکاتەوە، بەشی دووەمی بۆ تایبەتمەندی ئەندامواری، نەگەڕاوەو لە ڕوانگەی مێژوویی بە پێویستی بەرهەم هێنان و پێکهاتەی ڕێکخراوە سیاسی و ئابوریەکانی چینی کرێکار ڕادەگات.

ئەم پێشەکییە توانینی شیکردنەوەیەکی دوورو درێژ، نەک لەتیۆری حزبی سیاسی، بەڵکو هەروەها لـەدوو شێوەی سەرەکی پرۆسەکانی شۆڕشگێڕی کۆمەڵگای سەرمایەداری (((پەیوەندی هێز))و ((شۆڕشی ناچالاک))) دەگرێتەوە.

لە ڕوانگەی گرامشی لەم مەیدانەدا، باسی لەمەڕ پەیوەندی هێزو بە ئاشکرا لە توانای سەربازی ئاڵۆزترە، لە ڕاستیدا ئەم کارە مەسەلەی تێگەیشتن و گەیشتن بە شێوەیەکی ئاڵۆزە کە کۆمەڵگای چینایەتی لە ڕێگایەوە، لە مەیدانی سیاسیەوە بیگرە تا پانتایی کۆمەڵایەتی پێکدێت، شێوازێک کە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕێگایەوە جوڵەی خۆی وەک ئاکامە زۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هێزەکانی لە مشتومڕدا، پیشانی دەداتەوە. گرامشی لە شوێنێک هەوڵدەدات مینۆدێک شرۆڤە بکات، کە لە ململانێی نێوان میانڕەوەکان و حزبی ئەکسیۆن بەکاری بردبوو: ((ئاشکرایە لە بارودۆخی زەینی وادا، کە بارودۆخی بابەتی هەیە، هەرگیز ناکرێ لە قەڵەم بخرێت، لە ئەنجامدا لەسەر بنچینەی ڕادەی ڕەهەندو چڕبوونەوەی هێزە زەینیەکان، دیسانەوە لە ئەنجامی، بەپێی پەیوەندی دیالەکتیکی نێوان هێزە زەینیەکان گرفتارە کە دەکرێت درێژە بە باسەکە بدات.))

گرامشی بەهۆی شرۆڤەکردنەوەی ماتریالیزمی مێژوویی لە زانستی سیاسیدا، سـەرووی دابەشکاری مارکسیستەکانی ((ڕیڤیزیۆنیستی)) و ((ئەرتەدۆکس)) دەکەوێت، ڕێک بەم بەڵگەیە کە وەڵامی جیاوازی بۆ نارەزاییەکانی گۆڕانکاری بنەما سەرەتاییەکان وەرگرتووە. چەندینجار ئاماژەی پێکراوە کە گرامشی لە پەلاماردانی کاری ئاکاری سیاسی کروچە، هەمیشە برنشتاینی لە زەین دابووە، لە ڕاستیدا گرنگترین و شڵەژێنترین بەشی ئامادەیی ڕەخنەکەی، ئەنجامی ئاوڕدانەوەی لە دەوری ڕۆژانەی هێزە ئایدیال و هێزەکانی ڕێکخراوە لە پرۆسەی مێژوویی: بە سەرنجدان بە گەشەی شێوەکانی یاسادانان و دەستوەردانی هەژمارکراو لە کۆمەڵگای

مەدەنی، پێشبینی مارکسیستی (کە لێرەدا بە تیۆری ئاوا بوونی کایۆتسکی بە یەک زانــراوە) بۆ کارێکی نەگونجاو گــۆڕاوە، کە ترسی پەیوەندی نزیکی نێوان پێکهێنانی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستیە. کامڵبوونی فاکتەکان پێویستی بە وەرچەرخانی تیۆریە، بەپێچەوانەی برنشتاین و کروچە، کە بە هۆی شرۆڤەی وردی کاری ئاکاری سیاسی بە دوای ئاوابوونی مارکسیزمەوە بوون، پڕۆژەی گرامشی شتێک نەبوو، بێجگە لە پەسندکردنی نارەزاییەکانی گۆڕانکاری بنەما سەرەتاییەکان، بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕیشەیی بارودۆخی ئەرتەدۆکسەکان، پیشانیدا کە چۆن گۆڕانکاری نەما سەرەتاییەکان لە هەر ڕوانگەیە کەوە هاوڕای تیۆری مارکسیستی مێژوون.

بەڵام واباشترە لە شرۆڤەی گرامشی بۆ ماتریالیزمی مێژوویی لەژێر ڕۆشنایی شرۆڤەی ((شۆڕشی ناچالاک))، لە گرنگییەتی پەیوەندی دەسەڵات بگەین. لە ڕوانگەی گرامشی ئەم چەمکە بۆ بارودۆخی خەباتی سیاسی دوای پاشەکشەیان شکستی چینی کرێکار گەڕاوەتەوەو دەیەوێ وێنایەکی گونجاو لەو پڕۆسە ئاڵۆزە مێژووییە بخاتەڕوو کە دەرەنجامی ئاڵوگۆڕی نێکڕای شێوازەکانی بەرهەم هێنانە. گەڕانەوەی شەڕانی ئەم چەمکە بۆ تیۆری پێکدادان و لایەنگری ژاکۆبنی بە گوشینی نێکڕای گرنگییەتی کۆمەڵایەتی پڕۆسەیەکی شۆڕشگێڕی پچڕانی توندوتیژیانەیە.

لەم ڕوانگەیەوە، ناکرێ قۆناغەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەشێوەی دابەزینی پڕۆسەی شۆڕشگێڕی دابنێی. بوونی وەرچەرخانێک لەچاو پێداخشاندنەوەی تیۆری، بە مەبەستی تێگەیشتنی بەرچاوی لێکدژی لایەنگری بەرەوپێش چوو بەردەوام بۆ جێگرتنەوەی بونیادنانی شێوازی بەرهەمهێنان، بە کارێکی پێویست بە زەین دەگات. پێشتر گرامشی لە نوسراوە سیاسیەکاندا هەوڵی دابوو، سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی بە سەردەمی شۆڕشی پڕۆلیتاریا ببەستێتەوە: ((بە هەمانشێوە کە لە بەرایی سەدەی نۆزدە هەموو چاوەکان

لەسەر شۆڕشی فەرەنسە بوو نەیاریەکانی بێهودەی دەنواند، ئەمڕۆش هەمووان، لە ئاسیاوە بیگرە تا ئەوروپا، چاویان لەسەر شۆڕشی ڕوسیایە.))
لە هەردوو بارەکەدا، قۆناغی بەرایی شەڕی جوڵانەوە هەبوو: ئەزمونی ژاکۆبنی لە شوێنێک گەشەی دەکرد کە بەخشراوە.

بەردەوامی پێکهاتنی پلە بەپلە هێواشتر بوو، لەو جۆرە ((نوێکردنەوە)) ئەنجام دەدرا کە لە ئەنجامدا، گەڕانەوە بۆ پێگەیەکی پێشتر هەبووی ڕەتدەکردەوە، لە جێدا شێوەی جیاوازی بەڕێوەبردنی سیاسی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی گۆڕاوی ئاڕاستە دەکرد کە هەر چۆنێکبێت، درێژەی بە پێکهێنان و گەشەکردن دەدا، ئەگەر پێشکەوتن تا ئاستی قەڵەمڕەوێک درێژبێتەوە کە پێشتر ژاکۆبنیزم ئەزموونی نەکردووە، ڕووداوەکە زۆر ئاڵۆزتر دەبێت، لەو سەردەمەدا شەڕ بۆ جوڵانەوە بەس نییە، دەبێت شەڕ لەسەر مەسەلەیەک هەڵگیرسێت.

شۆڕشی فەرەنسە لە 1789، 1793 یان لە شەڕەکانی ناپلیۆن کۆتایی نەهات. هەربەو شێوەیە، شۆڕشی ئۆکتۆبەریش بە کوشتاری کۆشکی زستانی، شەڕی ناوخۆو شەڕی کۆمۆنیزم، یان بەدەسپێکی سەردەمی سیاسەتی ئابوری نوێ NEP کۆتایی قبوڵ نەکرد: ((ئەم لێکۆڵینەوانە، دوای دۆزینەوەی لێکچونەکانی نێوان سەردەمی دوای ڕووخانی ناپلیۆن و سەردەمی پاش شەڕی 1918 – 1914یە. لێکچونەکان لە دوو ڕوانگەوە دەبینرێن: یەک دابەشکردنی ناوچەیی و دوو، ڕوانگەی ئاشکراترو ڕواڵەتیتر، هەوڵ بۆ لێبوردنی ڕێکخراوی بەردەوام و یاسایی بۆ پەیوەندی نێودەوڵەتی (یەکێتی پیرۆز، یەکێتی نەتەوەیی). هەرچۆنێکبێ بە زەین دەگات گرنگترین تایبەتمەندێتی کە دەبێت تاوتوێ بکرێت، ((شۆڕشی ناچالاک))ە کێشەیەک بوونی ڕوون نییە، چونکە هیچ جۆرە هاوسەنگیەکی دەرەوەیی لەگەڵ فەرەنسەی 1815 – 1789 نییە، بەم حاڵە هەموو دەزانن شەڕی 1918 – 1914 پیشاندەری پچڕانی مێژووییە، واتا هەموو ئەو پرسیارانەی پێش 1914

کەڵەکە ببوون، بوونە ئەپۆلکەیەک و بنەمای ئێکڕایی پڕۆسەی پێشتری ڕیفۆرم کرد.))

ئەم نمونە مێژووییە پیشانی دەدا کە چۆن چەمکی شۆڕشی ناچالاک، ((ئەوەی ئۆرگانییە بەوەی دەبەستێنەوە قەیرانییە)). شۆڕشی ناچالاک لەسەر دوو بنچینەی دەروون شیکاری ((پێشەکی 1859 پێکهاتووە، گرەنتییە بۆ زاڵبوونی تیۆری پڕۆسەیەکی مێژوویی فرەلایەنە، کە ڕەنگە جیاوازی نێوان کاری ئۆرگانی و کاری قەیرانی تێکبدات. بێ ئاگایی لەم جیاوازیە، ((وادەکات هۆکارێتی ڕاستەوخۆ بە دەستوەردەر بزانین کە دەستوەردانیان بە هۆیە، یان ڕاییگەیەنین هۆکارێتی ڕاستەوخۆ هۆکارێتی کاریگەرن.

لەبارەی یەکەم، هەمیشە زێدەبایی لە ((ئابوری باوەڕی))، یان شانازی بەخۆکردنی دەمارگیرانەیە. لە بارەی دووەم، زێدەبایی لە ((ئایدۆلۆژیخوازی))، بۆ یەکەم، مەسەلەی بەهادانی نائاسایی بە هۆکارێتی میکانیکی. بۆ دووەم، زێدەڕۆیی لە توخمی ئارەزوومەندانەو تاکییە.))

بەمەش لەڕوانگەی گرامشی دەست نیشانکردنی حەقیقەتی مێژوویی بێ ئامرازی تیۆری گونجاو ئاسان نییە، هەربۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئاشکراکردنەوەی نوسینە سیاسیەکان، گرامشی بە تیۆرداڕێژی شۆڕشی خۆرئاوا زانین کەمکردنەوەی کارەکەیەتی.

گەرچی پێگەی گرامشی لە بەرایی کاری لە 1924 بە جەختکردنەوەی لە تایبەتی بوونی پێگەی ئەوروپای خۆرئاوا لە پێودانگی بە ڕوسیای تزاری شێوێندراوە، بەڵام نابێت کارەکەی بۆ دەستنیشانکردنی ئەم تایبەت بوونە کەم بکاتەوە. هەرچەند زیاتر لە تایبەتمەندێتی تاکی ئۆکتۆبەر ڕابمێنین، پێویست بوونی توخمی یەکگرتنی لە ئاستی تیۆری، کە خۆرئاواو خۆرهەڵات بکاتە یەکتاو لەم ڕێگایەوە بابەتەکانی سۆسیال دیموکراسی ببانە ژێر پرسیار، پێویست بە زەین دەگات، هەروەها پێویستە پیشاندانی چۆن ئەم یەکتاییە، ئەو ڕوانینانە بێ متمانە ناکات، کە وایکرد شۆڕشی ڕوسیا لە پانتایی جیهاندا

بنەقێنەوە.

خوازراوترین بارودۆخ بۆ شۆڕشە پڕۆلیتاریەکان وەک پێویست لەو وڵاتانە نییە، کە پێکهاتەی سەرمایەداری و بە پیشەسازی بوون گەیشتۆتە بەرزترین ئاستی خۆی. کاتێک خوازراوترین بارودۆخ بەدەست دێن کە بتوانین دیاری بکەین لەکوێ چوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری، بە بەڵگەی لاوازی بنەمایی، لە بەردەم پەلاماری چینی کرێکارو هاوپەیمانانی کەمتر بەرگری دەکات.

تیۆرداڕێژی دەربارەی ئەم توانینە، تەنیا بانگەشەی بوونی بارودۆخی گونجاو بۆ کامڵبونی شۆڕشگێڕی، تەنانەت لەو وڵاتانە نییە، کە هێشتا نەگەیشتونەتە ئەزموونداریێتی سەرمایەداری، بەڵکو لەوە گرنگتر، وەرچەرخانی ئێروتەسەلی ئامڕازەکانی شرۆڤەیە. ئەم قسەیە لە هەنگاوی یەکەمدا مانای وەلانانی شرۆڤەی باوی ماتریالیزمی مێژووییە کە نەک لە خۆرهەڵات، بەڵکو لەخۆرئاواش ناپێویست و ناتەواو سەرکەوتووە. ماتریالیزمی مێژوویی نەک شکستی لە تێگەیشتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر خوارد، بەڵکو نەیتوانی ستراتیژیەکی سیاسی گونجاو بۆ ئەو کۆمەڵە وڵاتەی سەرمایەداری پێشنیاز بکات کە بە زەین دەگات هەلومەرجی شۆڕش تێیدا ئامادەیە.

ڕێک لە خۆرئاوا بوو کە دەرکـەوت ئەم تیرە ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە پێکهاتەی هێزەکانی بەرهەم هێنان (کە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکان سەرباری سەرهەڵدانی قەیرانەکان بەردەوام دەبێت) نەک لایەنگری بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی دێنێنەدی، بەڵکو دەتوانێت لە مپەرێکی نەپەڕینەوەی سەر ڕێگاکەشی بێت، لە خۆرهەڵاتیش وەک خۆرئاوا، دەبێت مارکسیزم ئەو ئێوەی ڕاڤەیی دەخستەلاوە کە بناخەکەی لەسەر پەیوەندی هۆو هۆکارێتی نێوان بنەماو بنەمای زەبەلاحە، بەپێی شرۆڤەی گرامشی بۆ پەیوەندی دەسـەڵات، دەبێت لە نوێوە پێناسەی چەمکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان، لە زانستی سیاسیدا بکەین. لە ڕاستیدا، فرەیی پێگە

مێژوویەکان پاڵنەری سەرەکی بوو بۆ ئاشکراکردنی جارێکی دیکەی شرۆڤەی شێوازمەندو یەکخستن لە ئاستی تیۆری، مەسەلەی جیهانگری لینیزم، بۆ گرامشی بڕیاری پێشنیازی مەسەلەی پەیوەندی نێوان تیۆرو مێژووە لە ڕوانگەی ڕابەرایەتی سیاسی.

مەسەلەی جیهانگری لینیزم، یان بە دەربڕینێکی تر ئەم مەسەلەیە ((ئایا حەقیقەتی تیۆری دەتوانێت ببێتە تێکڕایی و لە جیاتی کاری جیهانگر لە قۆناغێکی مێژوویی دەستنیشان بکرێت، کە سەرهەڵدانی پەیوەندی بەکارێکی تایبەتەوە هەیە))، مەسەلەیەکە لێی دەکۆڵرێتەوە کە لە دەفتەری یاداشتەکان دەربارەی تێزەکانی ڕۆما بەڵگەیەک لە ساڵی 1922، لە دووەم کۆنگرەی حزب خرایەڕوو، بەڵام لە جیاتی لێکۆڵینەوە لەم دەقە کە بەزمانی کتێبی سادە ڕوانینانەی یاداشتەکانی گرتوخانە نوسراوە، واباشە لەسەر دەقێک قوڵببینەوە کە گرامشی ئەم ڕوانینەی بە باشترین شێواز لە ساڵەکانی خەباتی سیاسی خۆی دەربڕیوە.

ئەم بابەتەی جیهانگر هەمان بابەتە کە دەستەی بانگهێشتنی ئیتاڵیا لە کۆنگرەی پێنج گرتیەبەرو تێیدا، لە باسێکدا لەگەڵ بۆردیگا، داکۆکی لە لینین کرد. تێزێک کە گرامشی لە گرتوخانە گەشەی پێداو تەواوی کرد، کە باشترین شایەت لەسەر ((جیهانگری پاشکۆیی)) تیۆرێک، ئەندازەی هاوتای واقعیەتە، ((نەک گونجانی لۆژیکی و شێوەییەکەی)).

ئەوە بوو مەسەلەی دەستەی ئیتاڵی لە کۆنگرەی پێنج، کە ((لەڕاستیدا بەلشەفیزم میتۆدی تاکیکی پێداوین، هێندەی جیهانگر بایەخی هەیە.)) بۆردیگا پێی لەسەر ئەم مەسەلەیە دادەگرت کە بەڵشەفیزم ((هەڵەی بنچینەیی هەیە بۆ ڕوانینێک، کە لە ڕابردوو هاوڕێی ترۆتسکی پێشنیازی کرد، میتۆدە تاکتیکیەکەی خۆی ناونا ((مارکسیزمی ئەوروپی)) و لەبەرەی ڕووبەڕووی بەڵشەفیزم هەڵوێستی وەرگرت.))

بەمەش هێشتا مەسەلەکە داوای پەیوەندی خۆرهەڵات و خۆرئاوایە،

که چۆن دەکرێت جیاوازیەکانی دوو بلۆک لە نوێوە ڕێکبخەی و بۆ ئاکە شرۆڤەی مینۆدناسی بیگۆڕی، هەمانشت کە لە ئێگەیشتنی لینین لە دیالێکتیک دەبینرێت. مەسەلەی سیاسی پیشانی دەدا کە چۆن ئاکتیکە جیاوازەکان، بۆ پێگە جیاوازەکان پێویستن، دەتوانن هاوتای بنەماکان بن. پێشنیازی بۆردیگا جێگیرکردنی نەگەڕاوەی ڕێساکانی ڕەفتاری بوو، کە پێشتر لە ئێزەکانی ڕۆما پێشنیاز کرا. هەرلێرە مەترسی دەستەبژێرخوازی سەری هەڵدەدا، مەترسیەک کە بۆردیگا پێشتر، کاتێک لە ئەستۆی سەرۆکی سیاسی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی بوو، لە کاردا دەستنیشانی کرد، بەڵام ئۆمەتی بۆردیگا بەهۆی دوبارەکردنەوەی پێناسەکەی لینین بۆ دەستەبژێرخوازی، نابەجێ زانرابوو: ((دەستەبژێرخوازی واتا نەخشەی ئاکیک لەسەر بناغەی پەیوەندی باڵای دوو، یان چەند فاکتۆرێکی پێگەی بابەتیە، لە جیاتی ئەوەی ئەو پێگەیە لەسەربنەمای فاکتۆرەکانی بەشدار، بەپێی ئەواویەتی، دیاری کردنی پێکهاتەی هەمەلایەنەو نەبڕاوەی، ئاوتوێ بکەین.))

دەبێت فۆرمۆلبەندی ئاکێکی دروست بۆ زانیاریەکی هەمەگیرو کۆی کاری مێژوویی پاشکۆیی بگۆڕدرێت. لەم ڕێگایەوە چەمکداڕێژی مارکسیستی ئیۆری، ئێگەیەنراو دەبێت، لە بەرەنگاربوونەوەی لۆژیکی دیالەکتیکی و فەرمی، جارێکی دیکە ڕەخنەیەک لە دەوری ئیۆر دەردەکەوێ کە نەک بە دوای ڕاڤەی جیهان، بەڵکو بەدوای سەپاندنی خۆیەتی لە سەری. لە ڕوانگەی دەروون شیکاری، ڕەخنەی بۆردیگا وەک ڕەخنەی سۆسیۆلۆجی بوخارین و چەمکی پلیخانۆفی دیالەکتیکە. ئەم ڕەخنەیە لە هەنگاوی یەکەم هەوڵدەدا سنورەکانی باسی ئیۆری و شرۆڤەی مێژوویی دیاری بکات، لە هەنگاوی دووەم، هەوڵدەدا پەیوەندی شیاو بەبستێت: ((ئەنیا هێڵی ئێکڕایی دەتوانن گرەنتی وەفاداری بۆ بنەماو سنورەکان دیاری بکەن، کە دەبێت ئاکتیکە حزبیەکانی هەناوی بە شێوازێکی پێشبینیکراو دیاری کرابێت. ئێپەڕاندنی ئەم ئاستە ئاسان نییە، چونکە ناتوانێت پێشتر پێشبینی ئایبەتمەندی ئایبەتی

هەر سانێکی کامڵبوون و گەشە بکەی.)) سەرباری ((کاری تاکتیکی، مانای هەمان کاری نێودەوڵەتیە کە بە کاردەبرێت، دەبێت سنورەکانی خۆی لە بونیادەکانی بەرنامەو تیۆری کۆمۆنیستی بدۆزێتەوە. پێشتر دیاریکردنی ئامرازە تاکتیکیەکان لە هەناوی ئەم سنورانەدا، کارێکی هەڵەیە. فرەیی ئامرازەکان لە بارودۆخێکدا دراوە، ئەزمونەکانی خەباتی شۆڕشگێڕی دیاری دەکات.))

ئەگەر بناخەی تیۆری کۆمۆنیستی برینییە لە ڕەخنەی شێوازی بەرهەم هێنان و تایبەتمەندی تێکڕایی سیستەمی بە دیلی دیاری دەکات، لەم کاتەدا ئەم بناخانە ناتوانن باسی پرۆسەی مێژوویی بکەن کە ئەم باڵادەستیە لە ڕێگایەوە ڕوو دەدات. سیاسەت ڕێگایەکە، ڕەخنە لە ڕێگایەوە بوونی مێژوویی دەستدەکەوێت. گرەنتی مینۆدی شرۆڤەی سیاسی، مانای ئاشکراکردنی گوزەرگایەکە کە بەرەنجامی ئاوێتەبوونی تیۆرو مێژووە. دیالەکتیک لە بری مینۆد، ئامرازێکە مارکسیزم بەهۆیەوە بۆ ((تیۆری مێژوو سیاسەت)) دەگۆڕێت. بەهەمانجۆر کە پێشتر لە دەقی 1925 هاتبوو، ((مارکسیزم مینۆدێکە بۆ شرۆڤەی مێژوویی و لایەنگری سیاسی))، بەڵام ڕێک بە هەمان بەڵگە، گرنگە بزانین ((لینین هەمیشە بە ئامانجێک ئاماژەی بە ڕابـردوو دەکـرد: پەند وەرگرتن لە هەڵەی پێشتر، هەروەها تەنیا بەئامانجێک پەنای دەبردەبەر فۆرمۆلەکانی پێشتر: دوبارە جەختکردنەوە لە بەها بنەماییەکانی کۆمۆنیزم.))، بە کورتی ئەگەر بکرێ لە جیاوازی بنەڕەتی دوو چەمک بگەین کە دیالەکتیک بەڵگەی لەسەریان هەیە، پەڕینەوە لە تیۆر بۆ مێژوو ئاسان دەبێت، کە بڵێین لینینزم مارکسیزمی بۆ تیۆری سیاسی گۆڕی، واتە نادیدەگرتنی داوەری گرامشی لە مەڕ گرنگیەتی مێژووی مارکسیزم نییە، کارەکەی ڕەچاوی ڕاڤەی پەیوەندی مارکس – لینینی کردووە. تاوتوێکردنی شرۆڤەی گرامشی بۆ ئەم پەیوەندیە، پێویست دەکات پوختەیەک لە ڕاڤەکەی بۆ مارکسیزم بخەینەڕوو، بۆ تێگەیشتن

لەم خاڵە، دەبێت شرۆڤەی کەمینترین بۆ مارکسیزم – لینینزمی سەردەمی بەڵشەفیزەکردنی حزبە کۆمۆنیستەکان، تاوتوێ بکەینەوە.

بە پێناسەکردنی لینینزم وەک ((مارکسیزمی سەردەمی ئیمپریالیزم))، لینین هەم لە بری ڕاڤەکاری ڕاستەقینەی مارکس و کەسێک ناسێنرا، کە توانی لە فەلسەفە بازیەکانی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم دوور بکەوێتەوەو هەم وەک پیاوێک کە توانی لەژێر ڕۆشنایی کێشەکانی سەردەمی نوێ گەشە بە مارکسیزم بداث. هەرچۆنێک بێت، کاری لینین لە مەیدانی مێژووی مارکسیزم هەڵدەسەنگێندرێت. هەربۆیە دەکرێت خاڵی دەسپێک بێت، بۆ نۆژەنکردنەوەی شێوەیەک لە ڕاست ئایینی پشت ئەستور بە بەڵگەکانی لە پاشەکشەدا. بە ئاشکرا جەخت لەوە دەکرایەوە کە بەڵشەفیزەکردن لەهەر وڵاتێک بووژانەوەی ((نەریتەکانی شۆڕشگێڕی)) لێدەکەوێتەوە: ((بەڵشەفیزەکردنی حزب، کە لە لینیزم دەست پێدەکات، واتا گۆڕینی حزب بۆ هاوئاهەنگی وریایانەی لە وشتانەی لە ڕاستیدا شۆڕشگێڕی و مارکسیستیە کە لە ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم و دووەمدا هەبوو، لە وڵاتانی جیاجیا، هەندێک لە ناوەکان متوربەی ((نەوەی ڕابردووی شۆڕشگێڕەکان)) کرا، نەوەیەک کە وارسی مارکسیزم – لینینزم بوون و چارەنووس بوو کەسانێک بن وەک گۆسدە و لافارگ لە فەرەنسە، پلیخانۆف لە ڕوسیا، لایبنێخت و ببل لە ئەڵمانیا. دەکرێ ئەنجامگیری بکرێ ئەو بەڵگەیەی کە کایۆتسکی ((قۆناغی یەکەم)) بە خاوەن تایبەتمەندی یەکسان بە پلیخانۆف نازانین – ((لە کاتێکدا ئەویش مارکسیست بوو)) – ئەوەیە کە کایۆتسکی نوێنەری ڕەوتی سیاسی تەواوو دژە، بە کورتی مەسەلەکە لێرەدا بوژانەوەی تێگەیشتنی فەلسەفی دۆگماتیزمانەیە کە تایبەتمەندی بەرایی کاری ئەنتەرسیۆنالی دووەم بوو.

بۆچوونەکانی دەربارەی بانگەشە لەم خاڵانەی کۆڵیبۆوە، کە لە گۆنگرەی جیهانی پێنجەم لە 1924 پەسەندکرا: ((لادانی فەلسەفی باو لە ناوەندی هزری حزبەکانی ئەوروپای ناوەند، دوای نەمانی جەوهەری

ماتریالستی ماتریالیزمی دیالەکتیکە.)) لوکاچ لە 1919، ڕاست ئایینی بە ((فریشتەی ڕزگارکەر)) زانی کە ڕەئی کردەوەو پیشانیدا تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە مارکسیزمەوە هەیە، ((ڕاست ئایینی بە تایبەتی لە میتۆد دەکۆڵێتەوە.)) هەوڵ بۆ بوژانەوەی چەمکی ڕاست ئایینی واتا هەوڵ بۆ بوژانەوەی نەریت و ماتریالیزمی فەلسەفییە. پێناسەی لینینزم (بێ لە بەرچاو گرتنی دەورەکـەی لە ستراتیژیەتی کامڵبوونی دەوڵـەت و کۆمەڵگای ڕوسیا)، پێشتر یەکسان دەبێت. لەسەر هەموارو نۆژەنکردنەوەی چەمکی ((شێوازمەند))ی مارکسیزم، هەمان چەمک کە گرامشی لە جیاتی ئەنتاگۆنیزمی سەرەکی ((مێژووخوازی ڕەها)) دەیبینی.

ڕاڤەی گرامشی بۆ لینینزم وەک پێویست لینین گرێدراو بە نەریتی مارکسیستی نازانێ، لینین بە خودی مارکس گرێ دەداتەوە. قسەکەی لە کۆنگرەی لیۆن بەوپێیەی کە ((هاوشێوەی بنەڕەتی لە نێوان بەڵشەفیزە کردن و چالاکیەکانی مارکس لە هەناوی جولانەوەی چینی کرێکاردا هەیە))، لە ڕاستیدا داکۆکیکردن لە وژانەوەی ئەنتەر ناسیۆنالی یەکەم لە بری بناخەی ڕاڤەی تیۆری شایانی قبوڵی مارکسیزمە.

وتاری ساڵی 1924، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، نەخشەی هێڵی سەرەکی ڕاڤەی تێکڕایی دەکێشێت. ڕەسەنێتی تیۆری بەڵشەفیزم، لەسەر بناغەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر خراوەتەڕوو. وەفاداری ئەم شۆڕشە بۆ مارکس، هەرگیز بە شێوازی پەینا پەینای فۆرماڵ نییە، لە ڕاستیدا هیچ گەڕانەوەیەک بۆ بنەما بیردۆزەییەکەی نییە، لە قۆناغی دووەم، هاوپەیوەستی لینین و مارکس بۆ نێوانگیری ڕەخنەی مارکسیزم لە ئەنتەرناسیۆنالی دووەم ئەنجام دەدرێت، ڕەخنەیەک کە تایبەت نییە بە سیاسەتەکە، بەڵکو بنەما تیۆریەکانیشی لە خۆ دەگرێت. لە ڕوانگەی گرامشی خاڵی سەرەکی شیکردنەوەی لینین، ئەوەیە کە لینین جەوهەری تیۆری شۆڕشگێڕی مارکسیزمی پاراست و لەم ڕێگایەوە، توانی ناوکی فەلسەفیەکەی ئاشکرا بکاتەوە.

له دەقی 1924، لینین بە((داهێنەری گەورە)) زانراوە، پیاوێک کە پرۆلیتاریای ڕوسی بەرەو سەرکەوتن ڕینوێنی کرد: ((لە کاتێکدا ڕووداوەکانی سەردەم بەهۆی چاوپێداخشاندنەوەی گونجاو، ئاشکراترو ڕوونتر بوون. دەبێت لینینزم بە بەدیهێنەری مارکسیزم بزانی.)) گرامشی لە یاداشتەکانی گرتووخانە باسی ((پێگەی ئیلیچ {لینین})) دەکاتەوە: ((وەسفێک کە دەبێت پێی بگەی، مارکسیزم لە جیاتی زانست و کردەیە.)) لە ڕوانگەی گرامشی مارکسیزم - لینینزم لە چەمکە بنەڕەتیەکانی بیردۆزەی مارکسیزم بناغەی تیۆری دەدۆزێـتـەوە، کەلە ڕووداوە مێژووییەکان جیاوازە. پەیوەندی هەردووکیان نەک لەسەر بناخەی نەریتێک، بەڵکو دەبێ بە هۆی چەمکە گونجاوەکان بۆ مارکسیزم تێی بگەی.

پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، مارکسیزم تەنیا بیردۆزێک نییە، گواستنەوە لە زانست بۆ کردە، واتا گواستنەوە لە توانینی تیۆری بۆ کاریگەری مێژوویی. گرامشی خێرا بۆی زیاد دەکات کە ئامادەیی زانستی مارکس، قەت بە هۆی ئاشکراکردنێک نییە، کە بیکاتە ئەندامی فەخری تەلاری بیرمەندان، بەڵکو بەهۆی پڕژانیەتی بۆ مەسەلەی پێکهاتەی مرۆڤە. هیچ کەس پێش مارکس ((چەمکداڕێژی ڕەسەن و یەکگرتووی جیهانی نەخستبووە ڕوو.))، هەروەها هیچ کەس شیمانەی ڕوودانی قۆناغێکی تازەی لە پێکهاتەی مێژوویی بە بناغەی پێویستی بۆ ڕێگایەکی تازەی بیرکردنەوەو تێپەڕاندنی تەواوی ناڕەزاییەکانی نەزانی بوو، ناڕەزاییەک کەلە هەمان بەرایی تێفکرین، وەک تاعونێک هەڕەشەی لێدەکرد.

لینین وارسی ڕاستەقینەی ((تێزەکانی فیورباخ))ە، چونکە لە ڕێگای چاکسازی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان بە شێوازێکی مێژوویی، ڕێی بە مارکسیزمدا واز لە قۆناغی ڕەخنە بێنێت و ((شارستانیەت))ی نوێ دابهێنێت. گرامشی ناتوانێت ئەفراندنی دنیای تازە بداتە پاڵ مارکسیزم، چونکە لە ڕوانگەیەوە ئەم داهێنانە یەکسانە بە لە دایکبوونی شێوەی

نوێی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان، بەهۆی خستنەلاوەی پەیوەندی سەرمایەدارانەی بەرهەم هێنان، دەتوانی سنوورەکانی جیهانبینی، کە هەمان سنورەکانی فەلسەفەشن. هەربۆیە ((پێوەری مارکس و ئیلیچ {لینین} بە مەبەستی دیاریکردنی قاتبەندی، گەمژانە و بێکەڵکە. هەردووکییان، دەربڕی دوو قۆناغن: زانست و کردە، دوو قۆناغێک کە لە ئانێکدا یەکسان و نایەکسانن.)) مارکس دەیتوانی بانگەشە بکات کە چارەسەری کێشەکانی تیۆری ((هەرگیز کێشەی تێگەیشتن نییە، بەڵکو کێشەی ڕاستەقینە لە ژیاندایە، کێشەیەک کە فەلسەفە ناتوانێت بە تەواوی چارەسەری بکات، چونکە لە ڕوانگەی فەلسەفە، مەسەلەکە تەنیا تیۆرییە.))، بەڵام مارکس نەیتوانی تێی پەڕێنێت.

لای گرامشی، پەیوەندی لینین و مارکس دەرەنجامی چەمکداڕێژیەتی بۆ مارکسیزم لە جیاتی مێژووخوازی ڕەهایە. دەربارەی ڕاڤەی ئەنگڵز کە چینی کرێکار فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیایان بە میرات گرتووە، هەروەها دەکرێت هەر ئەوە بگوترێت. لە یاداشتەکانی گرتوخانە، لە شوێنێک ئەم پرسیارە دەکرێت کە گرامشی دەیسەلمێنێت شرۆڤەی مارکس بۆ فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی ناتوانێت تایبەت بێت، دەبێت لە پەیوەندی بە پێکهاتەی کەلتوری بۆرژوازی، لە نوێوە شیبکرێنەوە. تێکڕای ئەم ڕاڤەیە لە مێژووەکانی ناسراو بە مارکسیزم دوورە، بە تایبەت لەم بڕیارەی ئەنگڵز کە نەریتی کەلتوری جوڵانەوەی چینی کرێکار ناتوانێت لە کراوەترین دەسکەوتەکانی تیۆری بۆرژوازی جیا بکەیەوە. بە ئاشکرا مارکسیزمی گرامشی لە هەرجۆرە یەکگرتنێک لەگەڵ نەریتەکان ڕەتدەکاتەوە، کە لە خەباتی سیاسی و بەکردەوە پێشکەوتنی چینی کرێکار دووربکەونەوە. دەکرێت هەمان چەمک لە دەستەواژە تێکڕاییترەکانی دیکەشیدا ببینی. کە بەم چەشنە پێناسەی مارکسیزم دەکات: ((تیۆرێک بۆ ئەو چینە کە دەیەوێت ببێتە دەوڵەت.)) مارکسیزم بە هۆی خستنەڕووی چاکسازیەک لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی

بەرهەم هێنان، تەنیا ڕەخنەی تیۆری گێچەڵی فەلسەفی نییە، ((دیالەکتیکی ڕاستەقینە))یانە. پرۆلیتاریا لەوێ دەبێتە وارسی فەلسەفە کە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێ، ئەو بەڵێنە بنەڕەتییەی بردەسەر کە بەوپێیە، پێکهاتەی مێژوویی بۆ کەلتوری نوێ کۆتایی دێت، فەلسەفە بەکردەوە لە ناویدا ڕوانینێکی نوێیە بۆ جیهان. بەپێی ئەم ڕوانینە، ڕەخنەکانی فەیلەسوف بەهۆی پەیوەندی نوێی ڕووناکبیران و جەماوەر، بەشێوازێکی مێژوویی بەدی دێت.

لە ڕوانگەی گرامشی، ئامادەیی یەکلاکەرەوەی ماتریالیزمی فەلسەفی لە بەڵشەفیزم و نەریتی لینینستی مایەی شەرمە زارییە، بەمەش دەبێت ئەم نەریتە لە هەرجۆرە بیروبۆچونێکی تیۆری بە تاڵ بکرێتەوەو مانایەکی مێژوویی پێبدرێ. گرامشی لە شرۆڤەی گۆڕانی شێوازەکانی کە مارکسیزم لە یەکەم قۆناغی خۆی بە ناونیشانی ((چەمکدارێژی گروپی کۆمەڵایەتی بندەست)) تێی پەڕاندن: ((لە مێژووی کەلتور، کە پانتاییەکەی زۆر لە مێژووی فەلسەفە فراوانترە، هەر کە کەلتوری خەڵک بەهۆی ئەزمونی قۆناغی شۆڕشگێڕی بوژاوەتەوەو مسی چینێکی نوێ لە بەردی کانزایی خەڵک دەرکەوتووە، کاتی بوژانەوەی ((ماتریالیزمەو لە خاڵی بەرامبەری، چینی باو پەنایان بردۆتەبەر فەلسەفەی ((ڕۆح)).)) گرامشی یەکسەر بۆی زیاد دەکات: ((چەمکدارێژی ماتریالیستی لە ڕوانگەی سیاسی نزیک خەڵک، لە ((ئەقڵی ساغ)) نزیکە.)) دەکرێ جەختکردنەوە لە ماتریالیزمی فەلسەفی بە سەرانەیەک بزانی کە بەڵشەفیزم لە ناوەندێک دەکۆڵێتەوە کە تێیدا پێکدەهات و کاری دەکرد، تا ئەم ناوەندە ببێتە پاڵپشتی. سەرەڕای ئەم کارە یەکێتی تیۆری ناخاتە مەترسیەوە: ((پیاوی فەلسەفە لە سیاسەت دەنوسێت: بە زەین دەگات دەبێ لە نوسینەکانی دەربارەی سیاسەت، بۆ فەلسەفەی ((حەقیقی))ەکەی بگەڕێی.))

لە ئەنجامدا، لێکدژیەک لە نێوان تیۆری سیاسی لینین و پێگەی لە مشتومڕە فەلسەفیەکاندا هەیە لە ڕوانگەی گرامشی، ئەگەر هاوپەیوەندیەک لە تێڕوانینی لینین لە سەرەتاوە تاکۆتایی هەبووبێت، دەبێت لە بە گژداچوونەوەی ئابوری باوەڕی بۆی بگەڕێی.

تیۆری هەژمونی کە ئاڕاسنەکەری تاکە وەڵامی بڕواپێکراو بۆ بەرگری پەکی خراوە، لە تیۆری شۆڕشدا بەردەوامە هیچ نییە، بێجگە لە دوا قۆناغی مشتومڕی تیۆری کە ڕەگەکەی لە تیۆری حزبدایە. ڕوانگە ((دژە شۆڕشگێڕە)) زۆرەکان کە لینین گرفتاریان دەبێت، هەموویان لە تیۆری ئابوری باوەڕانە، سەندیکالیستی یان ڕیفۆرمیستی کورت دەبنەوە. تیۆری خۆڕسک، کە دەوری حزب و تیۆر بەوپێیە گرنگ نییە، چونکە ((مرۆڤەکان بە خۆڕسک، ئۆتۆماتیک، لە ژێر گوشاری ڕووداوەکان کاردەکەن)) شتێک نییە، بێجگە لە ئاکامێکی تری ((ئابوری باوەڕی)) کە لە ڕێگای نیشانە دیارەکانی خۆی وەک سەندیکالیزم و ڕیفۆرمیزم، تێکڕای ئەنتەرناسیۆنالی دووەمی لە خۆگرتبوو. پێشگریمانەی تێکڕاییە کە خەباتی چینایەتی ((دەتوانن خۆڕسکانە بە دواڕۆژی سەرمایەداری کۆتاییان بێت، بە خەڵێک کە کۆمەڵگای نوێ لە هەناویدا لە دایک دەبێت.))

ئەگەر پەسەندی بکەین تایبەتمەندی سەرەکی تێفکرینی لینین بەگژداچوونەوەی ئابوری باوەڕی و تیۆری ڕێکەوتە، لەم کاتەدا بەهۆی بەستنەوەی ئەو ڕوانینە بە فەلسەفەی هاوڕێک لەگەڵی تووشی کێشە دەبین. خودی ئابوری باوەڕی بە هۆی ماتریالیزمی مێژوویی ناتوانێ حەتمی بێت، مەگەر ڕەهەندی فەلسەفەکەی خۆی بدۆزێتەوە. گرامشی هەوڵدەدات نیشانی بدا کە لە ڕێگای ئەم دژایەتی دەروونیەی تێفکرینی لینینەوە، گرنگترین داهێنانی تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی دەتوانێت لە ڕێگای ڕوانگە ناشۆڕشگێڕیەکان، لە نوێوە بۆخۆی کێش بکات.

زۆربەی فۆڕم پێدانی مارکسیزم – لینیزم دوای مردنی لینین، جۆرێک پێشگریمانەی ئەو شتە بوو کە بووە ((مارکسیزمی ڕوسیا)). لێرەدا پێویستە داکۆکی گرامشی لە ڕاڤەی مارکسیزم – لینیزم پەسەند بکەین کە سەراپای لە لایەنگریەکانی فرەجۆری هەبووی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستت، جیاوازە.

لە وەڵامدانەوەی ئەم تێزەی گرامشی کە ((لینیزم چاوپێداخشاندنەوەی جیهانییەو تەنیا تایبەت نابێت بە پرۆسەی شۆڕشی پرۆلیتاریا))، بۆردیگا ڕەخنەی لە حزبی ئیتاڵیا گرت کە جوڵانەوەی کرێکاری ئێرۆپانیی جیهانی تایبەتی خۆی بۆ مارکسیزم هەیە، لینین لەم ناوەدا بە ڕیڤیزییۆنیست دانانرێ، بەڵکو درێژەی هەمان ڕێیە – ڕاڤەیەکە بۆ لینیزمیش بە هەمان ئەندازە ڕاست دەکات. پێگەی بۆردیگا دەرەنجامی نزیکێتی بۆ ئێکرای ڕاڤەی باوی پێشتری مارکسیزم. تەنانەت تیۆرداڕێژانی گەورەی چەپی ئەڵمانی، کە لە ئەنتەرناسیۆنالیزمی دووەم بە توندی پەلاماریان درا، لە پەسەند کردنی چەمێکی نوێی مارکسیزم – لینیزم زۆر دووربین بوون.

پەسەندکردنی لینیزم وەک سیستەمێکی هزری لێکجیاو ڕەتکردنەوەی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم، سەرچاوەی لە باوەڕی گرامشی گرتووە کە ((گەڕانەوە بۆ مارکس)) لە تەواوبوونی ئاماژە داهێنانەییەکەی بە دەرە کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری هەبوو، نەشیاوە. هەربۆیە لە نوسینەکانی 1926 – 1925، بەڵشەفیزم بە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ مارکس دەناسرێت و ئامانج لە خەبات بۆ دەنگۆی لینیزم، وەستانەوە لە بەرامبەر ڕیڤیزیۆنیزمە.

کاتێک مارکسیزم – لینیزم هەندێک لە کەسایەتیەکانی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنالی دووەمـی لە نوێ پێشنیاز کرد، لینیزم گۆڕا بۆ خاڵی پەیوەندی ((نەریتی شۆڕشگێڕی)) کە بە شێوازێکی نارەخنەییانەی بە شە دواکەوتووەکانی ڕابـردووی لەخۆ دەگرت، گرامشی دژی پلیخانۆف هەڵوێستی گرت و پەیوەندی بە لابریۆلاوە کرد.

((شکڵ پێدانی کێشە فەلسەفی))ەکەی، بووە خاڵی بەرایی بۆ ئەم

پێکهاتە و پێشکەوتنە کە باوەڕی بە ڕوانینی جیهانی هێناو هەنگاوی بۆ پاراستنی بنەماکانی لینیزمی سیاسی هاویشت. لابریۆلا لە بەرهەمەکانی بەرایی گرامشیدا ئامادەیە، بەڵام ڕاڤەکەی بۆ مارتریالیزمی مێژوویی پێشتر بێکەڵک و کۆن ببوو.

ڕووخساری نوێی لابریۆلا لە ساڵی 1925 دەرکەوت و لە جیاتی لابریۆلای چەند وتارێکی دەربارەی چەمکداڕێژی ماتریالیزمی مێژوویی، لابریۆلای سۆسیالیزم و فەلسەفە بڵاوکردەوە. جەختکردنەوەی لابریۆلا نەک لە سەر ڕاڤەکاری دژی زۆرەملێیانەی ماتریالیزمی مێژوویی، بەڵکو لە ڕوانگەی بۆ فەلسەفەی مارکسیزم بوو، ئەگەر گرامشی لە نوسینەکانی بەرایی هەوڵیدا لابریۆلا بخاتە باسەکانی دژی پۆزیڤینستیەوە، لە قۆناغی دووەم لابریۆلا لە پانتایی ئەزمونی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم مانای بۆی هەبوو. ئامادەیی تەواوی لابریۆلا لە ڕاپۆرت بۆ کۆمیتەی ناوەندی خاڵێکی گرنگە، کە بە فەرمی سەرەتای بەڵشەفیزەکردنی حزبی ئیتاڵیای دوای کۆتایی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی پێنج بوو. گرامشی پاش نوسین نامەیەک بەدوای یەکدا، لە ساڵی 1926 هاوپێچی ڕاپۆرتی باسەکانی حزبی ڕوسیە نێردرابوو، نوسی: ((من چاوەڕێی دەقی ڕاستکراوە و تەواوی نامەکانی ئەنتۆنیۆ لابریۆلام بە پێشەکی ڕیازانۆف. بۆ ژمارەی یەکەمی (ئاوردینی نۆف) پێویستم پێیەتی. دەبێ پەلە بکەین)) بڕیار بۆ بڵاوکردنەوەی نامەکانی بۆ ئەنگڵز، کە یەکسەر دوای گرتنی لە (ستاتۆ پرایڤ) بڵاوکرایەوە، بەشێک بوو لە خەباتی سیاسی و تیۆری.

گرامشی لە نوسینەکانی گرتوخانە، بە گشتی گەشەی بەم ڕوانینە نوێیە جیهانییە نەداوە. تەنیا دەستنوسی تیۆری بۆ فراوانکردنی هەژمونی سیاسی چینی کرێکار لە ناوچەیەکی دیاریکراو ڕەخساند. لێرەدا دەتوانین جارێکی دیکە بپرسین ئایا قسەکردن لە تیۆری مارکسیزمی گرامشی ئاسانە یان نا، ئەگەر پەسندی بکەین گرامشی لینیزمی بە وەرزێکی نوێی مێژووی

مارکسیزم دەزانی، وەڵامێکی نەرێنییە. لینین دەسپێکی لایەنگری سەلماندنی بۆ ئێکرای فەلسەفەی مارکسیزم ئاڕاستەکرد، نەک تەنیا بەشی تایبەتیی، هەرچۆنێک بێت، لە ڕوانگەی گرامشی بەدیهێنانی ئەم لایەنگریە لە ئاستی سیاسی و کەلتوری پێکهاتنی مارکسیزم ((سەنتێزی نوێ))ی لێدەکەوێتەوە.

لینین لە جیاتی تیۆرسێنی چەمکی هەژمونی، ((هەڵسەنگاندنەوەی بەرەی فەلسەفی)) بە پێویست دەزانی، بەڵام بە هەرحاڵ بۆخۆی چەکە گونجاوەکانی ئامادە نەکردووە، کە بۆ ئەم هەڵسەنگاندنەوەیە پێویستە. دەکرێ ئەم هەڵسەنگاندنە لە هەناوی شرۆڤەی ڕەخنەیی دوبارەی پەیوەندی نێوان مارکسیزم، جوڵانەوەی کرێکاری و کەلتوری مۆدێرن دەربکەوێت. دەبێت لە چیدا بکرێت؟ گرامشی حزب تیۆری شۆڕشگێری لە خۆگرتووە، تا ئاستێک مارکسیزم بە شێوەیەکی ڕەخنەیی بە ئێکرای شێوازی زانیاری هەبوو دەبەسترێتەوە، کە لە عەقڵی ساغی جەماوەرەوە بیگرە تا باشترین نمونەی کەلتوری ئەوروپی. کاتێک گرامشی بەڕاشکاوی ڕایگەیاند کە مێژووی پێشتری جوڵانەوەی مارکسیزم نەماوەو مارکسیزم نەیتوانیووە پەیامەکەی دەربارەی ((پێشینەدان بە گرنگترین ئاماژەی کەلتوری خولاوە، فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، ڕابپەڕێنێ و گرووپێکی ڕووناکبیران ڕێکبخات کە چەمکداڕێژی تازەی دنیا بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی نوێ ئەنجام بدەن))، نەک ڕەخنەگری نێونەتەوەیی دووەم بوو، بەڵکو چ لە ڕوانگەی مێژوویی و چ لە ڕوانگەی تیۆری، لە ئێفکرینی لینین جیاببۆوە.

چینی کرێکاری ڕوسیە لە ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێک بۆخۆی، توانیبووی ببێتە وارسی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیا، بەڵام بۆ پچڕانی پاشماوەی ئەڵقەکانی زنجیر، پێویست بوو مارکسیزم دووبارە ناسنامەی خۆی ئاشکرا بکات: ((لە زەین دابوونی کە فەلسەفەی کار ستراکتۆری سەربەخۆو بێلایەن لە ئێفکرینی ئەنتاگۆنیزم لەگەڵ ئێکرای فەلسەفەکان و ئایینە باوەکان نییە، واتا لە ڕاستیدا، ئەگەر تاک بە کردەوە تەسلیم نەبووبێت،

دەبێ پەیوەندی خۆی بە جیهانی کۆن بپارێزێت.)) ئەم کردەوەی کاتێ لەگەڵ چەمکی مێژووخوازی ڕەها دەربارەی هەڵدەسەنگێنێت کە گرامشی بەدواوەیەتی، گریمانەیەکی لەکەدار نەبووە بۆ ئەفراندنەوەی سەنتێزی نوێی نێوان ماتریالیزم و ئایدیالیزم، سەنتێزێک کە لە ڕاڤەکاریەکانی مارکس لە بیرکرابووK بەم حاڵە سەنتێزی نوێ بە دەست نایەت. گرامشی بۆخۆشی قەت بۆ بە دەستهێنانی واخۆی پیشان نەداتK بە تەواوکردنی ڕەخنەی فەیلەسوفی تاکیەت بە شێوازی جیاجیا، کە هەم لە هەناوی مارکسیزم و هەم لە دەرەوەی بەرهەم دەهێنرێتەوە، تەنیا جوڵانەوە لەجیاتی یەک لە تێکڕایە کە دەکرێت ئەم سەنتێزە نوێیە بئەفرێنێت: ((پەیامێک کە لە سەرەتای جوڵانەوەی ڕووناکبیری تاکیەت (مارکس و ئەنگڵز) کرێکارانی خاوەن توانای زانستی (وەک دایتزگن، کرێکاری ئەڵمانی) دەیانهێنایەئارا، ئەمڕۆ لەسەر شانی حزبی کۆمۆنیست و ئەنتەرناسیۆنال لە بری یەک لە تێکڕایە.))

تا هەنوکە ڕووناکبیرانی کۆمەڵی مارکسیزمی نوێیان نەهێناوەتەدی. پڕۆژەی گرامشی لەئاستی پڕۆژە ماوەتەوە. پێشکەوتنەکانی چینی کرێکار، بە هەمانشێوە کە بـەردەوام گـوتـراوە، ((باڵادەستی هەنگاو))ە.ئەم چینەهیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەک و پێشکەوتنێکی نوێی بۆ زانستی سیاسەت نەخستۆتەڕوو. هەمان بارودۆخ بۆ پڕۆژەکانی تری گرامشیش ڕاستە، بۆ هێنانەدی مارکسیزم لە جیاتی ڕوانینێکی یەکگرتوو بۆ جیهان بەمەبەستی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی جیاواز.

واقعیەتە کە هیچ ڕووناکبیرێک بۆ ڕێنمایی کردنی ئەم پڕۆژەو بەدیهێنانی سەری هەڵنەداوە، لە ڕاستیدا دەکرێ مارکسیزمی گرامشی بە جۆرێک ((مارکسیزمی پارچە پارچە)) بزانی. ڕاڤەکاریەکەی بۆ ماتریالیزمی مێژوویی لە بری زانستی مێژوو سیاسەت، ئاماژەی بە کەڵکی بۆ مێژوونوسی تێدایە، زانستێک کە، هەرچۆنێکبێت، لە کامڵبووندایە. مێژووخوازی ڕەها

له یەکەم قۆناغی خۆی بۆ نەریتی مێژووخوازی شاراوە گۆڕا کە چوارچێوەی کەلتوری ڕووناکبیرانی باوە. کاتێک کە شرۆڤەی تیۆری مارکسیستی بەردەوام بوو، مێژووخوازی ڕەها لەسەر ئەم بۆچوونە هەڵەیە فووی لە ئاگری دوبەرەکی و ناکۆکی کرد کە کاری گرامشی، دەوری تیۆر ڕەتدەکاتەوە. باوەڕبووان بەم بۆچوونە، ڕەنگە تا ئەو ئاستە مافی خۆیان بێت کە بزانن لای گرامشی، تەنانەت لای تێکڕای جوڵانەوەی کرێکاری، هیچ جۆرە دەورێکی داهێنەری بۆ فەیلەسوفی تاکیەت لە زەین نەگیراوە و مێژووخوازی ڕەهاو زانستی مێژوو سیاسەت، بۆ بەرهەمهێنانی تیۆری پێویستی بە شێوازێکی جیاوازە.

ئەم بانگەشەیە کە دەکرێت کاری گرامشی بە تیۆری گشتی بزانی، واتا ڕەتکردنەوەی ((گرامشی پارچە پارچە))یە، بەڵام هاوکات داکۆکی لەم خاڵە دەکا کە ڕاڤەی گرامشی بۆ مارکسیزم، لە بەگژداچوونەوەی شێوازمەند بە خاڵی قەیرانی ئەم تیۆرە گەشە دەکات، وەڵامی تاکیەت لە پەیوەندی بە کاریگەری دوولایەنە پێکدێن. ئەم ڕاڤەکاریە ((سیستەمی ڕێساو شێوازی دروست و نەبینراو))ە کە ناتوانرێ توخمە تاکە داتاشراوەکانی جیابکەیەوە. ئامانج، لە بێژینگدانی مارکسیزم بۆ جیاکردنەوەی ئەو گەوهەرانەیە کە تێکڕای قۆناغی مێژوویی مارکسیزم لەسەریان وەستاوەتەوەو جێگیرکردنی توانینی پێویست بۆ هێنانەدی مارکسیزمە لە داهاتوو.

بەڵام جوڵانەوەکە هەرگیز شایستەی ئەم پەیامە نەبووە: پڕۆژەی تیۆری گرامشی بۆخۆی قوربانی شۆڕشی ناچالاکە، بەڵام شۆڕشی ناچالاک هێشتا بە خەبەرە. ڕەنگە پشت بەستن بە کامڵبوونی ئەم شۆڕشە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێویست بێت کە هێشتا گرامشی لە نێوان دوو جەمسەری لێکدژ، پەکخراو دەهێڵنەوە: ئایا کارەکەی یۆتۆپیای بە هێزو ساغ، لێوانلێو لە ئاماژەی کەلتوری لەخۆ دەگرێ، یان هەوڵێکە بۆ دیاری کردنی ڕەفتاری تیۆری و سیاسی چینی کرێکار لەسەردەمی ڕووخانی

شێوەی بەرهەم هێنان، لەو کاتەدا دەترسان کە ئەوەی مردووە، بتوانێت ئەوەی زیندووە بخاتە مەترسییەوە، لە شرۆڤەی کۆتایی ناوەڕۆکی کرداری شێوێندراوە. کاتێک گرامشی دەربارەی چەمکی شۆڕشی ناچالاک، ڕایگەیاند ئەم چەمکە ((ئەننی تێزێک پێشگریمانە دەکات، یان باشترە بڵێین، پێشبینی دەکات، کە دەتوانێ سەرسەختانە توانای ڕسکاندن ئاڕاستە بکات))، بەڵام واتای تێکڕای لێکۆڵینەوەی تیۆری لەم وشانەدا، کۆکردۆتەوە.

**ئەم دەقە وەرگێڕانێکە لە:**

– Leonardo Peggy, Grimace›s General Theory of Marxism, in TELOS: a quarterly of radical thought, No. 33, Fall 1977.

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سا ڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |